

# ئێستا لەهەموو کوردستان پێویستی بەیەکڕیزی و



# کاتێک زیاتر یەک هەڵوێستی نیشتمانی هەیە



زۆرجار دەگوترێت هەرێمی کوردستان وەك کەشتیەکی گەورە وایە و هەموومانی بەجیاوازی بیروبۆچوونی سیاسیی و نەتەوەیی و ئایینییەوە لەخۆی گرتووە، ئەم کەشتیە ئەگەر بەسەلامەتی بگاتە مەنزڵ هەموومان دەگەیەنێتە ئامانج و ئەگەر خوانەخواستە دووچاری مەترسی بێتەوە، چارەنووسی هەموومان دەکەوێتە مەترسیەوە، بۆیە ئەگەر لەناو کەشتیەکە بیروبۆچوونە جیاوازەکان تارادەیەك هاودەنگ و هاوهەڵوێستیش نەبن ئەوە کارێکی ئاساییە، بەڵام کار گەیشتە سەر ئەوەی کەشتیەکە کەوتە بەر هەڕەشەی دەرەکی یان لەخاڵێکدا پێویستی بەوە بوو لەمەترسی و تەحەدییە دەرەکیەکان دووری بخەینەوە یان بەرگری لێ بکەین، ئەوا لەم کاتەدا پێویستە هەموو بیروبۆچوونە جیاوازەکان لەخاڵێکدا یەکبگرنەوە و لەپێناوی سەلامەتی کەشتیەکەدا یەك دەنگ و یەك هەڵوێست بن، بۆ ئێستای هەرێمی کوردستانیش حاڵەتەکە تەواو هاوشێوەی ئەو کەشتیەیە کە لەناو دەریای گۆڕانکارییەکان و هاوکێشە نێودەوڵەتیەکاندا نەك تەنیا چارەنووسی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی پێوە گرێدراوە، بەڵکو بۆتە ئەو هیوایەی کە هەموو کوردستانییەکان لەبەرچاوی ئومێدەوە لێی دەڕوانن و سەلامەتی و سەقامگیری هەرێمی کوردستان بەسەرەتای هێنانەدی خەونەکان دەبینن، لەم ڕاستەدا و ئەوەی ئومێد بۆ هەموو لایەك دروست دەکات ئەوەیە کە تەواوی لایەنە سیاسیەکان و پێکهاتە ئایینی و نەتەوە جیاوازەکانی کوردستان (بەداخەوە بێجگە لەبزووتنەوەی گۆڕان) هاودەنگ و هاو هەڵوێستن لەگەڵ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی بەسەلامەتی و سەرفرازی هەرێمی کوردستان لەناو دەریای ئەم گۆڕانکارییانە بگاتە مەنزڵ و سەرەنجام ئەم کیانە ببێتە جێگەی ئومێدی هەموان، بەڵام بەداخەوە لەناو تێکڕای لایەنە سیاسیەکان و تەواوی پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان، بزووتنەوەی گۆڕان خۆی لەکوردستانییەکان جیاکردۆتەوە و هەڵوێستێکی جیاوازی هەیە و هەر جارەی بەبیانوویەك بایکۆتی کۆبوونەوە سیاسیە نیشتمانییەکان دەکات و دەیەوێت درزێك بخاتە ناو ئەو یەکڕیزی و یەکهەڵوێستیەی کە ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان پێویستی پێیەتی، لەوانەیە هەندێك بەو جۆرە سەیری ئەم پرسە نیشتمانییە بکەن بەوەی ئاساییە لەوڵاتێکی دیموکراتیدا هەڵوێستە سیاسیەکان لەهەمبەر پرسێکی سیاسیی دیاریکراو جیاواز بێت، بەڵام ئەم جیاوازییە هەتا لەسەر پرسە ناوخۆییەکان بێت کارێکی ئاساییە، بەڵام کە گەیشتە پرسە نیشتمانییەکان، هەتا ئەگەر ئەو بۆچوونەی کە بەشی زۆری لایەنە سیاسیەکان پەسەندی دەکەن لەگەڵ بەرژەوەندی لایەنێکی سیاسی دیاریکراو یەکیش نەگرێتەوە، ئەوا دەبێت ئەو لایەنە لەپێناوی بەرژەوەندی گشتی نیشتمانی بەرژەوەندی حزبی خۆی وەلا بنێت و هەوڵبدات سەقامگیری وڵات لەو بارە ناسکە بپارێزێت، نەك بەداخەوە وەك ئێستا لەهەڵوێستی سیاسیی بزوتنەوەی گۆڕان بەئاشکرا دەیبینن و ئۆباڵی هەموو ئەو هەڕەشە و تەحدیانەی لەم قۆناخە ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان دەبێتەوە، گرێی بداتەوە بەوەی ئەوە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانە کێشەی دەرەکی دروست دەکات بۆ ئەوەی کێشە ناوخۆییەکانی پێ پەردەپۆش بکات، لەوانەیە یەکێك نەزانێت یان خەڵکی کوردستان نەبێت، لەم لێدوانانەی سەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕان بەو جۆرە تێبگات، سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان پرۆژەی وزەی ئەتۆمی دەستپێکردووە و خەریکی دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمیە و کێشەی بۆ هەرێمی کوردستان دروستکردووە، یان سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاندووە دراوسێکانی داگیر دەکات و بەمەش کێشەی دەرەکی بۆ کوردستان دروستکردووە، لەکاتێکدا

**بێجگە لە بزووتنەوەی گۆڕان هەموو لایەنە سیاسییەکان لەگەڵ سەرۆکایەتی هەرێم بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکان هاوهەڵوێستن**

هەموو چاودێرێك و سیاسەتمەدارێك ئەو ڕاستیە دەزانێت کە شەخسی مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەماوەی ١٠-١٢ ساڵی ڕابردوو لەگەرمەی ڕووداوەکانی خۆ ئامادەکردن بۆ پرۆسەی ئازادی عێراق چەند شەڕی لابەلای لەیەخەی هەرێمی کوردستان کردۆتەوە، لەمەش زیاتر وێڕای ئەوەی نەیویستووە شەڕ دروست بێت، بەڵام هەرێمی کوردستانی گەیاندۆتە ئەو قۆناخەی کە ئێستا خەریکە شەرعیەتێك بۆ ئەم هەرێمە دروست دەبێت کە بەئەمری واقیع وەك دەوڵەت مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و بۆتە سەرەتایەك کە هەنگاوی گەورەتریش بنرێت.

### هەرێمی کوردستان مافی پێشێلکراوەو کێشەو دروست ناکات

ئەو قسە کۆنەی کە دەڵێت: ((کێشەی دەرەکی دروست دەکرێت بۆ ئەوەی کێشە ناوخۆییەکانی پێ پەردەپۆش بکرێت))، ئەگەر بۆ سەردەمانی دەسپێکی شەڕی سارد و کێبڕکێی چەك لەنێوان دەوڵەتانی بلۆکی ڕۆژئاواو بلۆکی سۆشیالیستی ڕاست بووبێت، ئەوا بۆ وڵاتێکی وەك ئێستای هەرێمی کوردستان ڕاست نییە، ئەوەشی ئەم ڕستەیە وەك بنێشتە خۆشە لەهەموو بۆنەیەکدا بەکاردێنێتەوە، دەبێت بزانێت ئەم قسەیە بۆ ئەوە نەکراوە لەسەر هەرێمێکی وەك کوردستان پراکتیزە بکرێتەوە، هۆکاری سادەش بۆ ئەم نەگونجانە ئەوەیە کاتێك هیربەرت مارکۆز ئەم دەستەواژەیەی بەکارهێناوە مەبەستی لەو دەوڵەتە پیشەسازییە گەورانەی ڕۆژئاوا بووە کە ڕێگە نادەن مەدی شیوعی بگاتە وڵاتەکەیان و لەژێر پەردەی ئەوەی گوایە وڵاتەکەیان لەبەردەم هەڕەشەی شیوعیدایە هەموو ئیمکانییەتی خۆی بۆ هەڕەشە دەرەکیەکان تەرخانکردووە و لەسەر ئاستی ناوخۆش هەموو ناڕەزاییەکی بێدەنگ کردووە، ئەمەش جۆرێك لەمرۆڤی تاك ڕەهەندی دروستکردووە و ڕێگەنادات هاووڵاتیان هەست بەو ناعەدالەتیە بکەن کە لەو وڵاتانە بوونی هەیە، ئەم قسەیەی مارکۆزە لەساڵی ١٩٨٩ و لەگەڵ ڕووخانی دیواری بەرلین بووە بڵقی سەر ئاو، لەبەر ئەوەی ئەوە هاووڵاتیانی



ئەڵمانیای دیموكراتی سەر بە بلۆكی سۆشیالیستی بوون دەیانویست وەك هاووڵاتیانی ئەڵمانیای فیدرالی سەر بەرۆژئاوا بژین نەك بەپێچەوانەوە، ئەوە هاووڵاتیانی ئێستای كۆریای باكوورە دەیانەوێت وەك هاو خوێنەكانیان لەكۆریای باشوور بژین نەك بەپێچەوانەوە، ئەوە هاووڵاتیانی چیك و سلۆفاكیا و پۆڵەندا و هەنگاریا بوون دەیانوویست وەك هاووڵاتیانی ئەورووپای ڕۆژئاوا بژین نەك بەپێچەوانەوە، بۆیە ئەو خەونەی ماركۆز پێی وابوو ڕۆژێك شۆڕش لەوڵاتانی دیموكراتی دروست دەبێت و دەوڵەتانی سەرمایەداری دەگۆڕێن بۆ سۆشیالیستی، بەتەواوەتی پێچەوانە شكایەوە و لەناو دەوڵەتانی سۆشیالیستی شۆڕش دروست بوو گۆڕدران بۆ سەرمایەداری، بێگومان مەبەست لەم باكگراوەندە خێرایە بۆ ئەوەیە بەكارهێنانی ڕستە و دەستەواژەی خوازراو بۆ سەردەمێكی جیاواز و هەوڵدان بۆ پراكتیزە كردنی لەسەر بارودۆخێكی جیاواز و لەسەردەمێكی جیاوازدا، بێجگە لەبازرگانییەكی هەرزان بەمەعریفەوە شتێكی دیكە نییە، مەبەستیش لەبازرگانی هەرزان بەمەعریفەوە ئەوەیە، كە لایەنێكی سیاسی خەڵكی خۆی هێندە بەنەزان بزانێت، مەعریفەی خواستراوی لەبەرگێكی خۆماڵیدا پێ بفرۆشێتەوە، ئەمە هەمان ئەو مەترسییەیە كە یۆرگن هابرماس فەیلەسوفی گەورەی ئەڵمانی سەبارەت بەكۆمپانیاكانی ڕاگەیاندن

**بەكارهێنانی ڕستە و دەستەواژەی خوازراو بۆ سەردەمێكی جیاواز و هەوڵدان بۆ پراكتیزەكردنی لەسەر بارودۆخێكی جیاواز و لەسەردەمێكی جیاوازدا، بێجگە لەبازرگانییەكی هەرزان بەمەعریفەوە شتێكی دیكە نییە**

هەستی پێكردووە و ڕاشكاوانە ئاماژە بەوە دەكات، كە كۆمپانیاكانی ڕاگەیاندن زانیاریان كردۆتە شمەكی بازرگانی و هاووڵاتیانیان كردۆتە موشتەری بۆ ئەوەی زانیارییەكیان وەك شمەك پێ بفرۆشنەوە، لەكاتێكدا كاری سەرەكی ڕاگەیاندن گەیاندنی زانیارییە نەك فرۆشتنی زانیارییەكان، هاووڵاتی موشتەری نییە زانیاری لە بەرگی دیكەدا بكرێت، بەڵكو هاووڵاتی مافی خۆیەتی زانیاری ڕاستی دەست بكەوێت، ئێستا بەداخەوە ئەو پەتایەی یۆرگن هابرماس لێی دەترسێت لەرۆژهەڵات و لەوڵاتی خۆشمان حزبە سیاسیەكان بەهاوشێوەی كۆمپانیاكانی ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوا زانیارییەكان دەكەنە كەلوپەلی ئایدیۆلۆژی سیاسیی خۆیان و بەرژەوەندی حزبی خۆیان چۆن بخوازێت بەو جۆرە و وەك بازرگانییەكی سیاسیی بەهاووڵاتیانی دەفرۆشنەوە، لەم ڕوانگەیەوە جێگەی خۆیەتی ئەو پرسیارە بكەین، ئایا ئەو كێشە دەرەكیانە چین كە سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان بۆ خەڵكی كوردستانی دروستكردووە و سەرەنجام ئەو كێشانە بوونە هۆكاری ئەوەی كە هەموومان لەشەرەوە تێوە بگلێن؟ یان ئایا ئەو هەڕەشە دەرەكیانە چین كە سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان دروستی كردوون و ئێستا سەرۆكایەتی هەرێم دەیەوێت لایەنە سیاسیەكان ببنە پاشكۆی؟ وەڵامی ئەم دوو پرسیارە بەچەند خاڵێك دەدەینەوە:

١- لەماوەی ئەو ٢٠ ساڵەی كە هەرێمی كوردستان وەك ئەزموونێك بوونی هەیە و بەدیفاكتۆ وەك دەوڵەت مامەڵەی لەگەڵ كراوە، هەتا ئێستا هەرێمی كوردستان لەگەڵ هیچ كام لەدەوڵەتە دراوسێكانی لەشەر تێوە نەگلاوە و هەوڵدراوە بەئاستی دیبلۆماتیەتێكی بەرز و لەچوارچێوەی ئەو هێز و ئیمكانییەتە كەمەی لەبەردەست بووە هەرێمی كوردستان لەشەڕی دەرەكی بپارێزرێت.

٢- لەماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوو چەندین جار لەلایەن دەوڵەتانی دراوسێوە سنووری هەرێمی كوردستان بەزێنراوە و چەندین جاریش هەڕەشەی داگیركردن و سڕینەوەی ئەم هەرێمە كراوە، بەڵام ئەم هەرێمە لەژێر سایەی سەركردایەتی بارزانی بۆتە ئەو كیانەی كە هەموو دەوڵەتانی دراوسێ بەهەردوو دەوڵەتی توركیا و ئێرانیشەوە كونسوڵخانەی خۆیان لەهەولێر كردۆتەوە، بەتایبەتیش توركیا كە ئێستا هەموو دەبینن سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوەی توركیا ئامادەن لەژێر ئاڵای كوردستاندا سەردانی ئەم هەرێمە بكەن و ئاڵای كوردستان هاوتای ئاڵای توركیا دابنرێت.

٣- لەپێش ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن و لەمیانەی ئامادەباشییەكانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بۆ قۆناخی دوای ڕژێمی سەدام حوسێن، بەشاهیدی هەموو ئۆپۆزسیۆنی عێراقی ئەوەی ڕیزەكانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بەیەكگرتوویی هێشتۆتەوە، ڕۆڵی سەركردایەتی سیاسی كوردستان بەگشتی و بەتایبەتیش شەخسی سەرۆك مەسعود بارزانی بووە، تەنانەت لەكۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراق ڕۆڵی سەرۆك بارزانی بەو ئاستە بوو كە بۆ ڕۆژی دواتر سەعد بەزاز سەرنووسەری زەمانی لەندەنی وتارێكی نووسیبوو بەناونیشانی (ئەگەر بارزانی نەبوایە) واتە ئەگەر بارزانی لەو كۆبوونەوەیە نەبوایە چۆن ئەو كۆبوونەوەیە كۆتایی دەهات، بێگومان بەئەنجامێكی باش كۆتایی نەدەهات.

**هەموو چاودێرێك و سیاسەتمەدارێك ئەو ڕاستیە دەزانێت كە شەخسی مەسعود بارزانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان لەماوەی ١٠-١٢ ساڵی ڕابردوو چەند شەڕی لابەلای لەیەخەی هەرێمی كوردستان كردۆتەوە**

٤- لەدوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام دووبارە بونیادنانەوەی عێراق و لەداڕشتنی یاسای کاتی ئیدارەی دەوڵەت و پاشتریش لەداڕشتنی دەستووری عێراقدا، ڕۆڵی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بەگشتی و هەردوو سەرۆك بارزانی و تاڵەبانی بەڕاشکاوی دیارە و هەموو جیهان شاهیدی ئەوەیان بۆ دەدا ئەگەر ڕۆڵی کورد نەبوایە لەپرۆسەی سیاسی عێراقدا، عێراق دەبووە گۆمی خوێن.

**سەرۆکی کوردستان داکۆکی لەمافەکانمان دەکات و کێشە بۆ گەلی خۆی دروست ناکات**

ئەمە یەکەمجار نییە لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی و تەنانەت ناوخۆش، هەڵوێستەکانی بەڕێز مسعود بارزانی لەگەڵ بەرژەوەندی هەندێك دەوڵەت و لایەن و تاقم و گروپ یەکناگرێتەوە، هەربۆیە هەموو کات لەلایەن ئەوانەی بەرژەوەندییەکانیان لەئاکامی هەڵوێستەکانی بارزانی زیانیان پێدەگات، ئەو کات پەنا بۆ هەندێك قسەی دروستکراو دەبەن و دەیانەوێت لەهەمبەر هەڵوێستی بارزانیدا خۆیان نمایش بکەن، ئەم هەڵوێستانەی بارزانی نەك لەدوای ئەوەی بۆتە سەرۆکی هەڵبژێردراوی کوردستان جێگەی هەڵوەستە و تێڕامان بوون، بەڵکو لەو کاتەی هیچ ئومێدێك بەشۆڕش و بەرخودانیش نەمابوو، ئەو کاتە بەڕێز مسعود بارزانی وەك پێشمەرگەیەکی کوردستان لەڕیزی پێشەوەی بەرەکانی جەنگ بووە و داستانی مەزنی خواکوڕکی تۆمارکرد، کە لەو داستانە مێژووییەدا پێشبینیەکانی خۆی بەهەموو جیهان ڕاگەیاند کە بارودۆخەکە گۆڕانکاری بەسەردا دێت، لێرەدا گرنگە هەندێکیان بەیاد بێنینەوە:

١- بەڕێز مسعود بارزانی کە لەساڵی ١٩٩١ سەرۆکی بەرەی کوردستانی بوو لەناوەوەی وڵات، لەشاری حاجی قادری کۆییەوە بەهەموو گەلی کوردستانی ڕاگەیاند، دەبێت لەکوردستان دەوڵەتی قانوون دابمەزرێت و دەسەڵات بگەڕێتەوە بۆ گەلی کوردستان، لەم پێناوەشدا هەر لەساڵی ١٩٩١ دوای هاتنەوەی سوپای عێراق سەرکردایەتی شەڕی کۆڕێی کرد و ئامادەبوو لەپێناوی پاراستنی دەسکەوتەکانی ڕاپەڕین وەك پێشمەرگەیەك خۆی فیدای خاکی کوردستان بکات. ئەم مقاوەمەتەی سەرۆك بارزانی لەساڵی ١٩٩١ کە دواتر بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجوومەنی ئاسایشی بەدوادا هات، بووە ئەو ئەزموونەی ئێستا هەموو کورد بەچاوی ئومێدەوە لێی دەڕوانن.

**ئەو پەتایەی یۆرگن هابرماس لێی دەترسێت لەرۆژهەڵات و لەوڵاتی خۆشمان حزبە سیاسیەکان بەهاوشێوەی کۆمپانیاکانی ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوا زانیارییەکان دەکەنە کەلوپەلی ئایدلۆژی سیاسیی خۆیان و بەرژەوەندی حزبی خۆیان چۆن بخوازێت بەو جۆرە و وەك بازرگانییەکی سیاسیی بەهاووڵاتیانی دەفرۆشنەوە**

٢- بەڕێز مسعود بارزانی لەساڵی ٢٠٠٣ و لەمیانەی ئەو وتارەی کە لەرۆژنامەی برایەتی بڵاوی کردەوە بەوەی ڕێگە نادەین جارێکی دیکە کوردستان داگیربکرێتەوە ئامادەین لەبەرامبەر سوپای تورکیا ڕابوەستین، هەژانێکی ئەوتۆی دروستکرد، کە کوردستان لەبری تورکیا بووە ئەندامی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لەپرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا و پێگەی کورد لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهان گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا هات کە لەمێژوودا وەرچەرخانی وای بەخۆیەوە نەبینووە.

٣- بەڕێز مسعود بارزانی لەشەڕی نووسینەوە و داڕشتنی دەستووری عێراق لەساڵی ٢٠٠٥، مافی کوردستانییەکانی بەتەواوی ئایین و نەتەوە جیاوازەکانەوە لەدەستووری عێراق چەسپاند، ئەوە بارزانی بوو ئامادەبوو هەموو شتێك بکات بەقوربانی مافی کوردستانییەکان بۆ ئەوەی مافی کوردستانییەکان لەدەستووری عێراقدا بچەسپێت.

٤- هەموومان ڕاپۆرتی دیراسەتی عێراق ناسراو بەڕاپۆرتی (بیکەر- هاملتۆنمان) لەیادە، هەمووش دەزانین لەو ڕاپۆرتە چۆن باسی چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك و چارەنووسی ماددەی ١٤٠ کراوە، هەمووش هەڵوێستی بارزانیمان لەبەغدا و لەمیانەی کۆبوونەوەی لەگەڵ پەرلەمانتارانی لیستی کوردستانی لەبەغدا بینی کە چۆن دژی ئەو ڕاپۆرتە ڕاوەستایەوە و سەرۆك بۆش بەشەخسی پێوەندی بەسەرۆك بارزانییەوە کرد و پێی ڕاگەیاند، ئەوەی لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە ڕاسپاردەن و مولزم نین هەتا ئێمە پێوەی پابەند بین.

٥- لەدوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٠، عێراق بۆ ماوەی نزیکەی ١٠ مانگ نەیتوانی حکومەت پێکبهێنێت، دوای ئەوەی هەموو لایەك لەسەر ئاستی ئەمریکا و یەکێتی ئەورووپا و دەوڵەتانی ئیقلیمی نەیانتوانیی لایەنە سیاسیەکان پێکبگەیەنن، ئەوە بەڕێز مسعود بارزانی بوو لەهەولێر هەموو لایەنەکانی کۆکردەوە و لەچوارچێوەی ڕێککەوتنی هەولێردا، ئەم حکومەتەی ئێستای عێراق پێکهات.

**هەموو کات لەلایەن ئەوانەی بەرژەوەندییەکانیان لەئاکامی هەڵوێستەکانی بارزانی زیانیان پێدەگات، ئەو کات پەنا بۆ هەندێك قسەی دروستکراو دەبەن**

**پەیامەکەی نەورۆزی سەرۆك و دروست بوونی کێشە لەگەڵ بەغدا**

پەیامەکەی بەڕێز مسعود بارزانی کە لەنەورۆزی ئەمساڵدا ڕایگەیاند، ئەگەر بەغدا لەماوەیەکی دیاریکراودا هەوڵنەدات ئەو ڕێککەوتنە جێ بەجێ بکات کە هەموو لایەنەکان ئیمزایان لەسەر کردووە، ئەوا دەگەڕێنەوە بۆ لای گەلی کوردستان بڕیاری خۆی بدات، نەوشیروان مستەفا سەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕان لەدیمانەکەیدا لەگەڵ KNN بەمجۆرە ئاماژەی بەو پەیامە کردووەو دەڵێت: (مەسەلەن ئەمجارە لەپەنای ئەو شەڕە دەرەکیەی کە لەنەورۆزەوە لەگەڵ بەغدا دەستیان پێکردووە، سەیرکە چەند شتیان جێبەجێ کردووە...)، ئەم ئاماژەی سەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕان بە پەیامەکەی نەورۆزی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و پیشاندانی بەهەڵگیرسانی شەڕێکی دەرەکی قسەی زۆر هەڵدەگرێت، بەڵام با بپرسین بۆچی پەیامەکەی نەورۆزی سەرۆك بارزانی هەڵگیرسانی شەڕی دەرەکیە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بەچەند خاڵێك دەدەینەوە:

١- ئایا سەرۆك بارزانی لەپەیامەکەی نەورۆزدا داوای چیکرد، هەتا بەهەڵگیرسانی شەڕی دەرەکی تۆمەتبار بکرێت. ئایا بارزانی داوای کرد پلەو پایەی خۆی بەرز بکرێتەوە، یان داوای کرد حزبەکەی ببێتە حزبی فەرمانڕەوا لەعێراقدا؟ ئەوەی سەرۆك بارزانی لەپەیامەکەی ڕایگەیاند جێبەجێکردنی ئەو وەرەقە ١٩ خاڵیە بوو کە شەخسی سەرۆك وەزیرانی عێراق ئیمزای لەسەر کردووەو بەپێی ئەو ڕێککەوتنە د.نوری مالیکی بۆتە سەرۆك وەزیران، بەڵام هەموو جیهان شاهیدە، نوری مالیکی خۆی لەجێبەجێ کردنی خاڵەکانی ئەو ڕێککەوتنە دزییەوەو جێەجێی نەکردن، خاڵەکانی نێو ڕێککەوتنی هەولێریش ڕاستە کۆمەڵێك خاڵیان بریتییە لەچارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، بەڵام خاڵەکانی دیکەی تایبەتن بەڕێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسی لەعێراقدا، پێدەچێت بەڕێزانی گۆڕان لەو خاڵەی پەیامەکەی بارزانی نیگەران بن کە ئاماژەی بەوەکرد، ئەگەر ئەو ڕێککەوتنە جێ بەجێ نەکرێت دەگەڕێینەوە بۆ گەلی کوردستان بۆ ئەوەی خۆی بڕیاری چارەنووسی کوردستان بدات، بێگومان هەموو دنیاش دەزانێ




ئەگەر گەلی کوردستان خۆی بواری هەبێت بڕیاری چارەنووسی خۆی بدات، دەوڵەت ڕادەگەیەنێت، پرسیاری واقیعی لێرەدا ئەوەیە کێن ئەوانەی گەڕانەوە بۆ گەلی کوردستان بۆ بڕیاردانی مافی چارەنووس بەهەڵگیرسانی شەڕی دەرەکی دەزانن؟ لەمێژووی نزیکدا تەنیا مایکل ڕۆبن بووە کە لەبەردەمی کۆنگرێس ڕایگەیاند، مسعود بارزانی سەرکردەیەکی ترسناکە لەبەر ئەوەی دەیەوێت دەوڵەتی کوردستان ڕابگەیەنێت و لەهەولێر نەخشەی کوردستان بەئاشکرا دەفرۆشرێت، ئێستا ئەو ئاڵایە لەهەرێمی کوردستان هەڵکراوە ئاڵای کۆماری کوردستانە لەمهاباد، بەهەرحاڵ بۆ کەسێکی وەك مایکل ڕۆبن کە بەئاشکرا پیاوی ژەنراڵەکانی تورکیایە، ئاساییە مسعود بارزانی بەترسناك بزانێت بەوەی دەوڵەتی کوردستان ڕادەگەیەنێت، بەڵام بۆ سەرکردەیەکی شۆڕشگێڕی وەك سەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕان هەمان هەڵوێستی کەسێکی وەك مایکل ڕۆبنی هەبێت و پەیامەکەی نەورۆزی سەرۆك بارزانی بەترسناك و سەرچاوەی هەڵگیرسانی شەڕێکی دەرەکی لەقەڵەم بدات.

٢- سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەچەندین بۆنەی جیاوازدا ڕایگەیاندووە تاکە هۆکارێك کە عێراق بەیەکگرتوویی بهێڵێتەوە جێبەجێکردنی دەستووری عێراقە، بێگومان داواکردنی بارزانی بۆ جێبەجێ کردنی ڕێککەوتنی هەولێر و وەرەقە ١٩ خاڵیەکە، جێبەجێ کردنی دەستووری عێراقە لەبەر ئەوەی لەناو ڕێککەوتنەکەدا هاتووە هەموو خاڵەکانی ڕێککەوتنەکە بەپێی دەستووری عێراق داڕێژراون، پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە بۆچی داواکردنی جێبەجێ کردنی دەستووری عێراق هەڵگیرسانی شەڕی دەرەکیە، ئایا ئەگەر بارزانی شەڕ لەسەر دەستوور نەکات، عێراق ناگەڕێتەوە بۆ دیکتاتۆریەت و کورد لەسەر خاکی خۆی ئاوارە نابێتەوە؟ پرسیاری دیکە ئەوەیە کێن ئەوانەی داواکردنی جێبەجێ کردنی دەستوور بەخەتی سور و بڤە ئەزانن، بێگومان ئاشکرایە حکومەتی ئێستای عێراق و هەندێك دەوڵەتی ئیقلیمی کە دەیانەوێت عێراق بەرەو دیکتاتۆریەت بگەڕێتەوە، هەر ئەمەش مانای پرسیارەکەی KNNـە کە لێی دەپرسێت: چاوەڕوانی دەوڵەتانی دراوسێ لەهێزێکی وەك گۆڕان چیە؟ لەوەڵامدا نەوشیروان مستەفا دەڵێت:((ئەوە دەبێت لەو دەوڵەتانە بپرسیت))، ئەم وەڵامەی نەوشیروان مستەفا دەقا و دەق ئاماژەیە بۆ ئەو وڵاتەی بەڕێزی بەمدوایە سەردانی کردووە و هەمووشمان دەزانین ئەو دەوڵەتە چ ئامانجێکی بەهێزێکی وەك گۆڕان هەیە، کە بێگومان دژایەتی هەنگاوەکانی بارزانییە.

### هێشتا یەکڕیزی لەهەموو شتێك گرنگترە

قسەکردن یان هەڵسەنگاندن لەسەر ئەو بارودۆخەی ئێستا کوردستانی پێدا تێدەپەڕێت، ئەگەر لەڕوانگەی بەرژەوەندی گشتی نیشتمانییەوە سەیری بکەین، لەهەموو بەرژەوەندییەکی دیکەی

**ئایا سەرۆك بارزانی لەپەیامەکەی نەورۆزدا داوای چیکرد، هەتا بەهەڵگیرسانی شەڕی دەرەکی تۆمەتبار بکرێت؟**

حزبی گەورەترە، بۆیە کاتێك هەڵسەنگاندن بۆ ڕەوشی ئێستا دەکەین، هێندەی مەبەست کردنەوەو واڵاکردنی دەرگای دیالۆگ و لێکتێگەیشتنە، هێندە خۆ سورکردنەوەو دەربڕینی گوتاری دروشم ئامێز نییە، ئەوەی لەم بارودۆخە وردبێتەوە هەست دەکات کە ئێستا هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی چەند تەحەدی گەورە بۆتەوەو ڕووبەڕووبوونەوەی هەریەك لەو تەحدیانەش پێش هەموو شت پێویستیان بە یەکڕیزی نێو ماڵی کورد و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی گشتی کوردستانەوە هەیە، گومانی تێدانییە ئێستا لەنێوان هەولێر و بەغدا، دوو هەڵوێست و تێڕوانینی جیاواز لەسەر ئەم بارودۆخە هەیە و گەلی کوردستان پشتگیری گەلی سوریای هەڵبژاردووە و بەغدا پشتگیری کردن لەڕژێمی ئەسەد، لەم بارودۆخەدا خاڵی گرنگ ئەوەیە کە هەموو هێز و لایەنە سیاسیەکان خۆیان لەو هەڵوێستە ببینەوە کە گەلی کوردستان هەڵیبژاردووە، خۆ دوورخستنەوە لەم هەڵوێستە زیانێکی گەورە بەیەکڕیزی خەڵکی کوردستان دەگەیەنێت، بێگومان ئەوە ڕاستە و کەس ناتوانێت نکۆڵی لێ بکات، کە مەسەلەی ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد مەسەلەی کاتە و جارێکی دیکە ئەو ڕژێمە لەدەسەڵات نامێنێتەوە، بەڵام بۆ ئەم قۆناخە گرنگە بۆ کورد بە یەکڕیزی بەرامبەر ئەم گۆڕانکاریانە ڕابوەستێت و هەوڵبدات سوود لەم گۆڕانکارییە وەربگرێت، لەم بارودۆخەشدا وەك هەموو قۆناخەکانی پێشوو چاوەڕێی سەرۆك بارزانین بۆ ئەوەی ئەمجارەش هەم یەکڕیزی دروست بکاتەوە و هەمیش گوێبیستی موژدەی خۆش و گەورەتربین.



سەڵاحەدین بابەکر یاریدەدەری ئەمینداری گشتی یەکگرتوو بۆ گوڵان:

# ئێمە وەک ئۆپۆزسیۆن ڕەخنە و گلەیەکانمان هەر ماون بەڵام لەسەر پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەکان هاو هەڵوێستین

**سـەبارەت بە بارودۆخی ئەمڕۆی کوردسـتان و یەکڕیزی و یەک هەڵوێستی حزب و لایەنە سیاسیەکان بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ بارودۆخی ئێسـتای هەرێم و چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ بەغدا و هەروەها هەڵوێستی کوردستان بەرامبەر کۆی ئەو گۆڕانکاریانەی لە ناوچەکە هەیە، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی بەڕێز سـەلاحەدین ئەبوبەکر یاریدەدەری ئەمینداری گشتی یەکگرتوویی ئیسلامی کوردستان کرد، کە ئەمە دەقەکەیەتی.**

*** ئێسـتا هەرێمی کوردستان بە قۆناخێکی ناسـك و ئاڵۆز تێدەپەڕێت، هەڵوەسـتەکردن لەسـەر ئەم بارودۆخە ئەرکی هەموو لایەنە سیاسـیەکانی کوردسـتانە، ئایـا ئێوە وەك یەکگرتووی ئیسـلامی چۆن ئەم بارودۆخە دەبینن؟**

- ئێمـە پێمانوایە ئـەو بارودۆخەی عێراق گەیشـتۆتە ئاسـتێکی ئاڵۆز و مەترسیدار و پێویسـتی بەچارەسـەری تەواو هەیە نەك بەنیوە چارەسـەر یـا بە فەرامۆشـکردنی کێشـەکان، ئەوەش بەوە دەبێـت کە هەولێر و بەغدا بە شـێوەیەکی جددی گفتوگۆ بکەن لەسـەر جەوهەری ئەو خاڵانەی کە جێگای کێشـەو قەیرانن لەنێوانماندا و بگەڕێنەوە بۆ ئەو بەڵێن و ڕێککەوتننامانەی کە لەماوەی ڕابردوو ئیمزا کراون و دەبێت جێبەجێ بکرێت، هەروەها دەکرێـت لە ڕێـگای لیژنەیەکی تایبەتەوە چ پەرلەمانتاری بن چ سیاسـی بێـت و بگەڕێینـەوە بۆ ئـەوەی بزانین چ لایەنێك کەمتەرخەم بـووە لە جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەی یا ئەو ڕێککەوتننامانەی کە بەکـورد دراوە، بۆیە ئێمـە لەگەڵ ئەوەین و بەپێویسـتی دەزانین ئەو کێشـانە لەوە زیاتر بەبێ چارەسـەرکردن نەهێڵدرێتـەوە، بەڵکو کێشەکان چارەسەرێکی گشتگیری تەواویان بۆ بدۆزرێتەوە.

*** وەکو دەزانین حکومەتی عێراق و شەخسی مالیکیش خەریکە هەموو بنەما دەستووریەکان پێشـێل دەکات، گەرچـی لەبەرامبەر ئەو کێشانەدا سەرۆکی هەرێمی کوردستان جەخت لەسـەر ئەوە دەکاتەوە، کێشەکان بە دیالۆگ چارەسەر بکرێن، پرسـیار ئەوەیە ئایا بواری ئەوە ماوە بە دیالۆگ چارەسەر بکرێن؟**

**دەکرێت لە ڕێگای لیژنەیەکی تایبەتەوە ئەوە بزانین چ لایەنێك کەمتەرخەم بووە لە جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەی یا ئەو ڕێککەوتننامانەی کە بەکورد دراوە**

- سەرئەنجامی هەموو کێشەو قەیرانێك هەر ئەبێت چارەسەرکردن بێت، پێموایە گفتوگۆ و دیالۆك باشترین میکانزمێکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەو قەیرانەکان، بەڵام دەکرێت ئەم گفتوگۆ و دیالۆگەی ئەمجارەیان جددی تر و شەفافتر بێت و پەنجە بخرێتە سەر برینەکان و خاڵ لەسەر وشەکان دابنرێت و دەستوور بکرێتە ئەو بنەمایە کە کێشە و قەیرانەکان لەو چوارچێوەیدا چارەسەر دەکرێت، هەروەها وەکو ئاماژەمان پێدا ئێمە لەگەڵ بەغدا لەچوارچێوەی کۆمەڵێ بەڵێن و ڕێککەوتننامەوە بووینە هاوپەیمان و پاڵپشتی سەرۆك وەزیرانی ئێستای عێراق، با ئەو بێت ئەو ڕێککەوتننامە ئەو وەرەقە ١٩خاڵەی کە ئێمە لەسەری ڕێککەوتووین بابزانین چەندی جێبەجێکراوەو چەندی جێبەجێ نەکراوە و کام لا کەمتەرخەم و بەرپرسە لە جێبەجێ نەکردنی ئەو خاڵانە، بۆ ئەو مەبەستەش دەکرێت لیژنەیەك دیاری بکرێت لە هەر دوولا بۆ ئەوەی بزانرێت کێ بەرپرسە لە جێبەجێ نەکردنی ئەو خاڵانە، چونکە کەم کەم بەهۆی جێبەجێ نەکردنی ئەو ڕێککەوتن و خاڵانەیە کە کێشەکە ئاڵۆزبووە و تاگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە ئێستا دەیبینین.

*** ئێوە وەکو یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لایەنێکی دیاری ئۆپۆزسیۆنی کوردستانن و لەدانیشتن و پرسە نیشتمانییەکاندا لەگەڵ لایەن و هێزە سیاسییەکانی کوردستان هاوهەڵوێستن، ئەمەش واتای ئەوەیە کە کاری ئۆپۆزسیۆن لەگەڵ پرسە نیشتمانییەکان تێکەڵ ناکەن، لەم بارودۆخەی ئێستادا چۆن سەیری یەکڕیزی ناو ماڵی کورد دەکەن؟**

- یەکێك لەستراتیژیەکانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان ئەوەیە کە لەپرسە نیشتمانی نەتەوەیە چارەنووسسازیەکان لەگەڵ حزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان هاوهەڵوێست بێت، ڕاستە ئێستا ئێمە لەهەرێمی کوردستان لەبەرەی ئۆپۆزسیۆنین و ڕەخنەو سەرنجمان لەسەر ئەدای حکومەت هەیە و لەپەرلەمان مومارەسەی کاری ئۆپۆزسیۆنی خۆمان دەکەین، بەڵام لەهەمان کاتدا لەپرسە نیشتمانی و نەتەوەیە چارەنووسسازیەکان نەك ئێستا، بەڵکو ئێمە هەر لەسەرەتاوە لە٢٠٠٣ـەوە تائێستاکە وابووین و ستراتیژیەتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بووە هەر لەم ڕوانگەوە ئێمە لەم پرسە نیشتمانی نەتەوەیە چارەنووسسازانە لەگەڵ سەرجەم لایەن و حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان هاوهەڵوێسین و هەر ئەوەشمان مومارەسە کردووە، لەسەرەتاوە ئێمە بەشداربووین لەهەموو ئەو کۆبوونەوانەی کە باس لە پرسە نیشتمانی و نەتەوەیەکان کراوە و باس لە چارەسەریان کراوە و باس لە دابینکردنی مافە ڕەواو دەستووریەکانی هەرێمی کوردستان کراوە، ئەوە نەك تەنیا بۆ ئێرە تەنانەت بۆ پارچەکانی تری کوردستانیش، ئێمە کاتێك باس لەکوردەکانی سوریا دەکرێت ئەوە بەشداری هەموو ئەو کۆبوونەوانە دەبین کە باس لەڕۆڵی کوردەکانی سوریا لەشۆڕشی ئێستای سوریا دەکەن بۆ ئەوەی ئەوەندەی پێمان بکرێت لەگەڵ هێز و لایەن سیاسیەکان وابکەین کە مافەکانیان لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی سوریا بەدەست بێنن، ئەمەوێت بڵێم ئێمە ئەوە لەناوخۆی هەرێمی کوردستان و بۆ دەرەوەی هەرێمیش لەپرسە نیشتمانی و نەتەوەیەکان لەگەڵ سەرجەم هێز و لایەن و حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان هاوڕاین، چونکە ئەوە بەئەرکی نیشتمانی و نەتەوەیی خۆمانی دەزانین.

*** ئێوە وەك لایەنێکی سەرەکی ئۆپۆزسیۆن بەشێکن لە ئۆپۆزسیۆن لە کوردستان، هەروەها هەست ئەکەین ئێوە تێڕوانینی خۆتان هەیە و بزووتنەوەی گۆڕانیش تێڕوانینی خۆی هەیە، ئایا چۆن ئێوە بەشداربوون و گۆڕان بایکۆتی کۆبوونەوەکەی کرد؟**

- باشتر وایە ئەو پرسیارە ئاڕاستەی خۆیان لە بزووتنەوەی گۆڕان بکرێت و وەڵام لەخۆیانەوە ببیستن، بەڵام من تەنیا دەتوانم

**بەشداری هەموو ئەو کۆبوونەوانە دەبین کە باس لەڕۆڵی کوردەکانی سوریا لەشۆڕشی ئێستای سوریا دەکەن بۆ ئەوەی ئەوەندەی پێمان بکرێت لەگەڵ هێز و لایەن سیاسیەکان وابکەین کە مافەکانیان لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی سوریا بەدەست بێنن**

**پێویستە سەرۆکایەتی هەرێم و لایەن و حزبە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان لەگفتوگۆی بەردەوام دابن بۆ ئەوەی بەهەموویان بەرپرسیاریەتییەکە لەئەستۆ بگرن**

باس لە تێڕوانین و دیدگای ستراتیژیەتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بۆ پرسە نیشتمانی و نەتەوەیەکان بکەم، بۆیە لێرەدا نامەوێت بەناوی ئەوانەوە قسە بکەم، دیارە کە ئەوان لەو کۆبوونەوانە بەشدار نابن ئەوە ڕاوبۆچوونی خۆیانە کە ئێمەش وەکو یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەکۆبوونەوەکان بەشدار دەبین ئەوە ڕاوبۆچوون و دیدگای خۆمانەو هەر یەکەشمان ئازادین لە وەرگرتنی هەر هەڵوێستێك دەربارەی هەر پرسێکی نیشتمانی و نەتەوەیی.

*** لە پرسە نیشتمانی و نەتەوەیەکاندا سەرۆکی هەرێمی کوردستان بانگهێشتی لایەنە سیاسیەکان دەکات، بۆ ئەوەی بەشدار بن لە بڕیاری سیاسی، ئایا ئیوە چۆن سەیری بانگهێشەکانی سەرۆکی هەرێم بۆ ئەو کۆبوونەوانە دەکەن؟**

- بێگومان وەکو وتمان لەپرسە نیشتمانی و نەتەوەیە گرنگ و چارەنووسسازەکان پێویستە سەرۆکایەتی هەرێم و لایەن و حزبە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان لەگفتوگۆی بەردەوام دابن بۆ ئەوەی بەهەموویان بەرپرسیاریەتییەکە لەئەستۆ بگرن و ڕێگە چارەی گونجاو بدۆزنەوە بۆ دەرچوون لەو تەنگژەو قەیرانانەی کە ئەمڕۆ کەوتۆتە نێوان هەرێم و بەغدا، لەڕاستیدا ئێمە ئەو کۆبوونەوەو بانگێشتانە لەچوارچێوەیەکی دۆست دەبینین، بەڵکو پێویستە ئەم جۆرە گفتوگۆو دیالۆگانە لەپرسە نیشتمانی و نەتەوەیانە زۆرتریش بکرێت، بەشداری بوونی ئێمە لەو کۆبوونەوانە مانای ئەوە نییە ئەوە ڕەخنەو سەرنج و گلەییەکانی خۆمان وەکو ئۆپۆزسیۆن لەبیرچووبێتەوە لەسەر دەسەڵاتی کوردی، هەموو ئەوانە لەشوێنی خۆی و لەکاتی خۆی باس دەکەین و لەهەمان کاتیشدا لە دابینکردنی مافەکانی گەلی کوردستان لەپرسە نیشتمانی و نەتەوەیەکان هاوڕاو هاوهەڵوێستین و بەشداری دەکەین لەدۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بۆ ئەو تەنگەژانەی کە ئەمڕۆ عێراق پێیدا تێپەڕ دەبێت.



تۆفیق کەریم ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان بۆ گوڵان:

# کۆبوونەوەی سەرۆکی هەرێم لەگەڵ لایەنەکان جێگای ڕێزەو هەر ئەوەشی لێ چاوەڕێ دەکرێت

## هەڵوێستەکەی گۆڕان گونجاو نییە و هەقیش نییە وابێت

**پرسی ئەمڕۆی کوردستان، پەیوەستە بە هەموو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بە حزبەکانی فەرمانڕەواو ئۆپۆزسیۆنیشـــەوە، بۆیە کاتێک پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەکان دێنە پێشەوە، هەموو حزب و لایەنە سیاسیەکان لەگەڵ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کۆدەبنەوە بۆ ئەوەی هاوکاری سەرۆکی هەرێم بن بۆ دەرکردنی بڕیارێکی هاوبەش. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی بەڕێز تۆفیق کەریم ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان کرد کە ئەمە دەقەکەیەتی.**

*** ئێوە وەك کۆمەڵی ئیسلامی لەکوردستان ڕەوشی ئێســـتای کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا چۆن دەبینن؟**

- ئێمە ئەوبارودۆخە بەدرێژکراوەی پێشـــتر دەخوێنینەوە کـــە ئەڵقەیە لـــە ئەڵقەکانی ڕابـــردوو، لـــەوەوە دەســـت پێـــدەکات کە مالیکـــی زۆر هەنـــگاوی تاکڕەوانەی نا، پاشـــان هەندێ لایەن بڕیاریان دا بەرامبەر ئەوهەنگاوە تاکڕەوانەی مالیکی بوەستنەوە، لە نێوانیشیاندا چەند لایەنێکی کوردستانی، وا چەند مانگێکە ئەو وەزعە دروست بووە، وابزانم ئەوەی ئێســـتاش دروست بووە هەر درێژکـــراوەی ئەو وەزعەیـــە بە دیدی من هەڕەشەکە بۆ سەر هەموو هەرێمە بەگشتی، بەڵام من بە شێوەیەکی تایبەتی بە فشاری دەزانم بۆ ســـەر ئەو لایەنانەی کە سەبارەت بە لێســـەندنەوەی متمانە لەمالیکی و ئەو نائومێدییـــەی هەیانـــە بەرامبەر مالیکی لەو مەســـەلەیە پاشگەزببنەوە، ئەگینا لەو باوەڕدانیم بارگرژییەکە هێرشـــێکی جددی بێ بۆ لێدان یان هێرش کردنە سەر کوردستان، ئێوە دەزانن کە هەرێمی کوردستان تازە بووە بە کێشـــەیەکی نێودەوڵەتی و بۆ مالیکی نییە هێرش بکاتە سەر هەرێم.

**هەرێمی کوردستان تازە بووە بە کێشەیەکی نێودەوڵەتی و بۆ مالیکی نییە هێرش بکاتە سەر هەرێم**

*** ئێستا ئەم کێشـــەیە چەند ئاڵۆز بێت و چەند درێژە بکێشێت، سەرەنجام هەر دەبێت**

**بارودۆخی عێراق پەیوەستە بە پێوەندییەکانی نێوان ئەمریکاو ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتەوە**

**چارەسەر بکرێن، ئایا بەڕای بەڕێزت ئاسۆی چارەسەرکردنەکە چۆن دەبینن؟**

- دۆخی عێراق زۆر ئاڵۆزە، تەنیا ناکۆکییەکانی لایەنە سیاسییەکان نییە، کێشەکە بەدەوڵەت بووە، واتا دەوڵەتانیش کاریگەرییان هەیە، بەڕای من بارودۆخی عێراق پەیوەستە بە پێوەندییەکانی نێوان ئەمریکاو ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتەوە، مەبەستم ئەمریکا و ئێرانە، لەلایەکی دیکەوە پێوەندیی بەبارودۆخی سوریاوە هەیە کە بە هەر لایەکدا بگۆڕدرێت کاریگەریی بۆ سەر هەرێمی کوردستان و عێراق هەیە، سەبارەت بە ناوخۆش بەداخەوە بە جۆرێك لەجۆرەکان دوو میحوەر دروست بووە، لە حدودێکدا دەتوانن لەناوخۆیاندا گفتوگۆ بکەن و هەندێ هەنگاو بنێن بۆ لێکحاڵی بوون، بەڵام میحوەرەکەی دیکە پێوەندی هەیە بە بارودۆخە نێودەوڵەتییەکەوە.

*** تۆ باسی لێکحاڵیبوون و لێکتێگەیشتنت کرد، هەروەها باسی ئەوەت کرد ئێستا لەکوردستان دوو میحوەر هەیە، ئایا مەبەست لەوە چیە؟**

- دەبێ ئێمە کە باس لەدیموکراسیەت و ڕێزگرتنی ڕای یەکدی دەکەین، با بۆچوونەجیاوازەکان بەحاڵەتێکی ئاسایی وەربگرین، بێگومان هەموو لایەنێك حەزدەکات ئەو هەڵوێستەی هەیەتی زۆرترین لایەن و دەنگی بۆ کۆبکاتەوە، بەڵام ئەگەر لایەنێك نەهاتەپێشەوە، پێویست بەوە ناکات بارودۆخەکە ئاڵۆزتر بکرێت، گۆڕان لەزۆر لەو مەسەلانەدا هاتۆتە پێشەوە و خۆی بەلایەنێکی گەورەی ئۆپۆزسیۆن دەبینێت، بۆیە من قەناعەتم وایە نابێت گۆڕان هەڵوێستی وابێت و هەقیش نییە وابێت، ئەمەش هەم لەگەڵ پێوەندییەکانی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و دەسەڵات، هەمیش لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی ئۆپۆزسیۆندا.

*** سەرۆکی هەرێم هەمیشە لەسەر ئەو پرسانەی نێوان کوردستان و بەغدا دووپات لە چارەسەر بەدیالۆگ دەکاتەوە و داوای یەکڕیزیی نێومالّی کوردستان دەکات، پرسیارەکە ئەوەیە خوێندنەوەتان بۆ ئەو یەکڕیزییە چییە، تا چەند دەبێتە هەوێنی ئەوەی ئێمە بتوانین کێشەکانمان چارەسەر بکەین؟**

- ئەسڵی بانگێشتکردنەی سەرۆکی هەرێم و دووپاتکردنەوەی، مایەی ڕێزە و کارێکی باشە و هەر ئەوەش لە سەرۆکی هەرێم چاوەڕوان دەکرێت، خاڵی دووەم سەبارەت بە پرسە نیشتمانی و چارەنووسسازەکان کە پێویستە کورد یەك دەنگ بێت، بەڕاستی لەگەڵ ئەو بیر و بۆچوونانەدایین، بەڵام وەکو شەخسی خۆم دوو تێبینیم هەیە، یەکێکیان ئەوەیە چۆن داوا دەکرێت یەکڕیز و یەك دەنگ بین، ئاواش پێویست دەکات ئەو لایەنانەی سەرۆکی هەرێم و دەسەڵات چاوەڕوانن، ئێمە تێیدا یەکڕیز بین، پێویستە پرسمان پێ بکرێت، ئەگەرنا ناکرێت داوای هەڵوێستمان لێ بکرێت، بۆ نموونە ئێمە بەڵێنمان پێدرابوو کە لە پرسی مەسەلە چارەنووسساز و نیشتمانییەکان بە تەوا فوقی هەمولایەنەکان تێپەڕێندرێت، خاڵی دووەم: بۆ ئەوەی هیچ بوارێك بۆ هیچ لایەنێك نەمێنێتەوە لە یەکڕیزی نێو ماڵی کورد داببڕێت، داوا دەکەین بە پەلە ئەو بڕیارانەی سەرۆکی هەرێم کە پێشتر دابووی جێبەجێی بکات و بەدواداچوونی بۆ بکات، کە بریتییە لە چاکسازی لەهەموو بوارەکاندا، کاتی خۆی دیالۆگێکی جددی دروست بوو لە نێوان ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتدا، دەسەڵاتیش دانی بەوەدانا کە بە فیعلی گەندەڵییەکی هەیە و هەموو جومگەکانی دەسەڵاتی گرتۆتەوە، سەرۆکی هەرێمیش زۆر بەگەرمی لەم بڕیارەی هاتە پێشەوەو ئۆپۆزسیۆنیش پرۆژەیەکی تێروتەسەلی ئەکتیف کرد، هەربۆیە چەند بتوانرێ لە ئێستاوە دەست بکرێ بەجێبەجێ کردنی ئەو بڕیارانە بۆ ئەوەی پاکانە بۆ هیچ لایەنێك نەمێنی لەو کۆبوونەوانە ئامادە نەبێت.

**هەموو لایەنێك حەزدەکات ئەو هەڵوێستەی هەیەتی زۆرترین لایەن و دەنگی بۆ کۆبکاتەوە. بەڵام ئەگەر لایەنێك نەهاتەپێشەوە. پێویست بەوە ناکات بارودۆخەکە ئاڵۆزتر بکرێت**



### دکتۆر ڕۆژ نوری شاوەیس جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ (گوڵان):

# پێویستە زمانی هاوبەش لە نێوان پێکهاتە سەرەکییەکان زمانی دیالۆگ بێت و دوور بێت لە توندوتیژی و زەبرو زەنگ



**دکتۆر ڕۆژ نوری شاوەیس جێگری سەرۆک وەزیران و نوێنەری سەرۆک بارزانی بۆ چاککردنی پرۆسەی سیاسی عیراق، بەڕێزیان بە حوکمی پێگەی خۆی هەردەم پێی وایە بۆ چاککردنی بارودۆخی عیراق و پرۆسە سیاسییەکەی هیچ بەربژارێکی تر بەدی ناکرێت جگە لە گەڕانەوە بۆ ئەو دەستوورەی کە زامنی بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگەی عیراقە بە هەموو پێکهاتەکانیەوە، حێبەجێکردنی دەستوور زامنی پێشگیری کردنە لە بارودۆخێکی خراپتری لەمەی ئەمڕۆ کە حکومەت و وڵاتی عیراقی گەیاندۆتە ئەم ئاستەی مەترسی ئاڵۆزتربوونی کێشەکانی لێ بکرێت، لەو سۆنگەیەوە ئەم پرسیارانەمان ئاراستەی بەڕێزیان کردو بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**



*** پرۆسەی سیاسی عێراق رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر ئاڵۆز دەبێت و لەبری ئەوەی کێشەکان چارەسەر بکرێن کەچی ئاڵۆزتر دەبن و زیاتر زمانی هەڕەشەو گوشار بەکاردەهێنرێت، بە پێی ئەوەی بەڕێزتان ئەزموونتان هەیە لە ناو دۆخەکەی ئەم چەند ساڵەی فەرمانڕەوایی ئەم وڵاتەو ناو پرۆسەکە، چۆن تەماشای سەرجەم دۆخەکە دەکەن و ئەم پرۆسەیە بەچ ئاڕاستەیەك هەنگاودەنێت؟**

- لەو باوەڕەدام سیاسەتی بەکارهێنانی فشارو زمانی توندوتیژی لەبەرژەوەندی کەسدا نییەو بەو شێوەیەش کێشەکانی عێراق چارەسەر ناکرێن، وەك ئێمە کە قەناعەتمان پێی هەیە عێراق دەوڵەتێکە، گەلەکەی پێکهاتووە لەچەندین نەتەوەی جیاواز، دوو نەتەوەی سەرەکی کە کوردو عەرەبن و نەتەوەی تریشی تێدایەو هەروەها دوو مەزهەبی سەرەکی کە سوننەو شیعەیە، پێکهاتەی سەرەکی عێراق پێکدێنن، ئەگەر بمانەوێت بێ گرفت وڵات بەڕێوەبەرین، پێویستە ئەم سێ پێکهاتە سەرەکییانە شەریکی راستەقینە بن لەفەرمانڕەوایەتی کردندا. جگە لەوە زمانی هاوبەشی نێوان سێ پێکهاتە بنەڕەتییەکە پێویستە دوور بێت لەزمانی توندوتیژی و چەك و زەبروزەنگەوە بەڵکو زمانی دیالۆگ و زمانی لەیەکتر گەیشتن و ڕێزگرتنی بیروبۆچوونە جیاوازەکان بێت.

*** ئاشکرایە کە رێکەوتنی هەولێر چارەسەری بۆ هەموو کێشەکانی عێراق داناوە، داخوازی سەرۆك بارزانی بۆ جێبەجێکردنی خاڵەکانی ئەو رێکەوتننامەیە بۆ ئەوەیە هەموو کێشەکان چارەسەر بکرێن، بەڵام هەندێك لایەن و گروپی سیاسی و کەسانی سیاسەتمەدار وا پیشانی دەدەن کە ئەمە کێشەی نێوان بارزانی و مالیکییە، ئایا ئەمە کێشەی نێوان دوو لایەنە، یا کێشەی هەموو عێراقە؟**

- بەتەئکید کێشەی نێوان بارزانی و مالیکی نییە، ئەمە کێشەیەکە لەنێوان دووبۆچوونی جیاواز، بۆچوونێکیان دەیەوێت لەعێراقدا حوکمێکی مەرکەزی هەبێت، بەپێی شێوازێك کە ناوەند زاڵ بێت بەسەر هەموو کاروبارەکانی وڵاتەکەدا، بۆچوونێکیش داوای جەوهەری فیدرالیەت دەکات کەئەویش لامەرکەزییەتە، تا دەسەڵاتی زیاتر بدرێتە پارێزگاکان و تواناو دەسەڵاتی هەرێمەکانیش فراوانتر بکرێن، تا ئەم کێشەیە یەکلانەبێتەوە، ئەم جۆرە گیروگرفتانە هەمیشە لەعێراقدا تازە دەبنەوە، بۆیە هەنگاوی بنەڕەتی کە بهاوێژرێت ئەوەیە ئەمڕۆ لەسەر ئەوە رێك بکەوین کە فیدرالیەت و سیستمی مەرکەزییەت چۆن لەدەستووردا نووسراوەو هەمووومان پێی قایل بووین ئەوە جێبەجێ بکەین، هەتا ئەوە جێبەجێ نەکرێت رۆژانە تەنگژەکان تازە دەبنەوەو لەوانەشە جار بە جار زەبرو زەنگی لێبکەوێتەوە، ئەوەی رێکەوتنامەی هەولێر بخوێنێتەوە تێدەگات لەوەی کە ئەمە رێکەوتننامەیەکی نهێنی نییە بەڵکو شەفاف و ئاشکرایە، لایەنی کوردی رۆڵی باڵای هەبووە لەنووسینەوەی ئەو رێکەوتنامەیەو چەسپاندنیدا، لەنێوان هەموو جەمسەرە بنەڕەتیەکانی عێراقدا ئەو رێکەوتننامەیە چارەسەری بنەڕەتی زۆر لە کێشەکانی عیراق ودۆخی ئاڵۆزی ئەمڕۆی پێیە، ئێمە ئەمڕۆ پێویستمان بەحکومەتێکی شەراکەتی نیشتمانی راستەقینە هەیە، لەهەموو کات زیاتر پێویستمان بەم رێکەوتنەو بە دیموکراتیەت و بە فیلتەر هەیە، کە زامنی پیادەکردنی دەستوورو چارەسەری کێشەکان و زامنی ڕێکەوتنەکان بێت، ئەمانە هەمووی لە ڕێکەوتنی هەولێردایەو دەبێ جێبەجێ بکرێت، وەك وتم ململانێ لەنێوان ناوەندو هەرێمەکاندایە، ئەو لایەنەی کە پێدادەگرێت لەسەر مەرکەزیەت ئەو ڕێکەوتنەی بەدڵ نییە چونکە زیاتر سەلاحیات بە لایەنەکانی تر دەدات، ئەو لایەنە پێی وایە یەکلاکردنەوەی کێشەکان لەبەرژەوەندی خۆیدا نییە، لە کاتێکدا جێبەجێکردنی خاڵەکانی رێکەوتنەکە مەبدەئی شەراکەتی راستەقینە دێنێتە ئاراوە، جگە لەوەش رێکەوتننامەکە چەندین بڕگەو خاڵی تێدایە پێوەندی بەگەلی کوردستان و دۆخی کوردەوە هەیە، کە تێیدا هەقی ئەم هەرێمە وەکو ئەوەی لەدەستووردا دەستنیشانکراوە هەبوونی هەیە، ئەم حەقە شتێکی تازە نییەو هێنابێتمانە پێشەوە یان وەك بابەتێك هاتبێتە پێشەوە، بەڵام بەداخەوە زۆر لایەن هەیە جگە لەوەی کە ململانێیەکە ململانێی مەرکەزییەت و نامەرکەزییەتە، زۆر لایەن هەن دەیانەوێت جۆرە حەساسیەتێك بخەنە نێوان کوردو شیعەو کوردو لایەنە عەرەبیەکانەوە، دەڵێن بۆچی هەموو شتێك پێویست بێت لای مەسعود بارزانی جێبەجێ بکرێت، بۆچی هەموو شتێك لەهەولێر بێت، بۆ هەموو شتێك لەسەر دەستی بارزانی و کورد جێبەجێ بکرێت بۆ لە هەموو شتێکدا کورد دەبێت دەستەباڵابێت تێیدا، بۆ دەبێت کۆبوونەوە لەهەولێر بکرێت و لەبەغدا نەکرێت، ئەم وردە دەنگانەش بڵاودەبنەوەو لەراستیدا لەناو عەرەبدا کاریگەری خۆیان جێ هێشتووە.

*** هاوپەیمانی نیشتمانی وەرەقەیەکی چاکسازی ئامادەکردووە، وەکو خۆیان دەیڵێن بەنیازن لەگەڵ سەرجەم لایەنەکان کۆببنەوە بۆ تاوتوێکردنی، ئایا تاچەند گەشبینن بۆ ئەوەی ئەو وەرەقەیە هۆکارێك بێت لەچارەسەرکردنی کێشەکان، لەکاتێکدا زیاتر لە دوو مانگە باسی لێوە دەکرێت بەڵام ناوەڕۆکی دیار نییە؟**

- ئەوەی من ئاگام لێیە حاڵەتی هاوپەیمانی نیشتمانی و حاڵەتی دووەمیش لەناو پەرلەمانی عێراقە، لەناو کوتلەی سەرۆك وەزیرانە بەسەرۆکایەتی جەعفەرییە، لەڕێی جەعفەرییەوە ئەوەم پێگەیشت کە ئەوان بەرنامەیەکیان بەدەستەوەیە بۆ چارەسەری ئەو بارودۆخە، دووسێ جار جەعفەری تەئکیدی لەوە کردەوەو بەتایبەتی لەگەڵ جەعفەری بە دوورو درێژی لەگەڵیدا دانیشتووم، بۆچوونی ئەو بەو شێوەیەیە کە هەنگاو بەهەنگاو ئەوەی پێویستە چارەسەر بکرێت ئەو شتانەش کە کاتی دەوێت کاتەکەی دەستنیشان بکرێت، کاتی زیاتریشی بدرێتێ، ئەو شتانەی کە ئەو دەیووت کە ئاسانن و لەوانەیە زوو جێبەجێ بکرێت ئەوانە مەسەلەی : هاوسەنگی ئەنجومەنی وەزیرانە - یاسای نەوت و داهاتەکانە – نیزامی ناوخۆیی ئەنجومەنی وەزیرانە – هەروەها مەسەلەی هاوسەنگییە، ئەم چەند شتانەی بەسەر زماندا هات و، ئەو مەبەستی لەوە بوو جارێك بۆمان شیبکاتەوە کە بەنیازە چی بکات، بەتەمایە یەکە یەکە لایەنە سیاسیەکان ببینێت، تا لەگەڵیان رێکبکەوێت کە چۆن کۆببنەوە ئایا دوو دوو یا سێ سێ یا بەیەکەوە کۆدەبنەوە، هێشتا لەناوخۆیاندا لەبیرکردنەوەدایەو وەرەقەکەشیان بەتەواوەتی بەدەست ئێمە نەگەیشتووە . وەك بڵێی ئەمە وەرەقەیەکی کۆنکرێتە یەك دوو سێ چوار، ئێمە ئامادەین ئەمە بکەین وجێبەجێی بکەین، هێشتا ئەو وەرەقەیە نەگەیشتووە، وا تەسەور دەکەم لەناو ڕیزەکانی هاوپەیمانی نیشتمانی خۆیاندا راوبۆچوونی جیاواز هەبن، هەندێکیان

**کێشەی ئێستای عێراق کێشەیەکە لەنێوان دووبۆچوونی جیاوازدا، بۆچوونێکیان دەیەوێت لەعێراقدا حوکمێکی مەرکەزی هەبێت، ناوەند زاڵ بێت بەسەر هەموو کاروبارەکانی وڵاتەکەدا، بۆچوونێکیش داوای جەوهەری فیدرالیەت دەکات**

**هەنگاوی بنەڕەتی کە بهاوێژرێت ئەوەیە ئەمڕۆ لەسەر ئەوە ڕێك بکەوین کە فیدراڵیەت و سیستمی مەرکەزییەت چۆن لەدەستووردا نووسراوەو هەمووومان پێی قایل بووین ئەوە جێبەجێ بکەین**

بەجیدی هەوڵ بۆ چارەسەری کێشەکان دەدات، هەندێکیان کەمتر، هەندێکیشـیان لەدژایەتی چارەسەری کێشـەکاندایە بۆیە ئەو پرۆسیسە لەناو خـودی خۆیاندا درێژەی کێشـاوەو لەو قەناعەتەدام شـتێکی وا نەبوو کە بەوشـێوەیە درێژە بکێشێت، بێینە سەر هەڵوێستی خۆمان، کە من ئەم راو بۆچوونەو هەڵوێستەم بەسەرۆك بارزانی و سـەرکردایەتی هەرێـم گەیاندووە، راوبۆچوون ئەوەیە لەگەڵ شەخسی جەعفەریدا ئێمـە نەرمی پیشـان بدەین، بـە ئیجابیەت سـەیری هـەوڵ و تەقەلاکانـی بکەین، ئەو رایەشـم گەیاندۆتە جەعفەری کە پێی خۆش بـووە، تا ئەو رادەیەی کەمـن ئاگام لێ بێت ئەوە وایکردووە بەردەوام بێت لەسـەر کارەکەی خۆی.

*** ماوەیەکە تەنگژەو گرژییەکان گەیشـتۆتە ئاستی هەڕەشـەو فشاری سەربازی، هەروەها هەڕەشە کردن لەو کۆمپانیانەی لەکوردستاندا بۆ بواری نەوت کۆنتراکت دەکەن، ئەمەش بۆتە هەڕەشەیەکی ترسـناك ئایا تاچەند بوار ماوە تا کێشەکان بەدانیشتن و دانوستاندن چارەسەر بکرێن؟**

- زەمانـی هەڕەشـەی سـەربازی هەرباوی نەماوە، گەرچی جووڵەی سەربازی لەهەندێك وڵاتانی دراوسێمان یا لە چوارچێوەی وڵاتانی بەهاری پایزی عەرەبی یـان هەرچییەکی ناو دەنێیت، هێشـتا بوونێکی ماوە، بەڵام سەبارەت بەعێراق بە قەناعەتی من زەمانی بەکارهێنانی چەك و سـەرباز بەتایبەت دژ بەکوردسـتان باوی نەماوەو دەشـبینن کە دەرئەنجامەکەی بەلایەکی تردا دەڕوات، بەو ئاراستەیە ناڕوات کە نەخشـەی بۆ دانراوە لەدەستووری عێراقدا، هەرشـتێك بۆ کاتی خۆی، ئێسـتا هەندێك جووڵەی سەربازی هەیە کە چەند یەکەیەکیان بردۆتە سەر سنوور، ئەو یەکە سەربازیانە هیچ ترسـێکی مەترسـیداریان لێ ناکرێت، ئەمە بەبیانووی ئەوەی گوایە نەهێڵن لەسـووریاوە خەڵکی بێنە ئەم دیووەوە، یا تیرۆرستان نەیەنە ئەم دیوو، ئایا راسـتە یان راست نییە ئەوە من نایزانم، بەڵام بەتەئکید ناردنی ئەو یەکەو هێزە سەربازییانە لایەنێکی بنەڕەتی رێکەوتنی نێوان عێراق و سوریایە کە سـنوورەکەیان کۆنتڕۆڵ بکەن، هاوکات لەعێراقدا ئەوە نیشـان دەدرێت کە دووبۆچوونی زۆر جیاواز بەرامبەر بەسوریا هەیە، کە یەکێکیان پشتگیری لەگەلی سوریا دەکات بۆ گەیشتن بەمافە دیموکراتیەکانی و رزگاربوونیان لەدیکتاتۆریەت و یەکێکیشـیان نایەوێـت ئـەو وەزعەی کە لەسـووریادایە لە رژێمەکـە تێکبچێت، لەوە دەترسـێت ئەگەر دۆخەکە بـەلای روانینێکی ئیسـلامیانەی سونەگەرادا بڕوات کاریگەری زۆر سلبی دەبێت لەسەر بارودۆخی ئێستای عێراق دەبێت، ئینجا ئەم جووڵاندنی سەرباز و یەکانە لەچوارچێوەی ئەو بۆچوونە سیاسییەدا دێت و دەچێت.

*** ئێسـتا لەعێـراق چەندیـن بیروبۆچوونی جیـاواز بەرامبەر گۆڕانکارییەکانی سـوریا هەیـە، وەك ئاگادارین هەرێمی کوردسـتان لەگەڵ رزگاربوونی کوردو گەلی سـوریادایە لە دژی دیکتاتۆریەت بەڵام حکومەتی عێراق بەپێچەوانەوە، ئایا ئەم دوو بۆچوونە چۆن یەك دەگرنەوە؟**

- ئەم دووبۆچوونە یەك ناگرنەوە، دووبۆچوونی جیـاوازەو لە زەمینەی واقیـع بوونیان هەیە، یەکێکیان سـەد دەر سەد ڕاستە کە پشتگیری لەخواسـت و داخوازی میللەتی سوریا دەکات هەروەها لەدژی جینۆسایدو کۆکوژی ئەسەدە دژ بەگەلەکەی، یەکێکیشیان بۆچوونەکە هەر ئەوەیە ئەگەر ئەو بارودۆخەی سوریا گۆڕدرا زیانی لەسـەر عێراق نەبێـت، ئەم بۆچوونەی دوایی ئەگـەر تۆزێك راستیشـی تێدا بێت، هەنجەتی ئـەوەت پێ نادات تۆ هاوکاری یان پشتگیری سەرکوتکاری رژێمێك بکەی کە دژ بەگەلەکەی دەجەنگێت.


*** زۆرجـار کێشـە سیاسـیەکانی عیـراق دەبەسـترێنەوە بە کێشـەی نەوت و غازەوە لە نێـوان حکومەتی ناوەنـدی و هەرێمەوە ئایا نەبوونی یاسـایەکی تایبـەت بە نەوت و غاز چ کاریگەری لەسەر ئاڵۆزبوونی بارودۆخەکە هەیە؟**

- سەبارەت بەکۆمپانیاکانی نەوتیش، دەستوور بەئاشـکرا دەڵێت نەوت موڵکی هەموو گەلی عێراقە، باشترین ئامراز بۆ زیادکردنی بەرهەم و بەڵێندەران دەستەبالاکردنی هەرێم و پارێزگاکانە تا بتوانن لەمبوارەدا کارەکان دەسـتەبەر بکەن، بۆ ئەوەی ئەمە بکرێت پێویسـتە بگەڕێینەوە بۆ دەسـتوور کە تێیدا هەرێـم و پارێزگاکان هەریەکەو دەسـەڵاتێکی بۆ دیاریکراوە، ئەبێت بەشـدار بـن لەدانانـی سیاسـەتی نەوت و رێـژەی بەرهەمهێناندا، هەروەها بەشـدار بن لەهەموو رووپەکەوە هاوکاتیش بەپێی دەستوور دەبێت یاسـایەکی نەوت هەبێـت کە لەگەڵ بڕگەکانی دەسـتووردا گونجاو بێت، نەك تۆ بگەڕێیتەوە سـەر یاسـایەك کە هی زەمانی سـەدام حوسـێنە، کە رژێمێکی دیکتاتۆری دایناوە، رژێمێك دایناوە کە دژ بەخواستەکانی گەل بووە ئەو یاسـایەی بەوشێوەیە داناوە کە لەبەرژەوەنـدی خۆی و دەسـتەو دایەرەکەیدا بێت و لەگەڵ خۆیـان بگونجێت، بۆیە لێرەدا پێویسـتە یاسایەکی تازە بۆ نەوت دابنرێت کە لەگەڵا دەسـتووردا گونجاو بێت تا ئەو یاسایە دادەنرێت خۆ ئێش لەبابەتی نەوت راناوەستێت، هەرێمی کوردسـتان نەوتی هەیـە ئەم نەوتە لەهەناردەکردن و فرۆشتنیشیدا بۆ بەرژەوەندی عێراق بەکاردەهێنرێت پارەکەشـی هەر دەچێتە گەنجینـەی عیراقەوە هەر لەعێراقەوە دابەش دەکرێتـەوە جارێکـی تر لە دەرئەنجامیشـدا پێویسـتە هەر لایەنێك کە ئیشی خۆی دەکات لەگـەڵ لایەنەکەی تر تەنسـیق و هاوکاری بـکات، ئەمـە دەبێتە پردێك تـا ئەو کاتەی یاسـاکە دەردەچێت ئەگەر دەرچوونی زۆری خایانـد لەکاتێکدا ئەگەر یاسـاکە زۆری پێ بچێت کە مەفروزە یاساکە زۆری پێ نەچێت، پوختەی قسـە لێرەدا دوو راوبۆچوونی جیاواز هەیە هەمدیسـانەوە لەبارەی نەوتەوە رایەکیان رای هەندێـك لەناوەندەکانی عێراقە کە لەناو حکومەتدا تەئکید لەسەر یاسا کۆنەکە دەکەنەوە کە بۆ بەمەرکەزیکردنی نەوتە، رای دووەمیش رای کوردسـتانە کە دەڵێت بابەتی نەوت دەبێ بەپێی دەستوور بێت، ئەمەش بابەتێکە لەنێوان حکومەتـی مەرکـەزی و حکومەتی هەرێم و پارێزگاکانـە کە دەبێت بەپێی دەسـتوورو یاسـایەکی تازە جێبەجێ بکرێـت، کە ئەمە دوو راوبۆچوونی جیاوازە کەتا ئێسـتا ئەم دوو راوبۆچوونە چارەسەر نەکراون چونکە یاسایەکە دەرنەچووە..

**راوبۆچوونی سەرکردایەتی ئێمە ئەوەیە لەگەڵ پرۆژەکەی ئیبراهیم جەعفەری نەرم بین. بە ئیجابیەت سەیری هەوڵ و تەقەلاکانی بکەین. ئەو رایەشم گەیاندۆتە جەعفەری کە پێی خۆش بووە**

## نزار جەنابی بۆ گوڵان:

# ئێستا عێراق بە دەوڵەتێکی فاشیل لەقەڵەم دەدرێت مالیکی هەشت ساڵە حکومڕانە و هاووڵاتیانی دووچاری نائومێدیەکی گەورە کردووە



**نزار جەنابی یەکێکە لەتوێژەرەکانی ئامۆژگای واشنتۆن بۆ ڕۆژهەڵاتی نزیک و تایبەتمەندە لەسەر پرسی عێراق و لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و بەڕێوەبەری گشتی بووە لە وەزارەتی بەرگری عێراق لە ساڵانی ٢٠٠٤– ٢٠٠٦، بۆ قسەکردن لەسەر پرسی ئێستای عێراق و بارودۆخی ناوچەکە و سوریا، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی نزار جەنابی کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** لەکاتێکدا گۆڕانکاری لەسوریادا ڕوودەدات ئەوا پێوەندی ئاڵۆزی نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستان گەیشتۆتە دۆخی سەربازی و بەرامبەر یەك وەستان لەدژی یەکتر، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا لەکاتێکدا دۆخی سوریا بەرەو ئاڵۆزبوونی زیاتر دەچێت، ئایا ئەم پێوەندیەی نێوان بەغدا و هەرێم چ کاریگەریەکی خراپی لەسەر تەواوی ناوچەکە دەبێت؟**

- من پێموانییە بگاتە دۆخی ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی و ڕەنگە ئەمە تەنیا گرتنەبەری پێگە و دۆخێکی تایبەت بێت، بەڵام ئێستا کاتی ئەوە نییە سەنگەر لەیەکتر بگرین، بەڵکو کاتی ئەوەیە هەردوولا پشتیوانی خەڵکی سوریا بکەن کە لەوڵاتەکە هەڵدێن، کاتی ئەوەیە نیشتەجێیان بکەن و خواردنیان بۆ دابین بکەن و دۆخەکە کۆنترۆڵ بکەن لەسەر سنوورەکان و خۆیان لەو جۆرە جوڵانەوانە لابدەن کە ڕەنگە ببنەهۆی دووبارە دروستبوونی شەڕ لەنێو عێراقدا.

*** لەپێوەندیدا بەدۆخی سوریاوە، وڵاتانی دراوسێی عێراق-جگە لەئێران- خوازیارن ڕژێمی ئەسەد بڕووخێت، هەروەها هەرێمی کوردستانیش هاوهەڵوێستە بۆ ئەوەی خەڵکی سوریا لەم بارودۆخە ڕزگار بێت، بەڵام حکومەتی عێراق پشتیوانی مانەوەی ڕژێمی ئەسەد دەکات، ئایا تا چەند ئەم هەڵوێستەی عێراق کاریگەری هەیە لەسەر قوربانیەکانی سوریا؟**

- نەك تەنیا کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر قوربانیەکانی سوریا، بەڵکو کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر پێوەندی عێراق بەهەر ڕژێمێکەوە کە لەداهاتوودا دەسەڵات بگرێتەدەست لەسوریا، چونکە ئەو کاتە وەك پشتیوانی ڕژێمی پێشووی سوریا لەعێراق دەڕوانرێت و ئەمەش لەبەرژەوەندی عێراقدا نابێت، بەداخەوە سیاسییەکانی ئێمە پێیانوایە پێوەندیەکانی ئێستای عێراق لەگەڵ ئێراندا لەپێوەندیەکانی داهاتووی عێراق لەگەڵ سوریا گرنگترە.

> **بەداخەوە سیاسییەکانی ئێمە پێیانوایە پێوەندیەکانی ئێستای عێراق لەگەڵ ئێراندا لەپێوەندیەکانی داهاتووی عێراق لەگەڵ سوریا گرنگترە**

*** تورکیا وەك سوپەر پاوەرێکی ئیقلیمی پشتیوانی هەڵوێستی هەرێمی کوردستان دەکات بۆ ئەوەی هاوکار بێت لەهێنانەدی گۆڕانکاری لەسوریادا، هەروەك دەبینین کە وەزیری دەرەوەی تورکیا سەردانی هەرێمی کوردستان دەکات، لەلایەکی دیکەوە بەغدا فشاری سەربازی دەکاتە سەر هەرێمی کوردستان، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ ڕاددەیەك ئەمە کاریگەری دەبێت لەسەر ئاڵۆزکردنی پێوەندیەکانی بەغدا و ئەنقەرە؟**

- پێوەندی عێراق لەگەڵ نزیکەی سەرجەم دەوڵەتە دراوسێکاندا پێوەندیگەلێکی باش نین، حکومەتی ئێستای عێراق کاری پێویستی نەکردووە و تێڕوانینی نەبووە بۆ ئەوەی ئەو پێوەندیانە بەرەوپێش ببات، کاتێك ئەم حکومەتە دەسەڵاتی گرتەدەست پێوەندی عێراق لەگەڵ تورکیادا لەدۆخێکی زۆر باشدابوو، هەروەها پێوەندیەکانی عێراق لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکانی دیکەی عەرەبدا بەرەوپێش دەچوو، بەڵام ئێستا دەبینین دووبارە عێراق بەرەو گۆشەگیری دەچێت، ئەویش بەهۆی سیاسەتەکانی و هەروەها بەهۆی هەڵوێستی لەئاست ڕژێمی سوریادا، چوار ساڵ پێش ئێستا حکومەتی عێراق سکاڵای



ئەوەی دەکرد کە ڕژێمی سوریا چەکداری بیانی دەنارد بۆ ناو عێراق، ئێستاش دەڵێن ئێمە بەهۆی ناسنامەی تائیفی ڕژێمەکەوە پشتگیری دەکەین و ئەمەش شێوازێکی باش نییە بۆ بیرکردنەوە و کارکردن لەبواری سیاسەتی دەرەوەدا.

*** ئەگەر ئەم سیاسەتە هەڵەیە دووبارە عێراق بەرەو دیکتاتۆریەت بەرێتەوە، ئایا تا چ ڕادەیەك کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دەوڵەتە دراوسێکان ڕێگەی دەدەن ئەمە ڕووبدات؟**

- ئەگەری ئەوە نییە دەوڵەتە دراوسێکان دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ بکەن و تەنانەت ئەگەری ئەوە نییە هیچ لایەك لەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەستێوەردانی زۆرملێیانە لەو پرۆسەیەدا بکەن، بەڵام دەوڵەتە دراوسێکان دەست دەکەن بەهاوکاری کردنی ئەو هێزانەی لەبری ئەوان کاردەکەن - هەروەك ئێستا ئەو کارە دەکەن-، بەمەش عێراق سەقامگیری بەخۆوە نابینێت، لەکاتێکدا پێویستە عێراق سەقامگیر بێت، لەئێستادا عێراق بەیەکێك لەدەوڵەتە شکستخواردووەکان دادەنرێت و خەڵکی عێراق لەئێش و ئازاردان و نزیکەی هەشت ساڵە ئەم حکومەتە لەدەسەڵاتدایە بێ ئەوەی هیچ ئەنجامێکی بەدەستهێنابێت.

چونکە تەنیا بایەخ بە بەرەوپێشبردنی ئەجێندای پارتەکەیان یان بەرژەوەندی شەخسی خۆیان دەدەن، بەڵام هاووڵاتیانی عێراق هیچ بەرەوپێشچوونێك بەدی ناکەن لە خزمەتگوزاریەکان و لەئاستی ژیان و گوزەرانیان و ئەمەش مایەی نائومێدیەکی گەورەیە.

*** ئایا تا چ ڕادەیەك حکومەتی عێراق پاڵپشتی ئەسەد دەکات لەکاتێکدا ئەسەد گۆمی خوێنی لەو وڵاتەدا هەستاندووە؟**

- هیچ ڕێگایەك نییە کەس و لایەنێك بتوانێت پشتیوانی ڕژێمەکەی ئەسەد بکات، لەبەر ئەوەی لەڕووخاندایە، ئەوەش واقیعەکە و پێویستە خەڵکی بیر لەدۆخی دوای ئەسەد و بنیاتنانی پێوەندی لەگەڵ سوریای نوێ بکەنەوە کە سوریایەکی بێ ئەسەد دەبێت.

**شارە کوردیەکانی سوریا و هەموو شارەکانی دیکەش بەم زووانە لەدەستی ڕژێمی سوریا ڕزگاریان دەبێت**

*** ئەوە ئاشکرایە کە چەند شارێکی کوردی ڕزگارکراون، ئایا تا چ ڕادەیەك ئەمە دەبێتە هۆی کوردەکانی ئەو وڵاتە بەمافی خۆیان بگەن و تا چ ڕادەیەك کاریگەری لەسەر کوردەکانی سوریا و تورکیا دەبێت؟**

- من دەزانم کوردەکانی سوریا دەستیان بەخۆڕێکخستنەوە کردووە و هەست بەڕزگاربوون لەفشاری سەرکوتکاری ڕژێمی سوریا دەکەن و ئەمەش مایەی ئیعجابە. بەدڵنیاییەوە هەموو کەس خۆشحاڵە بەڕزگاربوونی هەر کەسێك لەدەستی ڕژێمی سوریا، شارە کوردیەکانی سوریا و هەموو شارەکانی دیکەش بەم زووانە لەدەستی ڕژێمی سوریا ڕزگاریان دەبێت، ئەوەی پێوەندی بەکاریگەری ئەم دۆخەوە هەبێت لەسەر کوردەکانی عێراق و کوردەکانی تورکیا، ئەوا بەدڵنیاییەوە هەموو کوردێك خۆشحاڵ دەبێت لەبەر ئەوەی ئەوانیش بەهەمان شێوە کوردن و ئێستا کاتی ئەوە هاتووە هاوکاریان بکەن و پاڵپشتیان بکەن بۆ ئەوەی شارەکانیان بنیات بنێنەوە، ئەمەش ئەرکی کوردەکانە ئیتر لەهەرێمی کوردستان بێت یان لەتورکیا.

## شێخ جەعفەر شێخ مستەفا
## وەزیری پێشمەرگەی کوردستان بۆ (گوڵان):

# هێزی پێشمەرگە ئامادەباشە و توانای بەرگری لە کوردستان هەیە، بەڵام ئێمە هەوڵ دەدەین بارودۆخەکە هێوربکەینەوە

### هێزی پێشمەرگە زامنێکە بۆ گەڕاندنەوەی ناوچە دابڕێنراوەکان و پاراستنی هێمنی و ئاسایشی ناوچەکە

**دوای لەشکرکێشـــیەکەی ســـوپای عێراق بۆ ســـەر ناوچەی زوممار و هەڕەشەکانی ئەم دواییەی بەغدا بۆ ســـەر هەرێمی کوردستان بارودۆخەکە بەرەو ئاڵۆزبوون چووە، بەڕادەیەك سوپا تێکەڵاوی کێشە سیاسییەکان کرا، ئێستا حکومەتەکەی مالیکی دەیەوێت سوپا کێشە ناوخۆییەکانی بۆ چارەســـەر بکات، ئەمەش پێچەوانەی دەســـتووری عیراقە، پرسەکانی خۆپڕچەك کردنی ســـوپای عێراق و بەڕێوەبردنی ســـوپا بەو عەقڵیەتە کە لەچەند ساڵی تر مەترســـی گەورەی بۆ سەر هاووڵاتیانی هەرێمی کوردســـتان دەبێت، هاوکاتە لەگەڵ پرسەکانی پەراوێزخســـتنی بودجەی پێشمەرگەو پاراســـتن و ڕاگرتنی هاوسەنگی لەناو سوپای عێراق و مەرام و نییەتی ئەو سوپایە بەرامبەر دەستکەوتەکانی هەرێمی کوردستان. گوڵان لەدیمانەیەکی لەگەڵ بەڕێز شـــێخ جەعفەر شـــێخ مســـتەفا وەزیری پێشمەرگەی کوردستان ئەم پرسە گرنگەی تاوتوێ کرد، کە بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە . ئەمەش دەقی دیمانەکەیە.**

*** بارودۆخی ئێســـتا خەریکە بەرەو ئاڵۆزبوون دەچێت و ناچارین بەزمانی پێشـــمەرگە ئەو کێشانە چارەســـەر بکەین، پرسیار ئەوەیە ئایا بەڕێزت وەك وەزیری پێشمەرگە تاچەند هێزی پێشمەرگە سازو ئامادەیە بۆ ئەوەی لەم قۆناخە سنورێك بۆ هەڕەشەکان دابنرێت؟**

- ئەرکی هێزی پێشمەرگە پارێزگاریکردنە لەو دەستکەوتانەی کە ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان هەیە و ڕووبەڕووبوونـــەوەو بەرەنگاربوونەوەی ئەو هەڕەشـــانەیە کە دژی ئەزموونەکە و ئەو هێمنی و ئاسایشەیە کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا بەرقەراربووە، بۆیە هێزی پێشـــمەرگە هەردەم ئامادەباشـــە بۆ ئەو جۆرە ڕووبەڕووبوونەوانە، بەڵام ئەو بارودۆخە گرژییەی ئەمڕۆ لەنێوان هەرێمـــی کوردســـتان و عێـــراق هەیە هەر هەمووی قابیلی چارەســـەرکردنە بەڕێگەی دانیشـــتن و گفتوگۆ و دیالۆگی تیروتەسەل یان گەڕانەوە بۆ دەستوور کە زۆربەی خەڵکی عیراق دەنگی پێـــداوە، بۆیە ئەوەی لەتوانای حکومەتـــی هەرێم و وەزارەتی پێشـــمەرگەیە بێت بەو پێیەو ئاڕاســـتەیەی کە لەســـەرووی خۆمان پێمان دەدرێت، ئەوە ئێمە هەوڵدەدەین بۆ ئارامکردنەوەی بارودۆخەکە و ئەو گرژییەی دروســـتبووە و هەوڵدەدەیـــن و بەجیدیـــش کە لەڕێگەی گفتوگۆو دانیشـــتنەوە چارەسەری هەمـــوو کێشـــەکان بکەین نـــەك لەڕێگەی بەکارهێنانی هێزو چەکەوە، چونکە ئێمە دەزانین دەرئەنجامی بەکارهێنانی هێز لە کۆتایدا هەر گەڕانەوەیە بۆ سەر مێزی دیالۆگ، هەروەها ئێمە پێشمانوایە شەڕو بەکارهێنانی هێزو چەك نە لـــە بەرژەوەندی عیراقە و نە لەبەرژەوەندی هەرێمیشدایە.


*** بەپێی دەســـتوور و لە عیراقی نوێدا، سوپا نابێـــت بکرێتە ئالیەتێك و تێکەڵاوی کێشـــە ناوخۆییەکان بکرێت، بەڵام ئێستا حکومەتەکەی مالیکی دەیەوێت ســـوپا کێشە ناوخۆییەکانی بۆ چارەســـەر بـــکات، ئەمـــەش پێچەوانەی دەســـتووری عیراقە، ئایا تاچەند ئەم هەنگاوە عیراقی نوێ دەخاتە مەترسیەوە؟**

- بەتەئکید لەهەر شوێنێك و بۆ هەر کێشەیەکی ناوخۆ ئەگـــەر ڕوو بکەینە بەکارهێنانی هێزو چەك ئەوە ئەو دەســـکەوتانەی کە ئەمڕۆ لە عیراق هەیە دەکەونەبەر هەڕەشەو لەناوچوون، لەبـــەر ئـــەوەی بەکارهێنانی هێـــز لەهەموو ڕوویەکەوە مەترســـیدارە بۆ سەر ئەو ئازادی و دیموکراسیەتەی کە ئەمڕۆ لە عیراقدا هەیە؟

*** وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان، ئەرکـــی پاراســـتنی هەرێمی کوردستانی لە سەرشـــانە، هاوکات هاوکار و هەماهەنگە لەگەڵ وەزارەتی بەرگری**



**هیچ پارەو بودجەیەکمان وەکو هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە حکومەتی ناوەندەوە بۆ ڕەوانە نەکراوە و عیراقیش بە پێچەوانەوە خۆی پڕ چەک دەکات**





**حکومەتی عیراقی فیدراڵ بۆ پاراستنی سنورەکان، ئەوەی لە کێشەکانی ئەم دواییەی زومار بەدیمان کرد، ئەوەبوو کە حکومەتی فیدراڵی بەبێ هەماهەنگی لەگەڵ ئێوە هێزی هێناوە بۆ ئەو ناوچەیە، ئایا بۆچی حکومەتی مالیکی ویستویەتی تاکلایەنانە ئەم کێشەیە دروست بکات؟**

- پێمانوایە دروستکردنی هەموو ئەو کێشانە مەبەستی سیاسی لەپشتەوەیە، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئێمە بتوانین ئەو شەڕ و کێشانە لەخۆمان دووربخەینەوەو خۆڕاگربین لەبەردەمی ئەو کێشانە و بەسەر ئەو تەنگژەو گیروگرفتانە سەرکەوین، هەر وەکو ئەو جارەی کە لە سەعدیەو جەلەولا توانیمان ئەو بەرنامەو نیەت و مەرامانەی کە هەیانبوو شکستی پێ بهێنین.

*** بێگومان بەڕێزیشت دەزانی بەپێی دەستووری عیراق پێویستە هەر بەرەو پیشەوەچوونێك لەسەر ئاستی مەشق و ڕاهێنان و چەك لە سوپای عیراق ڕوویدات دەبێ هەمان شتیش بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان بکرێت، ئێستا وەك باس دەکرێت لەم لایەنەوە هێزی پێشمەرگە پشتگوێ خراوە، ئایا تاچەند لەپشت ئەم پشتگوێ خستنەوەیە نیەتی شەڕانگێزانە هەیە بۆ دووبارە هەڕەشەکردن لە هەرێم؟**

- دیارە دەبێت بودجەی وەزارەتی پێشمەرگە لەلایەن حکومەتی عیراقەوە دابین بکرێت، کە دەڵێت لە بودجەی عیراق واتە هەموو پێداویستییەکانی هێزی پێشمەرگە چ لەڕووی چەکەوە چ لەڕووی مەشق و ڕاهێنانەوە چ لەڕووی کەرەستەو پێداویستی لۆجستیکییەوە و تەجهیزاتەوە دەبێت لەلای حکومەتی ناوەندیەوە بۆ هێزی پێشمەرگە دابین بکرێت، چونکە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەشێکە لە دامودەزگای بەرگری نیشتیمانی عیراقی و بودجەی سیادیش بۆ هێزە چەکدارەکان لە بودجەی هەرێمی کوردستانیش دەبڕدرێت، بۆیە بەشە بودجەی ئێمە لە ناوەندە و بەیاساش ڕێکخراوە کە دەبێت بۆمان بێت، بەڵام لەساڵی ٢٠٠٧ەوە تا ٢٠١٢ ش هیچ پارەو بودجەیەکمان وەکو هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە حکومەتی ناوەندەوە بۆ ڕەوانە نەکراوە و عیراقیش بەپێچەوانەوە خۆی پڕ چەك دەکات و بەئارەزووی خۆی چەك دەکرێت و تەجهیزاتی هەیە و مەشق و ڕاهێنان دەکات و لەهەموو ئەمانەش تائێستا بەشی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی تێدا نەبووە سەرەڕای هەموو ئەمانەش ئێمە پێمانوایە جارێکی تر ئەو بارودۆخانەی کە لەپێشتر و لەزەمانی حکومڕانییەکانی پێش ئەو بارودۆخەی کە ئێستای تێدایە لە عیراقە هەبوو و دوای ڕووخانی سەدام جارێکی تر نایەتەوە پێشەوە، جارێکی تر هیچ کەس و لایەن و دەسەڵاتێك ئەوە نابینێت کە کورد ببێتەوە ژێردەستە و بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ئەوان و بەمیللەتێکی یا بەهاونیشتیمانیەکی پلە دوو دابنرێت، بۆی هەیە هەندێ جار لە هەندێ شوێن ئەوان هەڕەشە بکەن یا هێزێك کۆبکەنەوە، بەڵام ئەمڕۆ ناتوانن شەڕ بکەن یا پەلامارمان بدەن، هەر چەندە لەلایەکی تر ئەگەر بارودۆخەکە بەمشێوەیە بڕوات و حوکمڕانی عیراق بەم عەقڵییەتەوە بەڕێوەبچێت ئەوە بۆی هەیە پاش چەند ساڵێکی تر مەترسی گەورەی هەبێت.

*** ئێستا لەلایەن هەندێك پەرلەمانتاری نزیك لەدەوڵەتی یاسا باس لەوە دەکرێت کە هەرێم هەوڵیداوە چەك بکڕێت، ئایا ئێوە پێویستتان بەچەك هەیە، ئەگەر پێوستیتان پێی هەیە چۆن دەیکڕن؟**

- من پێموایە ئەو پەرلەمانتارانەی دەوڵەتی یاسا کە ئەو جۆرە قسانە دەکەن ئەوە زانیارییان کەمەو لەئاستی ئەو بەرپرسیاریەتیەش نین، چونکە هەندێ قسە دەکەن بەناوی پەرلەمانتارانەوە کە هەندێکیان لەوان هیچ مافێك بە کورد نادەن، لەوانە هەیە دەڵێت کورد چەکی کڕیووە و پەیوەندی لەگەڵ فلانە دەوڵەت هەیە و ئەو کەس و پەرلەمانتارو لایەنانە بەئارەزووی خۆیان قسە لە گیرفانیان دەردەهێنن و ئەمانەش بۆ شێواندنی بارودۆخ و بابەتەکانە، بۆیە لێرەدا بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە ئێمە هیچ چەکێکمان نەکڕیووە، ئەگەر بێتە سەر ئەوەش بۆ پارێزگاریکردن لەخۆمان و لەمیللەت و دەسکەوت و ئەزموونەکەمان و لەکاتێکدا ئەگەر نائومێدیش بووین لە عیراق ئەوە بەتەئکید دەستکراوەین بۆ پڕچەککردنی خۆمان و ئەنجامدانی مەشق و ڕاهێنان بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان تاوەکو بتوانین پارێزگاری لەدەسکەوتەکانی هەرێمی

**بەکارهێنانی**
**هێز لەهەموو ڕوویەکەوە**
**مەترسیدارە بۆ سەر**
**ئەو ئازادی و**
**دیموکراسیەتەی کە ئەمڕۆ لە**
**عیراقدا هەیە**



کوردستان بکەین.

*** پێش ئەو رووداوانەی سوریا، چەندین جاری دیکە سنورەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن دراوسێکانەوە ئاڵۆزی لێ دروستبووە، بەڵام حکومەتی عیراق نە سوپای جوڵاندووە نە هیچ، بۆیە ئێستا کە هێز دەنێردرێت بۆ رەبیعەو زمار شتی دیکەی لێدەخوێنرێتەوە، ئایا بەڕای تۆ چی لە پشتی ئەو هەنگاوانەی حکومەتی عیراق هەیە؟**

- لەڕاستیدا زۆرجار سنوورەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن دەوڵەتەکانی دەوروبەرەوە بەزێندراوە، بەڵام بەداخەوە عیراق هیچ هەڵوێستێکی روون و ئاشکرای بەرامبەر ئەو کێشەو دەوڵەتانە نەبووە، هەرچەندە ئێمە ماف بە عیراق دەدەین ئەگەر خۆی بەبەرپرس بزانێت بەرامبەر هەموو سنوورەکان و مافی خۆیەتی پارێزگاری لێ بکات، چونکە بەرپرسیاریەتی سنوورەکان لەئەستۆی حکومەتی ناوەندە، بەڵام لەکاتێکدا ئێمە وەکو هەرێمی کوردستان بەپێی یاسا و دەستوورەوە ئەگەر پێویستمان بە هێزو سوپای عیراق هەبێت بۆ پارێزگاری کردن لەسنوورەکانمان یا بۆ رووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەیەك کە کاریگەری خراپی بۆ سەر بەرژەوەندی و هێمنی و ئاسایشی هەرێم هەبێت و لەو کاتەشدا هەر دەبێت لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە داوا لە عیراق بکرێت بۆ هاوکاری کردن نەك حکومەتی عیراق لەخۆیەوە هێز بەکەڵەگایی بنێرێت ئەمەش نەقابیلی قبوڵە نە قبوڵیش دەکرێت.

*** لایەنێکی دیکە مەسەلەی ناوچە دابڕێنراوەکانە کە ئێستا بەهۆی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە توانراوە ئەو ناوچانە سەقامگیریان تێدا دروست بکرێت، بەڵام هەوڵیش هەیە بۆ ئەوەی سەقامگیری ئەو ناوچانە تێکبدرێت، پرسیار ئەوەیە، ئایا ئەگەر ئەو ناوچانە هەڕەشەیان کەوتەسەر تاچەند ئێوە ئامادەن وەك هێزی پێشمەرگە بیانپارێزن؟**

**ئەگەر نائومێد بووین لە عیراق ئەوە دەستکراوەین بۆ پڕچەککردنی خۆمان تاوەکو بتوانین پارێزگاری لەدەسکەوتەکانی هەرێمی کوردستان بکەین**

- بەتەئکید یەکێك لەکێشەکانی ئێمە ئەو ناوچە دابڕێنراوانەی کوردستانە کە کێشەو ناکۆکیان لەسەرە و تائێستا نەگەڕاونەتەوە سەر هەرێمی کوردستان و ئەو هەڕەشەی پێشتر هەبوو لەسەر کورد و تورکمان و دانیشتوانی رەسەنی ئەم ناوچانە ئەوە ئێستاکەش هەمان هەڕەشە بەزیادەوەش لەسەر خەڵکەکە هەیە، لەبەر ئەوەی هێزی پێشمەرگە زامنێکە بۆ گەڕاندنەوەی ئەم ناوچە دابڕێنراوانە بۆ سەر هەرێمی کوردستان و بۆ پاراستنی هێمنی و ئاسایشی ناوچەکە و رووبەڕووبوونەوەی هەر هەڕەشەیەك کە دەکرێتە سەر دانیشتوانە رەسەنەکەی ئەو ناوچانە.

*** لەدوای ساڵی ٢٠٠٣وە واتە لەدوای پرۆسەی ئازاد کردنی عیراقەوە لە نێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عیراقدا لیژنەیەکی ٣ قۆڵی هەیە کە ئەمەریکاش لەخۆ دەگرێت و هەماهەنگی نێوان ئەم سێ لایەنە کاروبارەکان بەڕێوەدەبات، پرسیار ئەوەیە ئایا ئەم هەماهەنگییە ئێستا ماوە، ئەگەر ماوە بۆ حکومەتی عیراق پێوەی پابەند نابێت؟**

- تائێستاش ئەم هەماهەنگییە سێ قۆڵییە ماوە و کارو ئیشەکان وەکو خۆی دەڕوات بەڕێوە و بازگەی هاوبەش و لیژنەی هەماهەنگیمان لەنێوانەدا هەیە و لەهەندێ شوێن هێزو دەوریاتی هاوبەشمان بەیەکەوەیە، بەڵام بەتەئکید ئەو هەماهەنگیەش خەلەلی تێکەوتووە.

*** حکومەتی هەرێم و وەزارەتی پێشمەرگەی کوردستان لە هەموو ئەو کێشانەی لەنێوانیان لەگەڵ عیراق دێتەپێش ڕێگاچارەی سەرەکی بەگفتوگۆ دانیشتن بووە، ئایا لەم کێشەی ئێستاکە کە حکومەتی عیراق هێزی هێناوەتە زمار هیچ دانیشتن و دیالۆگێك ئەنجام دراوە؟**


- نەخێر لەم ماوەیەدا بەتایبەتی لە دەستپێکردنی ئەو کێشەو گرژیەی ئێستادا کە لە ناوچەی زوممارە هیچ دانیشتن و گفتگۆیەکمان نەکردووە.

*** ئایا هێزی پێشمەرگەی کوردستان پێکهاتەیەکی دامەزراوەیی و ڕێکخراوە و دەتوانێت رووبەڕووی هەموو ئەو کێشەو گرفت و هەڕەشانە ببێتەوە کە رووبەڕووی دەبنەوە؟**

- بێگومان هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە شێوەیەکی سەردەمیانە بەدامەزراوە کراوە، بەدڵنیاییەوە هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەتوانێت رووبەڕووی هەموو ئەو کێشەو گرفت و هێزانە ببێتەوە کە رووبەڕووی دەبنەوەو هەڕەشەن بۆ سەر ئەزموون و دەسکەوتەکانی هەرێمی کوردستان.



# هەقە کوردەکانی سوریا دەست بە ڕێککەوتنە هاوبەشەکەی هەولێرەوە بگرن



ئاسۆ کەریم
بۆ گوڵان نووسیویەتی

ساڵەك پترە باری ناوخۆی سوریا تێکچووە. ڕۆژ دوای ڕۆژ ڕەوشی ئەوێ خراتر دەبێت. لەو شەڕو هەرا ناوخۆییەدا، هەموو چەکێکی سوك و قورسی تێدا بەکارهاتووە و دێ. خەڵکێکی زۆر کوژراوە. زیانێکی زۆر بەر خەڵکی مەدەنی کەوتووە. ڕژێمی ئەسەد، بەناچاری بێ یان نا، کۆنترۆڵی بەسەر بەشێکی وڵاتەکەیدا نەماوە. بە دەیان هەزار کەس لە سنوور پەڕیونەتەوەو تەڕیدەی تورکیا، هەرێمی کوردستان، عێراق، ئەردەن و لوبنان بوون. لەم شەڕو هەڵڵا ناوخۆییە سورییەدا، پێشێلکاری زل و گەورەی مافەکانی مرۆڤ و قانوونی نێودەوڵەتی مرۆیی کراوەو بووە بە تراجیدیایەکی ڕۆژانەی مرۆڤایەتی، کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان هەر هەندەی پێ کراوە شەرمەزاری بکات...

ڕاستە ئەم شەڕو شۆڕەی نێوان ئۆپۆزیسیۆن و ڕژێمی ئەسەد، بە دوو باردا هۆکاریی دەرەکی تێکەوتووە. زۆرینەی وڵاتانی ئەوروپی، ئەمریکا، تورکیا، وڵاتانی کەنداو، لیبیا و چەند وڵاتێکی تری عەرەب، ڕێکخراوی قاعیدە.. بە قازانجی ئۆپۆزیسیۆن، بە فەرمی بێ یان نا فەرمی، چ ڕاستەوخۆ بێ چ ناڕاستەوخۆ؛ بە هاندان، بەدەست لە پشتدان، بە حەواندنەوەو کۆمەکپێکردن یان بەشداریکردنی ڕاستەوخۆ، کەوتوونەتە لایەکی هاوکێشەکەوە، لێ ئەگەر سۆنگەو زوڵم و زۆری ناوخۆیی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی لە سوریا نەبایە، ئەگەر رووخان و بەلاداکەوتنی چەند ڕژێمێکی ستەمکاری ناوچەی عەرەبی و هۆکاری لەباری نێودەوڵەتی نەبان، ئۆپۆزیسیۆن و « سوپای ئازادی سوریا » ئەو شەڕەیان پێ نەدەکراو نەدەگەیشتنە دیمەشق و ئاگرەکە زوو دەکوژایەوەو هەندە دەوامی نەدەکرد. ئەو هۆکاری دەرەکییە بۆ ڕژێمەکەی ئەسەد-یش چەند قات ڕاستە، ئەگەر پشتەوانیی رووسیا، ئێران، چین و حزبوڵڵای لوبنان و.. نەبایە هەندە خۆی

نەدەگرت و دەڕووخا.
لە هاوکێشەی سوریادا، تەوەربەندیی و ریزبوونەوەی هێزەکان، هەم ناوخۆیی سوری، هەم عەرەبی، هەم ناوچەیی، هەم نێودەوڵەتییە. بەتەنێ تەوەربەندیی سوننە-شیعە نییە لە ناوچەکەدا وەکو هەندێ کەس و لایەن و شرۆڤەوان لێکیدەنەوەو وێنای دەکەن. راستە ئەنجوومەنی نیشتمانیی سوری لە ئەستەمبوڵ لە ٢٠١١/١٠/٢ لەژێر چاودێریی تورکیا دامەزرا. راستە تورکیا کەمپی بۆ حەوانەوەو مەشقپێکردن لە دیوی خۆی بۆ ئۆپۆزیسیۆن کردۆتەوە و لە ٧ جێگەدا، لەوانە لە بەرانبەر کوبانێ و قامیشلۆ، دەیان هەزار سەربازو تانك و تۆپی هێناوەتە سەر سنوور و دەستی بە مانۆڕ کردووە. راستە یەك دوو جار پێکدادان و پێکهەڵپژان لەنێوان سوپای سوری و سوپای ئەردەنی بووە و بەرانگژی یەکتر بوونەتەوە. راستە لەناو لبنان-یش لایەنگرانی ئەسەد و ئۆپوزیسیۆن بەرەنگارو ئامبازی یەکتر بوونەتەوە. راستە قاعیدە دزەی کردۆتە ناو سوریا و لە هەندێ شاری وەك ئیدلب تەراتێن دەکات. ئەوە باسی کۆمەك و باروبووی ئەمریکی و ئەورووپی و کەنداو لەوێ بوەستێ. لەسەرەکەی ترەوە، راستە ئێران هەموو کۆمەکێکی ماددی و مەعنەویی سوریا دەکات و هەڕەشە لەوانەش دەکات کە راستەوخۆ مایەی خۆتێکردنی سەربازی لە سوریا بکەن و دەنگۆی ئەوەش هەیە پاسداری بۆ سوریا ناردبێت و لە وڵاتانی دیکەش گرژی و پشێوی دەنێتەوە. راستە رووسیاو چین، لێ ناگەڕێن، ئەنجوومەنی ئاسایش، بڕیاری جیددی لەبارەی رەوشی سوریاوە بدات و دژی مایەی خۆتێکردن وەستاونەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، رۆڵی هەر هۆکارێك لە ساخبوونەوەی ئەم ململانێیە، رێژەییە. لێ بە دیدی من هۆکاری ناوخۆیی یەکلاکەرەوەیە و مایەی خۆتێکردن« دەخالەت » لە کاروباری ناوخۆی سوریا، رەوشەکە ئاڵۆزو پاڵۆزتر دەکات. وەك لەبەرچاوە، بازنەو بنکەی رژێم رۆژ بە رۆژ تەسکتر دەبێتەوەو وردە- وردە دەست و پێوەندی لێ دەبنەوە. چاودێران پێیانوایە رژێمەکەی ئەسەد زوو یان درەنگ هەر دەڕوات.

وەکو لە سەرێ گوترا، رژێمی ئەسەد، بەناچاری بێ یان خۆی گەرەکی بووبێ، کۆنترۆڵی بەسەر بەشێکی وڵاتەکەیدا، لە باکوور، باکووری رۆژهەڵات و باکووری رۆژئاوا، لە هەندێ دەڤەرو ناوچەی پارێزگاکانی «حەسەکە، حەلەب، رەقە، ئیدلب»دا نەماوە و بۆشایی دەسەڵات دروست بووە. لەم ناوچانەدا، بەڕێوەبردنی کاروباری خۆجێی، پاراستنی ژیان و موڵك و ماڵ، دایرەو دەزگا خزمەتگوزارییەکان، کەوتوونەتە دەست لایەن و ناوەندی جیا-جیاوە. واتە یەك ناوەندی یەکگرتووی بڕیارو بەڕێوەبردن و پاراستن نییە. بە مانایەکی تر، «ئەنجوومەنی نیشتمانیی سوری» لەو ناوچانەی ئاماژەی پێکرا، هەمەکارە نییەو لایەنی دیکەیش هەن نەك هەر لە ناوچە زۆرینە کوردنشینەکاندا، بەڵکە لە ناوچەکانی تریشدا. بۆشایی دەسەڵات و ئەم رەوشە، جۆرێ لە بێسەروبەری و

**ئۆپۆزیسیۆنی سوری، سەرەڕای پەرت و بڵاوی، لەبەر چەندین هۆکار، لەوانە نەبوونی ئەجێنداو هەڵوێستێکی روون لە بەرانبەر مافە رەواکانی کورددا، نەشیاوە تا ئێستە جێگەی خۆی لە ناوچە کوردنشینەکان بکاتەوە**

پشێوی ناوەتەوەو تورکیاو لایەن و وڵاتانی تریشی سەغڵەت کردووە. لەو سۆنگەیەوە، کە رەنگە ئەم خۆبەڕێوەبردنە خۆجێیانە، دواجار سەربکێشنە خۆبەڕێوەبردنێکی نا- مەرکەزیی لەسەر بنەمای ئیتنی و تایەفی. ئەوە لە کاتێکدا لە سوریا، بێ لە خەڵکی سوننەمەزەب کە زۆرینەن، عەلەوی- دەوروبەری ١٢٪، کورد دەوروبەری ١٠٪، دروز- ٣٪، ئیسماعیلی- ١٪، مەسیحی هەن...هەرچەندە، هەم ئەمریکا، هەم «سوپای ئازادی سوریا» و هەم تورکیا، هەم ئێران هەریەکەیان بەجیا لەمبارەوە ئاخاوتنی رەسمییان داوە کە دەبێ سوریا یەکگرتوو بمێنێتەوەو رێگە بە هیچ جۆرە جیابوونەوەیەك نادرێ، بەڵام لەهەمانکاتدا لەم کاودانەی سوریای تێدایە، ئەمریکا نایەوێ کورد- تورکیا، یان کورد- عەرەب لە سوریا رووبەڕووی یەکتر ببنەوەو رەوشەکە بئاڵۆزکێت...

کوردستانی رۆژئاوا، یان «باشووری بچووك»، یان ناوچەی زۆرینە کوردنشین دەکەوێتە باکوور و باکووری رۆژهەڵاتی سوریاوەو هاوسنوورە لەگەڵ هەرێمی کوردستان- عێراق و کوردستانی باکوور-تورکیادا. زۆرینەی کورد لە سوریا سوننەیە، بەڵام وەك چۆن لە عێراق-یش هەروایە، لێ کورد پێکهاتەیەکی جودایە. کێشەکەی، کێشەیەکی مەزهەبی نییە، گرفتی ناسنامەو دانان بە مافە نەتەوەیی و ئینسانییەکانی هەیە. لە ناوچەی کوردنشیندا، «ئیسلامی سیاسی»، ئیخوانی بێت یان نا، نفووزێکی ئەوتۆی نییەو هەر ئەمەش وایکردووە، ئۆپۆزیسیۆنی سووری، پێگە و بوونێکی ئەوتۆی لەناو کوردانی ئەوێدا نەبێت. زێتر وەك لەبەرچاوە، سەمت «ئیتیجاهات»ی نەتەوەیی-عەلمانی بە هەموو تەوژمەکانییەوە بەسەر بزووتنەوەی سیاسیی لە کوردستانی رۆژئاوادا زاڵە. لەناو نەتەوەیەکی ٢,٥ دوو ملیۆن ونیو حەشیمەتدا، زێتر لە ٢٠ حزب و کۆڕو کۆمەڵی سیاسی وجودی هەیە. بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە سوریا، بەشێکی لەمێژە پێوەندی و تێکەڵاوییەکی پتەوی بە کوردستانی عێراقەوە هەیە کە لەناو «ئەنجوومەنا نیشتمانیی یا کوردی لە سوریا» کۆبوونەتەوەو ١٦ حزب و لایەنی سیاسی گرتۆتە خۆی، بەشێکیشی تێکەڵاوییەکی لەگەڵ کوردی تورکیا و بزووتنەوە سیاسییەکانی ئەوێ، بەتایبەت PKK، هەیە: مەبەست «کۆما جڤاکێ کوردستان/رۆژئاڤا»یە کە پارتی یەکێتی دیموکراتی PYD وچەند لایەنێکی تر دەگرێتەوە. دیارە ناوی شارو ناوچە کوردنشینەکان، تەعریب کراون و پشێنەیەکی عەرەبی لە ناوەڕاستی شەستەکانەوە دروستکراوە. بۆ نموونە «دێریك» بووە بە «المالکیە»، «تربەسپی» بووە بە «القحطانیە»، «چل ئاغا» بووە بە «الجوادیە»، «تەل کۆچەر» بووە بە «الیعربیە»، «سەری کانی» بووە بە «رأس العین»، «کوبانێ» بووە بە «عین العرب». رژێمی ئەسەد، بە ناچاری بێت یان لەبەر هۆیەکی تر، لە ١٩ی تەمووز هێرەوە، کۆنترۆڵێکی ئەوتۆی بەسەر هەندێ


ناوچەی کوردنشین وەك: عەفرین، کوبانێ، دێرکا حەمکۆ، عامودا نەماوە و لە لایەن کوردان خۆیانەوە دەپارێزرێن. لەم ناوچانەدا، لایەنەکان بە هەردوو بەرەوە کەوتوونەتە خۆ، وێڕای پاراستنی تەناهی و ماڵ و موڵکی خەڵك و دەوڵەت، ناسنامەی نەتەوەیی کوردیی هاتۆتەپێش و باس لە داهێنانی جۆرێ لە خۆبەڕێوەبردن دەکرێ. لە ١١ی تەمووزدا، بەچاودێریی سەرۆك بارزانی، لە هەولێر لەنێوان هەردوو بەرەی بزووتنەوەی سیاسیی کوردی لە سوریا کە لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کردن، ڕێککەوتنێك کراو «دەستەیا کوردی یا بلند» پێکهێنرا و تائێستە ئەم دەستەیە، چەند کۆبوونەوەیەکی لە ٢٢-٧/٢٤دا کردووە. هەندێ خاڵی ئەو ڕێککەوتنە، کەوتۆتە بواری جێبەجێکردنەوە، لێ هێشتا دڕدۆنگی و قسەبەیەکترگوتن لەنێوان هەردوو بەرەدا ماوە، هەماهەنگیی دروست و تەواو لەنێوان هەردوو لادا نییە. بێ لەوە وەك لە سەرەوە گوتمان، ئۆپۆزیسیۆنی سوری، سەرەڕای پەرت و بڵاوی، لەبەر چەندین هۆکار، لەوانە نەبوونی ئەجێنداو هەڵویستێکی روون لە بەرانبەر مافە رەواکانی کورددا، نەشیاوە تا ئێستە جێگەی خۆی لە ناوچە کوردنشینەکان بکاتەوە، یان پێوەندییەکی ساغلەم لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی کورددا دابمەزرێنێ و دواتر ناوچەی کوردنشین بکاتە قزگەی ئازادکردنی تەواوی سوریا و دەروازەکانی سنوور لەگەڵ تورکیا ئازادانە بۆ ئاسانکاریی لۆجیستی بە ڕوویدا بکرێتەوە. هەروا بوونی عەبدولباسیت سەیداش، کە بە رەگەز کوردە، بە سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی سوری، جێگەیەکی بۆ ئۆپۆزیسیۆن لە ناوچە کوردنشینەکاندا نەکردەوە. لە سەرێکەوە ئەو خۆرەپێش نەکردنەی لایەنەکانی کورد لە سوریا لە دژایەتی ڕژێمەکەی ئەسەددا، بۆ کورد تارادەیەك و تائێرە باش بووە، کە ناوچەکانی خۆی لە شەڕو شۆڕو کاولکاری و کوشت و کوشتار تا رادەیەك پاراستووەو کورد کەمترین زیانی گیانی و ماددی پێ کەوتووە. لێ لە سەرەکەی ترەوە، ئەم رەوشەی کورد لە سوریا، تورکیای سەغڵەت کردووە کە داخوا تا کەوتنی رژێمی ئەسەد، کورد لە ناوچەکانی خۆیدا، چ دەکات و چ جۆرە خۆبەڕێوەبردنێك، نیمچە قەوارەیەك بە هەر ناوێکەوە بێت کە PYD ی تێدا برابەش بێت، دروست دەکات، داخوا پێش ئۆپۆزیسیۆنی سوریا دەکەوێت و خۆی دەکاتە ئەمری واقیع و مەرجەکانی خۆی دەسەپێنێت. ئەوە لەکاتێکدایە باس لەوە دەکرێ کە ئەسەد بە ئانقەست ئەو ناوچانەی رادەستی هەندێ لایەنی کوردی کردووە، تا بوارو دەرفەتێك بۆ تێکەڵکردنی کارتەکان بکرێتەوە. بەشێك لە میدیای تورکیا، هەر هەوڵێکی پێشوەختەی لەمبابەتە، بەدژی پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی ناوچەکە ناودەبەن، بەو مانایەی هێزێکی پەیوەست بە PKK بەشداریی بەرچاوی تێدا بکات. وێدەچێ دەوڵەتی تورکیا لە روانگەی هەنووکەیی تەناهیی وڵاتەکەیەوە، کە PKK بەسەرچاوەی تیرۆر دەزانێ و لەم دواییانەدا، ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ PKKدا توندتر بووە لە ناوخۆی تورکیا، سەیری ڕووداوو پەرەسەندنەکانی ناو سوریا، بەتایبەتی لەسەر ئاستی کوردی، بکات لەسەر حیسابی تەناهیی درێژخایەن. دیارە کورد فاکتەرێکی سەرەکییە لە گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەدا و گەیشتن بە هەندێ لە مافە نەتەوەیی و ئینسانییەکانی، مەترسییەك بۆ سەر تەناهیی درێژخایەن و ستراتیجیی تورکیا دروست ناکات، ئەگەر تورکیا هەقیقەتی کورد وەکو خۆی ببینێ بە کوردەکانی ناو تورکیاشەوە لە کاتێکدا تورکیا پێوەندیی لەگەڵ هەر سێ پایتەختەکە (تاران، دیمەشق، بەغدا) باش نییە. ئەو سەغڵەتییە هەنووکەییەی تورکیا، ئەردۆگان-ی هێنایە دوان و وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەی، ئەحمەد داود ئۆغلوی لە ٢ی ئابدا ناردە هەرێمی کوردستان.

**دەستگرتن بە ڕێککەوتنە هاوبەشەکەی هەولێر لەنێوان هەردوو بەرەی کورد لە سوریا و جێبەجێکردنی تەواوی بەندو خاڵەکانی لە هەموو بوارەکانی سیاسی، بەڕێوەبردن و تەناهییەوە دەکەوێتە ئەستۆی لایەنەکانی کورد لە سوریا خۆیانەوە**

وەك دیارە، تورکیا دەیەوێ، کورد بەتایبەتی «ئەنجوومەنا نیشتمانیی یا کوردی لە سوریا» بچێتە پاڵ ئۆپۆزیسیۆنی سوریاوە، یان بەگوڕتر بخزێنە ناو هەوڵ و تێکۆشان بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی بەشار ئەسەد و خۆ خەریکی دامەزرانی رایەڵکەو یەکەیەکی خۆبەڕێوەبەری نەکەن کە PYD ی تێدا باڵادەست بێت. بەکورتی پێشەبرکە لە ئۆپۆزیسیۆن نەگرنەوە. بۆ ئەمەش نوێنەرانی هەردوو ئەنجوومەن: «ئەنجوومەنی نیشتمانیی سوری» و «ئەنجوومەنا نیشتمانیی یا کوردی لە سوریا» لە هەولێر بەئامادەبوونی داود ئۆغلو کۆبوونەوە.

لەم رەوشە پێچاوپێچەدا، هەڵوێستی سەرکردایەتیی سیاسیی هەرێمی کوردستان راست بووە، بەو مانایەی کە ئەوە گەلانی سوریان، چارەنووسی سیاسیی خۆیان دیاری دەکەن و هەرێمی کوردستان مایەی خۆی لە کاروباری ناو سوریا ناکات. لەهەمانکاتدا سۆزو لایەنگیریی خۆی بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی کورد لە سوریا و لە وڵاتانی تردا نەشاردۆتەوە و بێشك یەکرێزی کوردیشی لە سوریا بە دەروازەیەکی گرنگ بۆ بەدیهاتنی لانی کەمی ئەو مافانە و قالبگرتنیان لە فۆرمێکی دیاریکراودا، زانیوە. لەم روانگەیەوە دەستگرتن بە ڕێککەوتنە هاوبەشەکەی هەولێر لەنێوان هەردوو بەرەی کورد لە سوریا و جێبەجێکردنی تەواوی بەندو خاڵەکانی لە هەموو بوارەکانی سیاسی، بەڕێوەبردن و تەناهییەوە دەکەوێتە ئەستۆی لایەنەکانی کورد لە سوریا خۆیانەوە. لەهەمانکاتدا پێویستە عەرەب و سریان کلدان ئاشووری لە گەڵ خۆیاندا بەشداریی پێ بکەن بۆ پاراستنی ئاشتی و تەناهی لە ناوچەکانیاندا کە رەنگە ببێتە دەستەبەرێك بۆ رەواندنەوەی نیگەرانییەکانی ئەملا و ئەولای ناو سوریا، هەروا تورکیاو ئەمریکاش. هەرچی نزیکبوونەوەی نێوان کوردو ئۆپۆزیسیۆنیشە، ئەوە باری پتری دەکەوێتە ئەستۆی ئۆپۆزیسیۆن کە ئەجێندایەکی روونی بەرانبەر کوردو مافەکانی هەبێت لە ئێستاو لە داهاتوودا و پێویستە کورد هەماهەنگیی هەبێ لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆندا نەك دژایەتی یان بەشداریکردنی بێ مەرج لە ناویدا.

# کوردی سوریاو ئایندەی دەستکەوتەکانیان



فەرید ئەسەسەرد
بۆ گوڵان نووسیویەتی

گومانی تێدانییە کەئەوەی کوردی سوریا لەم هەلومەرجە دژوارەی سوریادا بەدەستیان هێناوە، دەستکەوتی گرنگە. بەڵام لێرە مەسەلەکە مەسەلەی بەدەستهێنانی دەستکەوت نییە، بەڵکو مەسەلەی چۆنێتیی پاراستنی دەستکەوتەکانە. تائێستا هیچ بەڵگەیەك لەسەر ئەوە نییە کەکوردی سوریا دەتوانێ دەستکەوتەکانی بپارێزێ. لەناو دراوسێکانی سوریا، جگە لەکوردی باکوورو باشوور، کەس کەیفی بەم دەستکەوتانە نایەو هەر لەسەرەتاوە بەرەیەکی بەهێز لەدژی دەستکەوتەکان دروست بووە.

مەرج نییە سیناریۆی هەرێمی کوردستان لەناو کوردی سوریا دووبارە ببێتەوە. سەرکەوتنی کوردی عیراق لەسەپاندنی فیدرالیزم بەسەر عیراقدا، پێوانە نییە بۆ سەرکەوتنی هەوڵی کوردی سوریا بۆ سەپاندنی دیفاکتۆیەك بەسەر سوریادا. کوردی سوریا هیچی لەئۆپۆزیسیۆنی سوریا هەڵنەکڕاندوەو لەدوا کۆنگرەی ئەنجومەنی نیشتمانیی سوریا، کورد مافی ئۆتۆنۆمیی بەدەستنەهێنا. پێناچێ ئەم هەڵوێستەی ئەنجومەنی نیشتمانیی سوریا، لەقۆناغی پاش ئەسەد هیچ گۆڕانێکی بەسەردا بێت. لەم هەلومەرجەی ئێستادا، ئەنجومەنی نیشتمانیی سوریا بەگومانەوە دەڕوانێتە پرۆسەی کشانەوەی کتوپڕی سوپای سوریا لەناوچە کوردنشینەکان. سوپای ئازادی سوریاش هەمان نۆڕینی هەیە. پەرەسەندنی توانای سوپای ئازادی سوریا، بەتایبەتی پاش شەڕەکانی دیمەشق و حەلەب، ئاماژەیەکە بۆ ئەگەری هەڵکشانی کاریگەریی ئەم سوپایە لەسەر نۆڕینەکانی ئۆپۆزیسیۆن و سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکیی رژێمی داهاتووی سوریا. تورکیاو رۆژئاواو کەنداو پێیان باشە ئەم سوپایە لەرژێمی داهاتوودا رۆڵێکی گەورەی هەبێ بۆ ئەوەی سوریا تووشی پاشاگەردانی نەبێ و ئەزموونی دژواری عیراق پاش روخانی رژێمی سەددام حسێن، لەسوریا دووبارە نەبێتەوە.

ئەمریکییەکان لەدارشتنی هەڵوێستیان بەرامبەر بەرەوشی ناوچە کوردنشینەکانی سوریا، ناتوانن بەرژەوەندییەکانی تورکیا و نۆڕینەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سوریا لەبەرچاو نەگرن. فیلیب گۆردن، یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ کاروباری ئەورووپاو ئاسیا، هەڵوێستی وڵاتەکەی لەم بارەیەوە بەڕوونی دەربڕی و وتی ((سەبارەت بەئایندەی سوریا، ئێمە پشتگیریی دروست کردنی هەرێم یان ناوچەیەکی ئۆتۆنۆم بۆ کورد ناکەین)).

بەڵام کەس بەقەد ئەنکەرە لەڕەوشی ناوچە کوردنشینەکانی سوریا نیگەران نییە. سەرەك وەزیران رەجەب تەیب ئەردۆغان هەڕەشەی دەستێوەردانی لەباکووری سوریا کرد بۆ تەگەرەدان لەدروستبوونی هەرێم. پاش ئەویش، وەزیری دەرەوە داوود ئۆغلۆ ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کەپەیدابوونی چەند ناوچەیەکی ئیتنیکی لەسوریا دەبێتە مایەی ئەوەی کە((سوریا وەك لوبنانی لێ بێ)).

ئەمە بەم مانایە دێ کەهیچ شتێك گەرەنتیی بەردەوامبوونی ئەو دەستکەوتانە ناکا کەکوردی سوریا لەناوچەکانیان بەدەستیانهێناوە. بەشێکی زۆری ئەو دەستکەوتانە بەندن بەڕوخانی رژێمی ئەسەد. ئەگەر رژێمی ئەسەد توانی خۆی رابگرێ و نەڕووخێ، دەم و دەست هەموو دەستکەوتەکان لەکورد دەسەنێتەوە. بەڵام ئەگەر ڕووخا، وەك چاوەڕوان دەکرێ، هیچ بەڵگەیەك لەسەر ئەوە نییە کەئەلتەرناتیڤی داهاتوو بەم دەستکەوتە بەدەستهێنراوانەی کورد رازی دەبێ. لەسوریا جوگرافیاو دیموگرافیا دەرفەتێکی وا بۆ کورد پێك ناهێنن کەبتوانێ پارێزگاری لەدەستکەوتەکانی بکاو لەم سۆنگەیەوە ئەم دەستکەوتانە هەم لەئەگەری مانەوەی رژێمی ئەسەددا بەهەڕەشە لێکراوی دەمێننەوە هەم لەئەگەری روخانی رژێم و هاتنە سەر کاری رژێمێکی تر.

ئەگەر رژێمی ئەسەد توانی خۆی رابگرێ، دەم و دەست هەموو دەستکەوتەکان لەکورد دەسەنێتەوە. بەڵام ئەگەر رووخا، هیچ بەڵگەیەك لەسەر ئەوە نییە کە ئەلتەرناتیڤی داهاتوو بەم دەستکەوتە بەدەستهێنراوانەی کورد رازی دەبێ

چانسی بەردەوامبوونی ئەم دەستکەوتانە، بەو جۆری کە کورد دەیەوێ، زۆر لاوازە. ئەمەش دەبێ ببێ بەفاکتەرێك بۆ هاندانی کورد بۆ کەم کردنەوەی رادەی گرژیی لەپەیوەندییەکانی لەگەڵ لایەنە ناوخۆیی و دەرەکییەکاندا. لەم بوارەدا دەبێ ئەوەی لەبەرچاو بگیرێ کەپاش روخانی رژێم، کوردو عەلەوییەکان و مەسیحییەکان خۆیان لەهەلومەرجێکی تەواو جیاوازدا دەبیننەوە کەدەبێ لەئێستاوە خۆیانی بۆ ئامادە بکەن و بیر لەهەموو وردەکارییەکان بکەنەوە.

# تێگەیشتنی گۆڕاو لە ئیسلامی نەگۆڕ



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان نووسیوێتی

زۆرێك لـەو تێگەیشـتنانەی بۆمـان ماوەتەوە لەئیسلام، تێگەیشتنی نەوەکانی پێش ئێمەن لەئیسلام نەك ئیسلام خۆی.

ئێستا ئێمەش وەك ئـەوان هەمـان قورئان و فەرمودەی سەحیحمان هەیە، جاران لەبەر ڕۆشنایی قورئان و فەرمودەی سـەحیحدا موسوڵمانان جۆرێك لەفەرمانڕەوایەتییان کردووە، ئـەوە بۆ ئێمە مولزیم نییە بەڵکو جۆرێکی فەرمانڕەوایەتیی بووە، فیقهی فەرمانڕەوایەتیش وەکو هەر فیقهێکی دی یەکسانە بە(قورئان و سـوننەت) لێکـدراوە لەگەڵ (زەمان و زەمین) لێکدراوە لەگەڵ کەسی (فەقیە).

واتە قورئان و فەرموودەی سەحیح نایەنە گۆڕین و وەکـو خۆیانـن، بەڵام کە زەمان یـان زەمین یان فەقیهەکە گـۆڕا، یان دووانیان یان هەرسـێکیان، ئەوسا ئەو ئەنجامەی دەستمان دەکەوێت دەگۆڕێت.

بۆ نموونە : لەبەر ڕۆشـنایی قورئان و سوننەتداو لەیەك زەمان و لەیەك زەمیندا، ئیمامی شافیعی وەکو فەقیهێك رایەکی جیـاوازی دەبێت لەڕای ئیمامی ئەحمـەد کەفەقیهێکـی ترە، قورئان وسـوننەتیش هەرقورئان سوننەتەو بەس فەقیهەکە دەگۆڕێت، سەیر دەکەی دوو مەزهەبی جیـاواز دێتە ئاراوە. قورئان و سـوننەت هەر قورئان سوننەتە زەمان هەر هەمان زەمانە ئیمامی شـافیعی هەر ئیمامی شـافیعیە، بەڵام کەشوێن گۆڕاو بوو بە میسر لەجیاتی عێراق، دەبینیت ئیمامی شـافیعی لە میسر کتێبێکی دی دانا، فیقهی ئیمامی شـافیعی لەمیسـر گۆڕا، چونکە جوگرافیا گۆڕا.

بۆیە ئەو هەمـوو مەزهەبانە پەیدابوون، بەهۆی جیاوازیی لە زەمان یان زەمینە یان زاناکە، لەکاتێکدا قورئان وسوننەتی سەحیح نەگۆڕن .

کەواتـە دەبێـت موسـوڵمان ئـاوا بڕوانێتە ئەم هاوکێشـەیە، لە قورئان و سـوننەتەوە بێتەوە بۆ ئەم سەردەمەی خۆی، ئێمە بۆمان هەیە بازبدەین بەسەر ئەزموونی پێش خۆماندا، خۆئەگەر سـوودی هەبوو لەهەندێ شـتدا دەتوانین سوودی لێوەربگرین، بەڵام خوای گەورە ئیلزاممان ناکات بەجۆری جێبەجێکردنی عەباسی و عوسمانی وئەمەوی بۆ قورئان سوننەت، چونکە سـەردەم گـۆڕاوەو شـوێنیش دەگۆڕێت، کەسـەکانیش گۆڕاون، بۆیە لەبەر ڕۆشـنایی ئەم حاڵەتەدا، ئیسـلام دەتوانێـت بەبەردەوامی لەڕووی تێگەیشتنی نوێی ئێمەوە خۆی نوێ بکاتەوە.

> **سەردەم گۆڕاوەو شوێنیش دەگۆڕێت، کەسەکانیش گۆڕاون، بۆیە لەبەر ڕۆشنایی ئەم حاڵەتەدا، ئیسلام دەتوانێت بەبەردەوامی لەڕووی تێگەیشتنی نوێی ئێمەوە خۆی نوێ بکاتەوە**

بۆیـە کاتێك لـە (عومەری کـوڕی خەتتاب) یان پرسـی خوا لێی ڕازی بێت ئـەوە بۆچی لەو مەسەلەیە ڕایەکت هەبوو ئێسـتا لەهەمان مەسەلە ڕاکەت گـۆڕی ؟ فەرمووی: (ژاك علی ماعلمنا وهژا علی مانعلم) واتە : ئەوسا وامان زانی ئیستا وادەزانین!!

کەواتە دەکرێت تێگەیشتنمان بگۆڕێت بۆ هەندێك لە دەقەکانـی قورئان وسـوننەت، چونکە زەمان و زەمینەو کەسـەکان گۆڕاون، کەئەمەش دەرگایەکی یەکجـار گەورەیە، جوانییەکی ئاینمان پێ نیشـان دەدات کەئیسـلام حوکمی جیاوازی دەبێت لەشوێنی جیاوازدا، لەبەرئەوەشە دەبینی ئەمەویەکان بەجۆرێك حوکـم دەکـەن، عەباسـییەکان بەجۆرێکی دی، عوسـمانییەکان بەجۆرێکی دیکەو، ئەندەلوسیەکان بەجۆێکی دی،

قورئان وسوننەت لەدەقدا یەك دەق دەخەنە ڕوو، بەڵام چونکە تێگەیشتنی ئێمە لەهەمان دەق جیاواز دەبێت، بۆیە جێبەجێکردنی دەقەکانیش جیاواز دەبن، بۆ نموونە : قورئان بەس پێمان دەڵێت پۆشتەبن، ئەم پۆشتەبوونە قورئانـە، بەڵام جۆری پۆشـتەبونەکانمان جیاوازن، پیاوێك یان ئافرەتێك بەجۆرێك پۆشـتە دەبن لەئێران بەجۆرێکی دی پۆشتە دەبن لەکوردستان بەجۆرێکی دی لەمیسر، بەجۆرێکی دی لە ئەندەنوسیا، کەواتە ئیسلام قسەی نییە لەسەر جیاوازییەکە بەڵکو قسەی هەیە لەسەر خودی پۆشتەییەکە.

کەواتـە دەبێـت ئێمـە بەبەردەوامـی دیـدی ڕەخنەگرانەمان هەبێت لەتێگەیشـتنەکانی خۆمان لەئایین، ئەم ڕەخنەگرتنە رەخنەگرتن نییە لە خودی ئایین، بەڵکو ڕەخنەگرتنە لەتێگەشتنەکانی خۆمان و پێشووی خۆمان.

ئـەم دیدە ڕەخنەگرەش لەئیسـلامدا زۆر جوانتر ئاماژەی بۆ کراوە بە دەستەواژەی (جەرح وتەعدیل)، یانی چی؟ یانی سـەرەتا شتە کۆنەکە دێنیت، پێت وایە برینێکە جەرحی دەکەی و دەیڕوشێنیت بۆئەوەی شتە خراپەکانی لێدەربهێنی، ئنجا تەعدیلی دەکەیت و چاکتری دەکەیتەوە، کەواتە پرۆسەی ڕەخنەگرتن لەئیسـلامدا ناوی نـراوە جـەرح وتەعدیل، جەرح یەعنـی بریندارکردن و پاککردنەوەی ئنجا ڕاسـت کردنەوەی، زانایان دەڵێن (جرح + تعدیل) یەکسانە بەپڕۆسـەی (تجمیل) واتە پرۆسەی (جوان کردن)، کەواتـە لەئیسـلامدا ڕەخنە گرتن واتە پرۆسـەی جوانکردن دێت، هەروەك لەپزیشکیشدا نەشتەرگەریی و راستکردنەوە یەکسانە بە جوانکاریی.



## پرۆفیسۆر ئیحسان بال لەسەنتەری یۆساک بۆ گوڵان:

# سەردانی داود ئۆغلۆ بۆ لای بارزانی گرنگە و تورکیا و هەرێمی کوردستان بەرەو هاوپەیمانی ستراتیژی هەنگاو هەڵدەگرن

**پرۆفیسۆر د. ئیحسان بال گەورە تۆژەری ئامۆژگای ستراتیژی یۆساک (USAK) یەکێکە لە شرۆڤەوان و نووسەرە دیارەکانی تورکیا تایبەتمەندە لەسەر پرسی ئاسایش و تیرۆریزم و بەردەوام لەڕۆژنامەی تورکیش ویکلی جۆرناڵ و ڕۆژنامەکانی دیکە وتار بڵاو دەکاتەوە، سەبارەت بەسەردانی ئەم دواییەی ئەحمەد داود ئۆغلۆ بۆ هەرێمی کوردستان و کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆک بارزانی، چەند پرسیارێکمان ئاراستە کرد، بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** سەردانی وەزیری دەرەوەی تورکیا، بەڕێز داود ئۆغلۆ بۆ هەرێمی کوردستان نیشانەی پێوەندی باش و دۆستانە و هاوکاری نێوان هەردوولایە، ئێوە چۆن ئەم سەردانەی بەڕێز ئۆغلۆ بۆ لای بارزانی لەهەولێر دەخوێننەوە؟**

- لەڕوانگەی باشتربوونی پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستاندا لەماوەی پێنج بۆ شەش ساڵی ڕابردوو، دەتوانین وەك شەراکەت و هاوکاری کردنی یەکتر لەسەر ئاستێکی باش وەسفی بکەین، هەروەها دەکرێت وەك هاوپەیمانێتیەکی گەورە بۆ داهاتوو بخوێنرێتەوە بۆ هاوکاری کردنی یەکتر لەسەر ئاستی ئیقلیمی و بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هەردوولا، ئەمە لایەکی ئەو سەردانەیە کە من دەیبینم، بەشی دووەمی ئەم سەردانە ئەوەیە ئاشکرایە کە بەڕێز بارزانی و بەڕێز ئۆغلۆ لەیەك گۆشەنیگاوە سەیری بارودۆخی سوریا دەکەن یاخود تێگەیشتنی هاوبەشیان هەیە بۆ بارودۆخەکە لەسوریا، واتە هەردوولا خوازیاری ڕووخانی ڕژێمەکەن و دەیانەوێت خەڵکی سوریا ڕۆڵێکی گەورەتر ببینێت لەخولقاندن و بنیاتنانی سوریای نوێدا، واتە لەم ڕووەوە هەمان تێگەیشتن و هەمان شێوازی مامەڵەکردنیان هەیە. هەروەها بەلای کوردەکانی عێراق و بەڕێز بارزانیەوە ئەمە وەك پەرەپێدانی ئەو پێوەندیانە سەیر دەکرێت بۆ ئەوەی ببرێتە ئاستێکی ستراتیجی لەگەڵ تورکیادا بۆ ئەوەی گرێبدرێنەوە بەرۆژئاواوە، لەو ڕوانگەیەوە ئەمە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی هەردوولا دەکات، هەم لەسەر ئاستی مەحەلی و هەم لەسەر ئاستی ئیقلمی و ئاستی جیهانیش، چونکە لەزۆرێك لەمەسەلەکاندا تێگەیشتنی هاوبەش



و شێوازی مامەڵەکردنی هاوبەشیان هەیە لەگەڵ کێشەکاندا لەسەر ئاستی مەحەلی و ئیقلیمی و جیهانیش، لەهەموو ئەم ڕوانگانەوە ئەوا سەردانەکەی بەڕێز ئۆغلۆ بۆ لای بەڕێز بارزانی گرنگە و هیوادارام هەردوولا بۆچوونی هاوبەشیان هەبێت لەبارەی سوریا و عێراق و تورکیاوە، ئەگەر لەم سێ لایەنەوە سەیری بکەین، ئەوا من وای دەبینم کە سەردانی بەڕێز ئۆغلۆ بۆ لای بەڕێز بارزانی ڕۆڵێکی زۆر گرنگی دەبێت بەقازانجی هەردوولا، واتە هەرێمی کوردستانی عێراق و تورکیا.

*** سوریا گرنگە بۆ تورکیا و هەرێمی کوردستان کە دەبێت ببێتە وڵاتێکی دیموکرات لەدوای نەمانی دەسەڵاتی ئەسەد، بەڵام مەترسی ئەوە هەیە سوریا دوای ڕووخانی ڕژێمەکەی ئەسەد بکەوێتە بازنەی شەڕی ناوخۆ و توندوتیژییەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا چۆن دەکرێت ئامادەکاری بکرێت بۆ پاراستنی سەقامگیری سوریا دوای ڕووخانی ئەو ڕژێمە و ئایا تورکیا تا چەند نیگەرانە لەم بارەیەوە؟**

- تورکیا زۆر نیگەرانە لەوەی بارودۆخەکە لەسوریا لەخراپەوە بۆ خراپتر بچێت، ئەگەر بەم شێوەیە بێت و ئەگەر لەدوای ڕووخانی دەسەڵاتی ئەسەد وڵاتەکە بەرەو توندوتیژی تائیفی و ئیتنی بچێت و دابەشبوون و جەمسەرگیری زیاتر لەوڵاتەکەدا بێتەئاراوە، ئەوا دەبێتەهۆی ژەهراوی کردنی هەل و مەرجی ناوچەکە، واتە نەك هەر تەنیا لەسەر سوریا، بەڵکو کاریگەری دراماتیکی دەبێت لەسەر کورد و تورك و عەرەب و هەمووولایەك، واتە ئەمە لەبەرژەوەندی هیچ لایەك نابێت لەناوچەکەدا، ڕەنگە بۆ هەندێ هێزی دەرەکی کە لەدوورەوە لەناوچەکە دەڕوانن باش بێت، بەڵام بەلای دراوسێکانەوە، تورکیا و عێراق و هەروەها کوردەکانی کوردستانی عێراقەوە، ئەگەر کارەسات لەسوریا ڕوویدات یاخود سوریایەکی لاواز و لەرزۆك بێت، ئەوا لەبەرژەوەندی و قازانجی هیچ کەسێك نابێت، لەبەر ئەو هۆیە تورکیا هەوڵدەدات هاوپەیمانێك بدۆزێتەوە لەناوچەکەدا کە کاری لەگەڵدا بکات بۆ ئەوەی سوریایەکی سەقامگیر بێتەئاراوە لەئاییندەدا، سوریایەك بێت مافی یەکسان بەهەموان بدات، بەکوردەکان، بەمەسیحیەکان و موسڵمانەکان، پێویستە هەموو پێکهاتە ئیتنی و ئایینیە جیاوازەکانی سوریا ڕۆڵێکی یەکسان ببینن لەبنیاتنانی داهاتووی سوریادا، چونکە خەمی تورکیا ئەوەیە کارێك بکرێت شەڕێکی ناوخۆیی درێژخایەن و دژوار دروست نەبێت کە پێویستە ئەمە نەك هەر جێی مەترسی و نیگەرانی تورکیا بێت، بەڵکو دەبێت جێی نیگەرانی هەمووولایەك بێت لەناوچەکەدا، لەبەر ئەو هۆیە تورکیا هەوڵدەدات کار لەگەڵ دراوسێ باش و دۆستەکانیدا بکات، وەك هەرێمی کوردستانی عێراق و جیهانی عەرەب و دراوسێکانی دیکە. ئەگەر بتوانین بەهەمووولایەك و لەڕێی کارکردنمان پێکەوە سوریایەك بێنینەئاراوە کە ئاشتی باڵی بەسەردا کێشابێت و خەڵکی سوریا خۆیان ڕۆڵی گەورە ببینین لەبنیاتنانی داهاتووی وڵاتەکەیاندا و لەچارەنووسی وڵاتەکەیاندا، ئێمە لەتورکیا و لەگەڵ بەڕێز بارزانیدا تێگەیشتنی هاوبەشمان هەیە لەم ڕووەوە. واتە دەبێت هەموو هاووڵاتیانی سوریا

**بەڕێز بارزانی و بەڕێز ئۆغلۆ لەیەك گۆشەنیگاوە سەیری بارودۆخی سوریا دەکەن و هەردوولا خوازیاری ڕووخانی ڕژێمەکەن و دەیانەوێت خەڵکی سوریا ڕۆڵێکی گەورەتر ببینێت لەخوڵقاندن و بنیاتنانی سوریای نوێدا**

## حکومەتی مالیکی ناسەقامگیری لەناوچەکەدا دەخوڵقێنێت و پشتیوانی ڕژێمەکەی ئەسەد دەکات

پشکی خۆیان هەبێت لەسوریا، بەڵام نابێت هیچ کەسێك کە خوازیاری دابەشبوون و جەمسەرگیری بێت لەسوریا لەوێوە هەڵوێست وەربگرێت.

*** ئێمە دەزانین هەڵوێستی بارزانی و تورکیا هەڵوێستێکی هاوبەشە لەئاست بارودۆخی سوریادا، لەلایەکی دیکەوە عێراق و ئێرانیش هاوهەڵوێستن لەئاست پشتیوانیکردن لەڕژێمەکەی ئەسەد، ئەم جیاوازییە لەهەڵوێستەکاندا بۆتەهۆی ئەوەی حکومەتی عێراق فشار بخاتەسەر هەرێمی کوردستان، کە دەبینین گرژی سیاسی لەنێوان مالیکی و هەرێمی کوردستاندا هەیە و بەم دواییە نزیك بوو ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی ڕووبدات لەنێوان حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستاندا، هەروەها کاتێك بەڕێز ئۆغلۆ ویستی سەردانی هەرێم بکات بەغدا زیاتر فشاری دروست کرد، پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر حکومەتی عێراق هەڕەشە لەهەرێمی کوردستان بکات تورکیا چۆن مامەڵە دەکات و ئایا تا چەند سەقامگیری هەرێم بەلای تورکیاوە گرنگە؟**

- تورکیا نیگەرانە لەبارەی کاریگەری بارودۆخی سوریا لەسەر عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی، ئێمە چەندین بەڵگە و نیشانەی ئەوەمان بینیوە ئەویش بەهۆی بوونی وەبەرهێنان لەکوردستان، بەهۆی هاوکاری نێوان هەردوولاوە، هاوکاری دیپلۆماسی لەبواری کاروباری نێودەوڵەتیەکاندا، کە تێڕوانین و تێگەیشتنی هاوبەشیان هەبووە لەسەر کێشە ئیقلیمەکان، بەداخەوە ئێران و حکومەتی مالیکی ناسەقامگیری لەناوچەکەدا دەخوڵقێنن و پشتیوانی ڕژێمەکەی ئەسەد دەکەن، لەکاتێکدا هەموو کەس لەجیهاندا دەزانێت کە ئەسەد دەڕووخێت، بەچاوپۆشین لەهەڵوێستی کوردەکان و تورکەکان ئەم ڕژێمە دەڕوات، لەبەر ئەوەی دژی واقیعی ئینسانی و ئیقلیمیە، تەهران و حکومەتی مالیکی لایەنی هەڵەی مێژوو دەگرن، تورکیا چەندین جار بەئاشکرا ئەمەی ڕاگەیاندووە، بەداخەوە ئێران پێیوایە ئەگەر ڕژێمی ئەسەد بڕووخێت و کورد و تورکەکان بچنە دیمەشقەوە یان عەرەبی سوننە باڵادەست بن لەدیمەشقدا ئەوا خۆی بەدۆڕاو دادەنێت، لەبەر ئەوەی هەموو هێز و توانای خۆی بەکار دەهێنێت بۆ ئەوەی ناسەقامگیری دروست بکات و بۆ ئەوەی ئەسەد لەدەسەڵاتدا بمێنێت. سیناریۆیەکی دیکە بریتییە لەدابەشبوونی سوریا لەدوای ڕووخانی دەسەڵاتی ئەسەد، ئەمەش مایەی مەترسیە لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆکارێکی دیکە بۆ ناسەقامگیرکردنی ناوچەکە، کەواتە هاوپەیمانێتی کورد و تورکەکان لەم مەسەلانەدا گرنگن، لەبەر ئەوەی باوەڕم وایە بارزانی و تورکیا بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە و ڕۆژ بەڕۆژ ئەوان بەرەو یەك مەنزڵگا هەنگاو دەنێن، لەبەر ئەوە ئەگەر لەداهاتوودا بەغدا فشاری زیاتر لەسەر هەرێمی کوردستان بکات، ئەوا تورکیا زیاتر نزیك دەبێتەوە لەهەولێر بێ ئەوەی گوێ بەبەغدا بدات.

ئەمە نیشانەکانی ئەمەمان بەدی کردووە، بەڵام پێموایە دەبێت لەمامەڵەکردنی لەگەڵ حکومەتە کوردیەکەی باکووری عێراقدا تورکیا ڕەچاوی پرسە نێودەوڵەتیەکان بکات، چونکە ئەگەر هەڵەنەبم تورکیا گرێبەستی نەوتی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا هەیە و تەنانەت ئەمەریکاش ڕایگەیاند کە دەبێت تورکیا دەستووری عێراق لەبەرچاو بگرێت. واتە دەبێت هەندێ ئیعتیباراتی نێودەوڵەتی لەبەرچاو بگرین. بەتێگەیشتنی من تورکیا و هەرێمی کوردستان هەنگاو بۆ دواوە هەڵناگرن لەپێوەندیدا بەهاوکاری کردنی یەکتری و ئاستی ئەو دۆستایەتیەی لەنێوانیاندا....

بەڵام دەمەوێت ئەوە بڵێم کە بەغدا سەربەخۆ نییە لەهەڵسوکەوتەکانیدا، تێڕوانینی خۆی نییە بۆ هاووڵاتیەکانی، هاووڵاتیانی لە کوردستانی عێراق، تورکمانەکان و عەرەبی و سوننە و.. تاد. بەڵکو لەئێستادا پتر گوێ بۆ تەهران دەگرێت و ئەوەی لەتەهرانەوە بێت ئەم دووبارەی دەکاتەوە و ئەمەش نیشانەی گەشەگردن و بەرەوپێشچوون نییە بۆ داهاتووی عێراق، تورکیاش بەباشی و بەڕوونی ئەمە پەرەسەندنە دەخوێنێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەوەندەی مومکین بێت پشتیوانی هەرێمی کوردستانی عێراق دەکات، بەڵام

**تورکیا و هەرێمی کوردستان هەنگاو بۆ دواوە هەڵناگرن لەپێوەندیدا بەهاوکاری کردنی یەکتری و ئاستی ئەو دۆستایەتیەی لەنێوانیاندا**

ژەهراویترین یان مەترسیدارترین مەسەلە لەسەر پێوەندیەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان بریتییە لەکێشەی پەکەکە، کە ئەمە کاریگەری هەیە لەسەر هەموو جۆر و چەشنە پێوەندیەکان هەر لەسادەترین پێوەندیەوە تاوەکو ئاڵۆزترینیان، ئەمە بەشێکی گرنگی ئەم پێوەندیەیە. ئەگەر بتوانین ئەم کێشەیە چارەسەر بکەین، ئەوا ئەم پێوەندیانە قوڵتر دەبنەوە لەداهاتوودا و بۆی هەیە لەداهاتوودا بگاتە ئاستی شەراکەتێکی ستراتیجی لەسەر کێشەو مەسەلە ئیقلیمەکان. ئەمە خوێندنەوەی منە بۆ بارودۆخەکە.

*** دوا وتەت چیە؟**

- ئێمە زۆرجار لە تورکیا ڕامانگەیاندووە کە کوردەکان دوژمنی تورك نین، نە لەڕابردو و نە لەئێستا و لەنە لەداهاتوودا، لەڕوانگەی

**ئەگەر لەداهاتوودا بەغدا فشاری زیاتر لەسەر هەرێمی کوردستان بکات، ئەوا تورکیا زیاتر نزیك دەبێتەوە لەهەولێر بێ ئەوەی گوێ بەبەغدا بدات**

ئەم تێگەیشتنەوە ئەوان هاوپەیمانی سروشتی ئێمەن، زۆرجار ئێمە بەربەستی بچووك دێتەڕێمان، بەڵام خۆمان گەورەیان دەکەین، یەکێك لەبەربەستەکان کێشەی تیرۆریزمە، زاڵبوون بەسەر ئەم بەربەستەدا گرنگە بێ ئەوەی هەڵایەکی گەورەی لەبارەوە دروست بکەیت زۆر گرنگە. لەسەر ئاستی کێشە ئیقلیمیەکان، لەپێوەندیدا بە بەغدا و تەهران و دیمەشق و جیهانی عەرەبیەوە خەریکە بڵێم تێڕوانینەکانمان سەد دەر سەد وەك یەکە لەئاست چەندین مەسەلەو کێشەدا، لەم ڕوانگەیەوە دەتوانم بڵێم هاوپەیمانی مێژوویی کە هاوپەیمانێکی سروشتی یەکن دوای سەدەیەك پێکەوە کاردەکەن، لەبەر ئەوەی لەو ماوەیەدا هاوپەیمانی سروشتی یەکتر بوون و ئێستاش بوونەتەوە بە هەمان هاوپەیمانی سروشتی، پێموایە لەداهاتوودا خەڵکی سوریا و عێراق، سوود لەم پەرەسەندنە وەردەگرن، ئەو خەڵکانەی ئارەزووی دیموکراسی زیاتر و باڵادەستکردنی سەروەری یاسا و پەرەپێدانی ئابووری، واتە مەرج نییە بردنەوەی لایەنێك بەمانای زیانی لایەنێك بێت، بەڵکو دەکرێت هەمووان بەهرەمەند بن لەبەرەوپێشچوونەکە، ئەمە دید و تێڕوانینی منە.

## سامی کۆهین بۆ گوڵان:

# سەردانی ئۆغلۆ بۆلای بارزانی، ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەنقەرا دەیەوێت هەماهەنگی لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکات

*** ئێستا سوریا لەبەردەم گۆڕانکاریەکی گەورەدایە، تورکیا لەم هاوکێشەیەدا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت، هەروەها هاو هەڵوێستە لەگەڵ هەرێمی کوردستان، بەڵام حکومەتەکەی مالیکی پشتگیری ڕژێمی ئەسەد دەکات، ئایا بەڕێزت وەك چاودێرێکی سیاسیی بارودۆخە چۆن لەڕوانگەی تورکیاوە ئەم هاوکێشەیە دەخوێنێتەوە؟**

- لەڕوانگەی تورکیاوە جێی داخە کە دۆخی سوریا گەیشتۆتە ئەم ئاستەی ئێستا، بەدڵنیاییەوە بارودۆخەکە باشتر دەبوو ئەگەر حکومەتی مەرکەزی عێراق، حکومەتەکەی مالیکی و ئیدارەی هەرێمی کوردستان ڕێکبکەوتنایە و هاوکاریان بکردایە بۆ پاراستنی سەقامگیری ناوچە سنوورییەکان. لەگۆشەنیگای تورکیاوە بوونی لێکتێگەیشتن و پێکەوەگونجان گرنگە لەنێو عێراقیەکاندا، تورکیا لەهەموو بۆنەیەکدا ئەمەی دووپاتکردۆتەوە، چ لەلایەن سەرۆك وەزیران، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان بێت چ لەلایەن وەزیری دەرەوە داود ئۆغلۆ بێت، ئەمە نەك هەر گرنگە بۆ سەقامگیری و بۆ خۆشگوزەرانی خەڵکی عێراق، بەڵکو بۆ تورکیاش گرنگە، چونکە تورکیاش خوازیارە سەقامگیری لەسەر سنوورەکانیدا هەبێت، کە سنووری لەگەڵ عێراق و سوریادا هەیە، لەبەر ئەوەی هەروەك وەزیری دەرەوەی تورکیا دەڵێت تورکیا دەیەوێت هیچ کێشەیەکی لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکانیدا نەبێت «سیاسەتی سفر کێشە»، ئەم سەقامگیریە زۆر گرنگە بۆ ناوچەکە، هەروەها زۆر گرنگیشە بۆ تورکیا.

*** ئایا تا چەند ئەم هەڵوێستەی عێراق کاریگەری هەیە لەسەر قوربانیەکانی سوریا؟**

- حکومەتی مالیکی گرەو لەسەر ئەسپی دۆڕاو دەکات، بێگومان ئەوان پلان و ئامانجی خۆیان هەیە، بەڵام دەبینین ڕژێمەکەی ئەسەد زیاتر و زیاتر لاواز دەبێت و دەکەوێتەژێر کاریگەری فشاری نێودەوڵەتیەوە، موعارەزەی سوریش زیاتر بەهێز دەبێت و ئێستاش سوپای سوری ئازاد کۆنترۆڵی خاکی زیاتری سوریا دەکات. ئەوەی ئێستا لەحەلەب ڕوودەدات کارەساتێکی ڕاستەقینەیە و ئومێد دەکرێت ئەمە گورزێکی دیکە بێت لەڕژێمەکەی ئەسەد و ببێتەهۆی لەناوبردنی لەئاییندەیەکی نزیکدا. ئەمە مەسەلەیەکە پەیوەست بەوەی لایەنی ڕاست بگریت لەمێژوودا، ئێمە لەتورکیا باوەڕمان وایە ئەو حکومەت و سەرکردانەی پشتگیری ئەم ڕژێمە دەکەن، وەك مالیکی لەبەغدا، ئەمەش سەرەڕای ئەوەی ڕژێمی سوریا – کاری ناڕەوای-ئەنجامداوە و ئەنجام دەدات، ئەگەر پێداگیری لەسەر پشتیوانی ئەم ڕژێمە بکەن، ئەوا هەڵەیەکی مێژوویی گەورە دەکەن، ڕاستە ئەسەد سبەینی نارووخێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە ڕۆژەکانی لەدەسەڵاتدا دیاری کراون، بەڵام کۆتاییەکەی دێت، ئایا لەچەند ڕۆژێك یان چەند هەفتەیەك و بگرە بۆی هەیە لەمانگێکدا ئەمە ڕووبدات، ئەگەر ڕەوتی ڕووداوەکان بەم شێوەیە بڕوات، ئەگەرچی تاوەکو زووتر بڕووخێت باشترە، لەبەر ئەوەی ڕۆژانە خەڵکی دڵڕەقانە دەکوژرێن و ڕۆژانە کارەسات ڕوودەدات. بەڵام حکومەتی مەرکەزی لەعێراق لایەنی هەڵەی گرتووە.

> **ڕاستە ئەسەد سبەینێ نارووخێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە ڕۆژەکانی لەدەسەڵاتدا دیاری کراون**

*** هەروەك دەبینین کە وەزیری دەرەوەی تورکیا سەردانی هەرێمی کوردستان دەکات، لەلایەکی دیکەوە بەغدا فشاری سەربازی دەکاتە سەر هەرێمی کوردستان، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ ڕاددەیەك ئەمە کاریگەری دەبێت لەسەر ئاڵۆزکردنی پێوەندیەکانی بەغدا و ئەنقەرە؟**

- لەگۆشەنیگای تورکیاوە باشترە بارودۆخەکە سەقامگیربێت و ئومێد دەکرێت ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی لەعێراقدا ڕوونەدات لەنێوان حکومەتی مەرکەزی و هەرێمی کوردستاندا، هەروەها بەلای تورکیاوە بزووتنەوەگەلێکی نوێ هەن لەناو سوریا، بێگومان ئێستا کوردەکانی سوریا زیاتر و زیاتر کۆنترۆڵی بارودۆخەکە دەکەن، واتە هەل و مەرجێکی نوێ لەناوچەکەدا سەرهەڵدەدات، لەبەر ئەوە دەبێت ئەم مەسەلەیە لەگەڵ سەرکردایەتی کورد لەهەرێمی کوردستاندا باس بکرێت و هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەی وەزیری دەرەوەی تورکیا، داود ئۆغلۆ سەردانی هەولێر دەکات بۆ ئەوەی بەڕێز بارزانی ببینێت، کەواتە لەئەنقەرە ئیرادە و ئامادەبوونێك هەیە بۆ هەماهەنگیکردن لەهەوڵەکاندا، بۆ ئاڵ و گۆڕێکی ڕاشکاوانەی بیروبۆچوونەکان، چونکە بۆی هەیە بارودۆخەکە لەسوریا لەکۆنترۆڵ دەربچێت، لەبەر ئەوە تورکیا پێویستی بەوە هەیە لەنزیکەوە ڕاوێژ لەگەڵ ئیدارەی بارزانیدا بکات و ڕەنگە هەماهەنگیشی لەگەڵدا بکات.

*** ئێستا بەهۆی لاوازبوونی ڕژێمی ئەسەد حکومەتی عێراق نیگەرانە لەڕووخانی ئەم**



**سامی کۆهین یەکێکە لەڕۆژنامەنووسە دیارەکانی تورکیا و ستوونوسی ڕۆژنامەی میللیەتە بەزمانی تورکی، زۆربەی وتارەکانیشی وەردەگێڕدرێن بۆ زمانی ئینگلیزی و، هەروەها کۆهین وەك چاودێرێکی سیاسی لەسەر بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر ئاستی جیهانیش لەقەڵەم دەدرێت. بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی ئێستای ناوچەکە و سەردانی داود ئۆغلۆ وەزیری دەرەوەی تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی سامی کۆهین کرد و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

**حکومەتە و هاتنەسەر دەسەڵاتی حکومەتێکی سوننە کە ئەمەش کاریگەری لەسەر سوننەکانی عێراق دەبێت، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ ڕاددەیەك حکومەتی عێراق پاڵپشتی ئەسەد دەکات لەکاتێکدا ئەسەد گۆمی خوێنی لەو وڵاتەدا هەستاندووە؟**

- ئەگەر ئەمە ئەو ڕێگایەبێت کە حکومەتەکەی مالیکی هەڵیبژاردووە، ئەوا ئەمە ڕەوت و ڕێگایەکی هەڵەیە کە هەڵیبژاردووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. ئێمە لەتورکیا پێشبینی ئەوەمان کرد دوای کشانەوەی ئەمریکا، پێشبینیمان کرد دوای ئەو هەموو ساڵە لەتەنگ و چەڵەمە و ناسەقامگیری حکومەتی عێراق بایەخ بەچارەسەرکردنی کێشەکان بدات، کێشە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان، بەڵام مایەی نائومێدیە کە حکومەتەکەی مالیکی هیچ هەوڵێکی نەداوە بۆ چارەسەرکردنیان و بۆ گەڕانەوەی یاسا و نیزام و بۆ باشترکردنی دۆخی ئابووری کە لەکێشەدایە، هەروەها بۆ پێکەوە کۆکردنەوەی سەرجەم گروپە ئیتنی و تائیفیەکان بۆ ئەوەی عێراقێکی گەشەکردو دروست بێت، لەبەر ئەوە ئێمە بەنائومێدیەکی زۆری چاودێری بارودۆخەکەمان کردووە.

*** ئەگەر سەبارەت بەبارودۆخی کوردەکانی سوریا قسە بکەین بەتایبەتی کەلەم چەند ڕۆژە چەند شارێکی ئازاد کراون، ئایا تورکیا بەنیازە چۆن مامەڵە لەگەل ئەم بارودۆخە تازەیە بکات؟**

- لەماوەی چەند ڕۆژی ڕابردودا چەندین لێدوانمان لەبەرپرسەکانی تورکیاوە گوێ لێبوو، لەلایەن سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوە، لەسەرەتادا ئەم لێدوانانە جۆرێك لە هەڵە تێگەیشتن و شڵەژانی پێوە دیاربوو، بەڵام پێموایە ئێستا هەڵوێستی تورکیا ڕوونبۆتەوە، واتە ئێستا ڕوونترە بەبەراودر بەهەفتەیەك بەر لەئێستا، ئەو کاتەی سوپای سوریا هەندێ شارۆچکەی جێهێشتبوو کە لەلایەن کوردەکانی ئەو شارۆچکانەوە کۆنترۆڵکران، ئەو کاتە شڵەژانێك هەبوو، بەڵام ئێستا هەڵوێستی تورکیا ڕوون بۆتەوە و ئەتوانم بەم شێوەیە کورتی بکەمەوە، بەلای تورکیاوە دەبێت خەڵکی سوریا خۆیان بڕیار لەئایندەی خۆیان بدەن، ئیتر لەسەر بنەمای هەر زەمنیەیەك بێت، لەبەرئەوەی شیعە و سوننە هەن لەو وڵاتەدا، هەروەها مەسیحی و کورد و تورکمان هەن، واتە دەبێت ئەوان بڕیار بدەن، لەماوەی دوو بۆ سێ ڕۆژی ڕابردودا بەرپرسەکانی تورکیا ئەمەیان دوپاتکردۆتەوە کە ئەگەر کوردەکان خوازیاری ئۆتۆنۆمیەکی ناوچەیی بن، واتە جۆرێك لەخۆبەڕێوەبردن، ئەگەر ئەمە بەڕێککەوتن و ڕازی بوونی پێکهاتەکانی دیکەی سوریا بێت، ئەوا تورکیا پێشوازی لێدەکات و بەهیچ شێوەیەك گرفتی نییە لەگەڵیدا، چونکە شتێکی هاوشێوە لەعێراقدا ڕوویدا و ئێمەش دەزانین لەماوەی چەند مانگی ڕابردو، یان چەند ساڵی ڕابردو تورکیا زۆر لەنزیکەوە- نزیکەی ساڵێکە- هاوکاری لەگەڵ بەرپرسەکانی کورد، لەگەڵ خەڵکی کورد و لەگەڵ پیاوانی کاری کورددا کردووە، ئیتر بۆچی هەل و مەرجێکی هاوشێوە لەگەڵ کوردەکانی سوریادا نەخولقێت، هەروەها هەروەك چەندین جار وەزیری دەرەوەی تورکیا، داود ئۆغلۆ دووپاتی کردۆتەوە کە ڕاستە ئێمە سنوورمان لەگەڵ سوریادا هەیە، بەڵام لەو دیوە سنوورەوە کوردەکان دەژین کە پێوەندی خزمایەتی و خێزانیان هەیە لەگەڵ ئەوانەی لەتورکیادا نیشتەجێبوون، خێزان هەیە دابەشبوونە و بەشێکیان لەتورکیا و بەشێکیان لەسوریادان، لەبەر ئەوە بۆ تورکیا باشترە کە برایەتی باڵبکێشێت بەسەر دانیشتوانی هەردوولای سنووردا و هاوکاری هەبێت لەگەڵ هەر شێوە ئیدارەیەکدا کە کوردە ڕەسەنەکانی ئەو ناوچەیە بەڕێوەی ببەن، ئیتر خۆبەڕێوەبردن بێت یان هەر شێوازێکی دیکە- ئەمە بڕیارێکە بۆخۆیان دەگەڕێتەوە-ئەوەی بەلای تورکیاوە گرنگە ئەوەیە ناوچەیەك دروست نەبێت دژی تورکیا بجوڵێتەوە، ناوەندێ دروست نەبێت لەوێوە چالاکی لەدژی تورکیا ئەنجام بدرێت و نەبێتە بنکەیەك بۆ پەکەکە، ئەمە دەقا و دەق هەڵوێستی تورکیایە، بەڵام ئەگەر بە ڕەزامەندی پێکهاتەکانی دیکەی سوریا کوردەکان ببنە خاوەنی ئیدارەیەکی خۆبەڕێوەبەر، ئەوا تورکیا هیچ کێشەیەکی لەگەڵدا نابێت و بگرە خۆشحاڵیش دەبێت هاوکاری لەگەڵدا بکات بەهەمان شێوەی ئەو هاوکاریەی ئێستا لەگەڵ بارزانیدا دەیکات، بەڵام گرنگترین شت ئەوەیە نەبێتە سەنتەرێك بۆ تیرۆر و نەبێتە مەڵبەندێ بۆ ئەنجامدانی چالاکی دژی تورکیا.

**مایەی نائومێدیە کە حکومەتەکەی مالیکی هیچ هەوڵێکی نەداوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و بۆ گەڕانەوەی یاسا و نیزام و بۆ باشترکردنی دۆخی ئابووری**



## مەنسوری موعەدەل بۆ گوڵان:

# دیکتاتۆرەکان لەڕێی سوپایەکی بەسیاسیکراوەوە دەسەڵات دەگرنەدەست و دواتر ئایدۆلۆژیای توندڕەو دەکەنە پاساوی درێژەدان بەدەسەڵات

**پرۆفیسۆر مەنسوری موعەدەل کە ئوستادی سۆسیۆلۆژییە لەزانکۆی میشیگان و یەکێکە لەرۆشنبیرە دیارەکانی ئێران و تایبەتمەندە لەسەر کۆمەڵناسی ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەها تایبەتمەندە لەبوارەکانی کەلتور و ئایدیۆلۆژی و تەنگژە سیاسیەکان و رەوش و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیەکان، بۆ قسەکردن لەسەر ڕەوشی گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بونیادی دیموکراتی لەناوچەکە، گوڵان ئەم وتووێژەی لەگەڵ سازکردووە کە ئەمە دەقەکەیەتی.**

*** ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەو ناوچەیەیە لەجیهاندا کە زۆر بەزەحمەت دیموکراتی تێدا پیادە دەکرێت، تەنانەت لەدوای گۆڕانکارییەکانی بەهاری عەرەبیشەوە هەست ناکرێت ئەم ناوچەیە وەرچەرخانێکی گەورە بەرەو دیموکراتی بەخۆیەوە ببینێت، ئایا بۆچی پیادەکردنی دیموکراتی لەم ناوچەیە هێندە زەحمەتە؟**

- ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی قسەبکەین، ئەوا جێبەجێکردنی دیموکراسی لەهەر وڵاتێکدا کارێکی قورسە، بەرفراوانبوونی دامەزراوەکانی دیموکراسی کاتی دەوێت، لەبەر ئەوە نابێت پێشبینی سەرهەڵدانی دیموکراسیەتێکی تەواو گەشەکردو بکەین لەو وڵاتانەدا کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لەژێر زەبری حکومڕانی دیکتاتۆریدا بوون. بەتێڕوانینی من هێشتا زووە بۆ ئەوەی هەر حوکمێك بدەین لەبارەی ئەوەی ئایا ئەمە مومکینە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا یان مومکین نییە. بەرەوپێشچوونی دیموکراسی پێویستی بەگۆڕانکارییەکی زۆرە، نەك تەنیا لەسەر ئاستی حکومەت، بەڵکو لەسەر ئاستی پێوەندیە کۆمەڵایەتیەکانیش، دەبێت پەروەردەی مەدەنی فراوان بکرێت، دەبێت دۆخی ئابووری باش بکرێت، لەهەمووشی گرنگتر دەبێت خەڵکی متمانەیان بەیەکتری هەبێت. متمانەی کۆمەڵایەتی گرنگە، واتە وەك ئەندامی کۆمەڵگەیەکی سیاسی متمانە بەیەکتری بکرێت، نەك وەك ئەندامانی گروپێکی ئیتنی یاخود خێڵێك. لەبەر ئەوە کاتی دەوێت بۆ ئەوەی خەڵکی لەگەڵ یەك گفتوگۆ بکەن و تەفاعول لەگەڵ یەکدا بکەن و بگەنە ئەو دەرئەنجامەی کە بۆ دامەزراندنی دیموکراسی پێویستیان بەمتمانەیەکی بەهێزترە بەتواناکانیان. کەواتە تاوەکو ئەو کاتەی خەڵکی شوێنکەوتەی ئەم یان ئەو ئایدۆلۆجیا توندڕەوە نەبن و دۆخی ئابووری باش بێت، ئەوا من گەشبینم بە بەرەوپێشچوونی دیموکراسی.

*** هەندێك لەچاودێران پێیانوایە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ژێرخانی فیکری بۆ بونیادی دیموکراتی دروست نەبووە، ئەو حزب و گروپانەی لەگۆڕەپانەکەدا هەن، زۆربەیان نادیموکراتین و تەنیا مەبەستیانە بەڕێگەی سندوقی دەنگدان بگەنە دەسەڵات، ئایا چۆن زەمینەی ژێرخانێکی فیکری بۆ بونیادی دیموکراتی دروست دەکرێت؟**

- دەکرێت لەڕێی بەهێزکردنی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی

مەدەنی بەهێز بکرێن، لەبەر ئەوەی ئافرەتان ڕۆڵێکی گرنگ دەبینین، لەبەر ئەوەی ئافرەتان بەرپرسیارن لەپەروەردەکردنی منداڵ و ئەگەر هاتوو لەسەر دیموکراسی و لێبوردەیی گۆشیان کردن، ئەوا کەسانی دیموکراتی و لێبوردەیان لێ دەردەچێت. کاتێك ڕێکخراو و کۆمەڵەی بەهێز لەئارادا دەبێت، وەك کۆمەڵەی پرۆفیسۆرەکانی زانکۆکان، یەکێتی کرێکاران و ڕێکخراوی ئافرەتان و ڕێکخراوەکانی لاوان، ئەمانە خۆیان پەروەردەی خۆیان دەکەن، بەڵام ئەمە لەساڵێك و دوو ساڵدا ڕوونادات، بەڵکو چەندین ساڵی دەوێت بۆ ئەوەی هەنگاو بەهەنگاو گەشەبکات، بەڵام مەسەلەی سەرەکی پەیوەستە بەکەسە توندڕەوەکانەوە، ئەوانەی بەشداری لەپرۆسە سیاسیەکە ناکەن یاخود پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن بۆ هێنانەدی ئامانجە سیاسیەکانیان.

*** لەدەوڵەتانی عەرەبی هەست دەکرێت گۆڕانکارییەکان هێندەی گۆڕینەوەی دیکتاتۆرێکە بەیەکێکی دیکە، ئەمەش بەو مانایەی دوای ڕووخانی دیکتاتۆرەکان، سەقامگیری دروست نابێت و، ئەمەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی دیکتاتۆری دیکە، ئایا چۆن ڕێگە لەسەرهەڵدانی دیکتاتۆریەت دەگیرێت؟**

- ئەو دیکتاتۆرانەی لەپەنجاکان و شەستەکاندا سەریانهەڵدا لەسایەی دروشمی ناسیونالیزمی عەرەبی یان پان ناسیونالیزمی عەرەبی، لەسیاقی ئایدۆلۆژیا توندڕەوەکاندا سەریانهەڵدا. دیکتاتۆریەکان لەخۆیانەوە دروست نابن، بەڵکو لەڕێی سوپایەکی بەسیاسیکراوەوە دەسەڵات دەگرنەدەست و دواتر ئایدۆلۆژیای توندڕەو دەکەنە پاساوی درێژەدان بەدەسەڵات، ئیتر ئایدۆلۆژیایی ئیسلامی توندڕەو بێت یان سۆشیالیزم یاخود کۆمۆنیزم یان ناسیونالیزمی عەرەبی، لەبەر ئەوە تاوەکو پشتیوانی بۆ ئایدۆلۆژیای توندڕەوی کەم نەبێتەوە لەناو خەڵکدا ئەوا دیکتاتۆرەکان دووچاری زەحمەتی دەبنەوە لەچەسپاندنی دەسەڵاتیاندا، کاتێك جەمال عبدالناصر یان سەددام حوسێن یان قەزافی یاخود حزبی بەعس هاتەسەر دەسەڵات لەسوریا، هەموویان لەژێر دروشمی ئایدۆلۆژیای پان عەرەبیزمدا هاتنەسەر دەسەڵات و ئەم ئایدۆلۆژیەیان کردە پاساوی شەرعیەتدان بەکارەکانیان، بەڵام ئێستا ئایدۆلۆژیایەکی توندڕەو باڵادەست نییە لەکۆمەڵگەدا، ڕاستە گروپی توندڕەو هەن، بەڵام خەڵکی هاوڕانین لەگەڵ بەها و تێڕوانینەکانیاندا. من نازانم دیکتاتۆرەکان چۆن دەتوانن دەسەڵاتیان جێگیر بکەن بێ پشتیوانی سوپا، یاخود بێ ئەوەی ئایدۆلۆژیایەکی توندڕەو پاساو بێت بۆ شەرعیەتدان بەکارەکانیان. ئێمە دەزانین سروشتی مرۆڤەکان وایە کاتێك دەسەڵات دەگرنە دەست مەیلی قۆرخکردنی دەسەڵاتیان لادروست دەبێت و ئامادەنابن کەسانی دیکە بکەنە شەریکی دەسەڵاتەکە، کەواتە بۆ ڕێگرتن لەسەرهەڵدانی دیکتاتۆر دەبێت خولی سەرۆکایەتی دیاریکراو بێت نابێت لەدوو خول زیاتر بێت و هەر کارێکیش کە دیکتاتۆر دەیکات بخرێتەژێر چاودێرییەوە، بۆ نموونە هەندێ لەشیعەکانی عێراق بەمالیکی دەڵێین سەددامی ئێمە و بەشانازییەوە باسی دەکەن، کە دەبێت ڕۆژنامە و چالاکوانە دیموکراتیەکان دژی ئەم دەربڕینانە بن، کە دەستەواژەی سەرکردەی بەهێز باش نییە، بەڵکو سەرکردەی باش و سەرکردەی بەهێز ئەوەیە کە یاساکانی وڵاتەکە جێبەجێ بکات.

*** ئێستا دیکتاتۆرەکان ڕووخاون، ئایا تاچەند ڕۆژئاوا سیاسەتی خۆی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگۆڕێت؟**

- ئەمە بەتەواوەتی دروست نییە، چونکە ئەوە ڕۆژئاوا نەبوو جەمال عبدالناصری هێنایەسەر دەسەڵات، بەڵکو ئەو بەپاڵپشتی سوپا ئەو کارەی کرد و ئایدۆلۆژیایی پان ناسیونالیزمی عەرەبی کردە پاساوی دەسەڵاتە دیکتاتۆریەکەی، حزبی بەعس لەسوریا و عێراق بەهاوکاری سوپا دەسەڵاتیان گرتەدەست، بەهەمان شێوە قەزافی لەلیبیا، نەك بەهاوکاری ڕۆژئاوا، لەبەر ئەوەی نابێت ئۆباڵەکە بخەینە ئەستۆی ئەوان. ڕاستە ڕۆژئاوا چەندین کاری خراپی کردووە، بەڵام نابێت ئۆباڵی هەمو شتێك بخەینە ئەستۆی ئەوان، بەتایبەتی سەرهەڵدانی دیکتاتۆرەکان، ئەگەرچی ڕۆژئاوا بەشدار بوو لەکودەتای ساڵی ١٩٥٣ لەئێران. بەڵام ئەو ڕاستیەی کە زۆرێك لەگەلانی عەرەب توانیان دەسەڵاتە دیکتاتۆریەکان برووخێنن ئاماژەیە بەوەی ئەگەر خەڵکی هۆشیاربن لەبەرژەوەندیەکانیان بەپێداویستیەکانی دیموکراسی ئەوا فشار دەخەنەسەر حکومەتەکان. من وای نابینم دۆخی وڵاتانی عەرەبی بەرەو دروستبوونی سیستمێکی تۆتالیتاری بڕوات بەچەشنی ڕابردوو. تەنانەت لەعێراقیشدا ئەگەرچی لەدوای داگیرکاری ئەمریکاوە کێشە هەبووە، بەڵام عێراق سەرگەرمی خۆدامەزراندنەوەیە. لەڕاستیدا دیکتاتۆریەت لەسێ ئاڕاستەوە دروست دەبێت، یەکەمیان لەڕێی کودەتای سەربازیەوە، دووەمیان بەهۆی باڵادەستبوونی ئایدۆلۆژیای توندڕەوییەوە، سێیەمان لەئەنجامی چالاکی تیرۆریستیەوە لەلایەن گروپە توندڕەوەکانەوە کە قەناعەت بەخەڵك دەکەن بۆ پشتیوانیکردنی سەرکردەیەکی بەهێز. کەواتە ئەگەر کۆمەڵگە بتوانێت سوپا لەسیاسەت دووربخاتەوە و ئەگەر کۆمەڵگە و ئەندامانی کۆمەڵگە کۆنترۆڵی گروپ و تاکەکەسە تیرۆریستەکان بکەن و ئەگەر خەڵکی نەبنە شوێنکەوتەی بیروباوەڕی توندڕەوی، ئەوا من ئەگەرێك نابینم بۆ سەرهەڵدانی دیکتاتۆرێکی دیکە لەناوچەکەدا.

*** لەم گۆڕانکاریانەی کە لەوڵاتانی عەرەبی ڕوویاندا هەستمان کرد ئەم گۆڕانکارییانە ئەو دەوڵەتانەی نەگرتەوە کە مەلیکین، وەك سعودیە، مەغریب، ئوردون، ئایا ئەمە مانای ئەوەیە ڕژێمی مەلیکایەتی لەکۆمارییەکان باشترە؟**

- نەخێر بەو شێوەیە نییە، هۆکارەکە ئەوەنییە کە سیستمی پاشایەتی باشترە، هۆکارەکە ئەوەیە لەسایەی سیستمی پاشایەتیدا شێوازێکی جیاوازی سەرکردایەتی هەیە، سیستمی پاشایەتی لەمەغریب، ئەردەن و سعودیە، ڕێز لەدامەزراوەی ئایینی دەگرن، موعارەزەی ئایینی لەسایەی سیستمی پاشایەتیدا هێندەی موعارەزەی ئایینی سیستمی کۆماری بەهێز نییە، لەبەر ئەوەی سیستمی کۆماری پتر عەلمانین و دژە ئایینن، واتە لەبەر ئەوەی دەوڵەتە کۆماریەکانی وڵاتانی عەرەبی ڕژێمی خۆسەپێن بوون و بەو شێوەیە سەیرەدەکران دژی ئایینین، هەل و مەرجێکی لەبار دروست بوو کە گروپە ئایینی و عەلمانیەکان دژی حکومەت یەکبگرن. بەڵام لەسیستمی پاشایەتی لەمەغریب، ئەردەن و سعودیە دامەزراوەی ئایینی هێندە ڕەخنە لەحکومەت ناگرێت، لەدەرئەنجامدا دامەزراوەی ئایینی ئەوەندە بەهێز نییە، لەبەر ئەوە ئەگەری سەرهەڵدانی هاوپەیمانی ئایینی و عەلمانی لەدژی حکومەت ئەگەرێکی لاوازە لەو سێ وڵاتەی ئاماژەتان پێکردن بە بەراورد بەسیستمی کۆماری. کەواتە مەسەلەکە ئەوەنییە ئایا سیستمێکی دیموکراتی هەیە یان کۆماری، بەڵکو پەیوەستە بەسیاسەتی حکومەتەوە، ئەگەر سیستمی پاشایەتی هەبێت کە دژی ئایین بێت و تاکڕەو بێت بەچەشنی شای ئێران، ئەوا لەلایەن هاوپەیمانێتیەکەوە کە لەچەپڕەو و گروپە ئایینیەکان پێکهاتبوو ڕووخێنرا.

# شتێ لەبارەی قەسابخانەکەی میانمار لە بۆرما

ڕێبوار سیوەیلی *

بۆ گوڵان نووسیوێتی

**سەرەتا:**

ماوەیەك لەمەوبەر هاوڕێیەك بە گلەییەوە بۆی نووسیبووم: ئەوە چۆنە من لەبارەی هەموو شتێکەوە دەنووسم، کەچی ئەو قەسابخانەیەی لە بۆرما بۆ موسوڵمانان دروستکراوە، سەرنجم ڕاناکێشێت! ئەو نەیدەزانیی من هێشتا لە شۆکی ڕووداوەکەدام و نامەوێت بەسەر پێی لەبارەیەوە قسان بکەم، منیش نەمدەزانیی کە هەمیشە ڕووداوەکان بیرکردنەوەمان لە شوێنێکەوە دەهەژێنن، کە خۆشمان نازانین سەرچاوەکەی چییە. سوپاسی ئەو هاوڕێیە دەکەم، کە دەزانم لە هەستی مرۆڤانە و کوردیانە و باوەڕداریانەیەوە ئەو چاوەڕوانییەی لە من هەبوو..

**ڕووداوەکە:**

بۆرما هیچکاتێك بێ توندوتیژیی نەبووە. جۆرج ئۆرویل لە یەکێ لە بەرهەمەکانیدا، کە ساڵەها لەوەوپێش خوێندومەتەوە، بە جوانی بەرجەستەی ئەو توندوتیژیی و ململانێیەی کردووە. ئەو وڵاتە لەبەر پێشینە کۆڵۆنیاڵیستەکەی لەلایەن بەریتانیاییەکانەوە، هەرگیز بێ کێشەی ئایینی و ئەتنیکی نەبووە. ئەمەش یەکێکە لە دیارترین پاشکەوتەکانی کۆڵۆنیاڵیزم کە بۆتە هۆی پیسکردنی ژینگەی پێکەوەژیانی کولتوور و ئایینەکان، هەروەکچۆن فۆرمە داگیرکاری و کۆڵۆنیاڵیستەکانی ئێستاش ژینگەی هەناسەدان و کەشوهەواو ئەتمۆسفێر پیس دەکەن. کۆڵۆنیاڵیزم لە فۆرمە سەرەتاییەکەیدا، ژینگە پیسکەر نەبووە، بەڵام پەیوەندیە لۆکاڵییەکانی نێوان گەلان و ئایین و کولتوورەکانی ژەهراوی دەکردن. بۆیە بۆرما، باجی ئەو ژەهراویی بوونە دەدات و لەگەڵ ئەوەشدا بزووتنەوە ئاشتیخوازەکان هەرگیز بەم ناوچەیە نامۆ نەبوون. هەر لەبەر ئەوەش خانمەژنێکی ئەو وڵاتە خەڵاتی نۆبڵی بۆ ئاشتی وەرگرتووە.

بەڵام ئەو قەسابخانەیەی ماوەیەك لەمەوبەر و تاکو ئێستاش، بۆ لەناو بردنی مسو ڵما نا نی هەرێمی میانمار خراوەتە گەڕ، بێنمو نە یە . توندوتیژیی و شەڕانییەتێك، کە مرۆڤ دووچاری شۆك دەکات. سەرەتای تەقینەوەی ڕووداوەکە لە کوشتنی کچێکی بوودایی بە دەستی دوو مسوڵمان دەستپێدەکات و ئەمجا تۆڵەکردنەوەی گرووپێکی بوودایی لە مسوڵمانان، لەوانەی دوورونزیك پەیوەندییان بەو ڕووداوەی یەکەمەوە نەبووە و بێگوناهن. بەڵام ئایا کێشەکە لەو ڕووداوەوە دەستپێدەکات؟ بە بڕوای من سرووشتی ڕووداوەکە شتیترمان پێدەڵێت، شەڕانییەتی پشتەوەی قەسابخانەکە بەدیارخەری توانای ئیرادیانەی مرۆڤە بۆ وێرانکردن و کوشتن، بەبێ ڕەچاوکردنی ئەو فیلتەرە ئایینیانەی بکووژ هەیەتی.

**خوێندنەوەی ڕووداوەکە لە چەند خاڵێکدا:**

یەکەم شت کە من لەم ڕووداوەی دەخوێنمەوە، ئەوەیە میانمار، کە لەسەدا بیستی مسوڵمان و لە سەتا حەفتای بوودایی و ئەوانیتریش سەربەئایینی ترن، وەك ئایینی مەسیحی، وڵات و هەرێمێکی فەرامۆشکراوی جیهانی ئەمڕۆیە. گلۆباڵیزم و جیهانگەرایی هێشتا نەگەیشتۆتە زۆر شوێن و زۆر ناوچە لە جیهاندا هەن، کە لەدەرەوەی جیهانگەرایی دەژین. گلۆباڵیزم چەندە سنوورەکان دەکاتەوە، ئەوەندەش بەپەراوێز دەخات، ئەوەندەش قوربانیی و مرۆڤ و کولتووری لەبیرکراو دروستدەکات. ئەمە لۆژیکی جیهانیی نوێیە: ئەگەر لە چوارچێوەی جوگرافیای جیهانگەراییدا بێت، بۆی هەیە سەیارەی فریاکەوتنت بگاتێ و ببرێی بۆ نەخۆشخانە، ئەگەر لە دەرەوەی ئەو جیهانە بیت، دەبیتە قوربانیی و بە تەنیایی دەمێنیتەوە. ئێمە بەهۆی ئەو ڕاگەیاندنە باوەی کە هەیە و تەنیا هەوڵی ئەو دنیایەمان بۆ دەگوێزێتەوە، کە دەچێتە چوارچێوەی گلۆباڵیزمەوە، وا دەزانین جیهان هەر تەنیا لەو وڵاتانە پێکدێت، کە ڕۆژانە لە هەواڵەکانەوە دەیبیستین. گلۆباڵیزم چەندە دیدی ئێمەی لەسەر جیهان کردۆتەوە، ئەوەندەش ئەو بەشەی جیهانی لێشاردوینەتەوە کە هێشتا دەستی گلۆباڵیزمی نەگەیشتۆتێ.

دووەم شت ئەوەیە، کە ڕقی پشتەوەی ئەم ڕووداوانە، ڕق و قینەیەکی کەڵەکە بووە و ئەنجامی کوشتنی خانمەکە بەدەستی مسوڵمانان نییە، هێندەی ئەوەی ئەنجامی کەڵەکەبوون و چڕبوونەوەی ڕقی کەسەکانە لە یەکتر، کە سەر بەئایینی جیاوازن. ئەم خاڵە لە ڕوونکردنەوەی بنەما جەوهەرییەکەی شەڕانییەت و ئەهریمەنزیمی سەرەتایی بوونی مرۆڤدا، یارمەتیمان دەدات. مرۆڤ بوونەوەرێکی نەك هەر شەڕانییە، بەڵکو سەرسووڕهێنەریشە



له بەرجەستەکردنی شەڕانییەتی خۆیدا. هیچ ئاژەڵێك هێندەی مرۆڤ ناتوانێ بەرجەستەکەری شەڕانییەت بێت. هیچ ئاژەڵێکیش ئەوەندەی مرۆڤ بەشەڕانییەت، ناشیرین، سووك و بەتاڵ نابێتەوە لە مرۆڤبوون. ڕۆحێکی قەبیلەیی مرۆڤی داگیر کردووە، فرۆید لەمەدا ڕاستیی گوتووە، کە شارستانییەت لە ڕووپۆشێك، یان ماسکێك زیاتر نییە کە مرۆڤ بەهۆیەوە دڕندەیی غەریزەیی و زگماکیانەی خۆی دەشارێتەوە.

سێیەم خاڵ کە من لەم ڕووداوەوە تێیدەگەم، ئەوەیە کە کولتوور، یان ئایین و ئەبێ و نابێکانی، هیچکاتێك ناتوانن و نەیانتوانیوە فیلتەرێکی ئەخلاقیی یەکلاکەرەوە بۆ بڕوادارانیان دابنێن، تا دووریان بخەنەوە لە کوشتنی ئەویتر بەدوور لە میزاج و سرووشتی جەوهەریانەی مرۆڤ خۆی.

فیلتەرە ئەخلاقیەکانی ئایین لە مێژووی گشت ئایینەکاندا کاتێ ویستبێتی سنوور بۆ بڕوادارانی دابنێ، شکستی خواردووە و توانای غەریزەیی مرۆڤ بۆ شەڕانییەت، باڵادەست بووە بەسەر سنوورە کولتوورییەکاندا. مێژووی ئایینی یەهوودی، مەسیحی و ئیسلام پڕن لە کوشتوکوشتاری مرۆڤانە بەناوی ئایینەکانیانەوە. ئاشتیی لە ئایینەکاندا ڕیزپەڕێکی، یان لە ڕێسابەدەرێکی (استثناء) کولتوورییە، نەك ڕێسا (قاعیدە)یەکی ئیمانی! ئەمە ئەو خاڵە ناسك و مەترسیدارەی بەشداریی ئایینەکانە لە تەواوکردنی خواستە غەریزەییەکان. ئەمە ئەو دەلاقەیەیە کە ئایین بۆ شەڕانیەتی مرۆڤی دەکاتەوە و ڕێی پێدەدات بەناوی هەر پیرۆزییەکەوە، شەڕانییەت بنوێنێ. هێچکاتێ هوشیاریی ئایینی ناگاتە ئەو ئاستەی لە بڕوادارانی خۆی حاڵیی بکات، ئایا هەموو شتێ بەناوی ئایینەکەمەوە، باش و ڕەوایە بیکەم، یان ئەمەی دەیکەم، بەرجەستەکەری ناخی خۆمە؟ مەراسیمی قوربانی لە ئایینەکاندا، بەهەر هۆکارێکی پیرۆز و پاساوێکی میتافیزیی بێت، بەشێکە لەم دەرگاکردنەوەیە لەسەر شەڕانیەتی غەریزەیی مرۆڤ. خۆزگە لە ئاییندا قوربانیی نەدەبوو، چونکە لە دوای قوربانیکردنی هەر شتێکەوە، کوشتن ڕەوایەتی وەردەگرێت. قوربانییکردنی هەر شتێك، سەرەتایە بۆ بەقوربانیکردنی مرۆڤیش..

چوارەم خاڵ ئەوەیە، کە ئەمەی لەپشت ئەم کوشتار و تراژیدیایەوەیە، ئایینی بوودایی نییە، وەك هەندێك لە لای خۆمان و لە ئەنجامی یەکلابینیی ئایینییەوە، بانگەشەی بۆ دەکەن، بەڵکو ئەوە تەنیا و تەنیا سرووشتی مرۆڤ خۆیەتی کە چۆك بە پەیامی ئایینی خۆی دادەدات و لێی یاخیی دەبێت. ئەگەر ئەم قەسابخانەیە لەسەر ئایینی بوودایی و گشت بوودایییەکانی جیهان حساب بکەین، ئەوە دەبێت هەمان لۆژیك بۆ ئەو توندوتیژی و خوێنڕێژییەش قایل بین، کە مسوڵمانان بەناوی ئیسلامەوە دەیکەن. بۆیە پاساو هێنانەوە بۆ ئەم قەسابخانەیە لەدەرەوەی توانایی مرۆڤ خۆی و خستنەپاڵی ئایینی بوودایی کە بکوژان هەڵگرنی، هیچ ناگەیەنێ لە گواستنەوەی هۆکارەکە لە مرۆڤ خۆیەوە بۆ ئایینەکەی، هیچ ناگەیەنێ لە چاوپۆشیکردن لە شەڕانییەتی غەریزەیی و کردنی بە شەڕانییەتی ئایینی و کولتووری..

پێنجەم خاڵ ئەوەیە، کە هەر ئایینێك لەسەر دەستی بڕوادارەکانی تووشی لادان و گرتنەبەری لاڕێ بوو، یان نەیتوانیی بنەماکولتووریی و عەقیدەییەکانی خۆی نوێ بکاتەوە و لەگەڵ جیهانی ئەمڕۆکەدا بیانگونجێنێ و کارایی خۆی لە ئێستادا بسەلمێنێ، دووچاری قەیران هاتووە و وەك دەوارێکی لێدێت کە بەدەستی ژێرنشینەکانی خۆی، لەتوپەت دەکرێت تا هەریەکەیان کەمێ لەولاتر، ئەو پارچەیەی پچڕیوەتی بیکاتە چەتر و کەپری خۆی. هەتا دەوارەکە وەکخۆی بمێنێ، جێگەی هەمووان دەبێتەوە و سێبەری فراوان، بەڵام لە پارچەپارچەبوونیدا هەم بەرتەسك و هەم بێ سێبەر دەمێنێتەوە.

ئەمڕۆ لە جیهاندا هیچ ئایینێکی یەهوودیی، مەسیحیی و ئیسلامیی یەکدەست و یەکگرتوومان نییە. هیچ فۆرمێکی یەکگرتووی ئایینیمان لە ئێران، سعودیە، هیندستان، چین، یان خۆرئاوای مەسیحیی نییە. تەنانەت لە ئیسرائیلیش یەهودییە بنەماخوازەکان و یەهودیزمی مێژوویی جیاواز بیر دەکەنەوە. ئەوەی پێدەگوترێ ئایین، بریتیە لە لێکدانەوەی تۆپۆگرافیانە و جوگرافیانەی ئایین لەلایەن ئاراستەی جیاواز و مرۆگەلی جیاوازەوە، بۆ ئایین. هەمان پارچەپارچەکردنی دەوارەکە! ئەوەی دەبینرێ هیچ نییە جگە لە فەرزکردن و بە بەدیلکردنی میزاجیی مرۆیی لەجێی پەیامیی خودایی. لە یەك سەرچاوەیی و یەك خودایی ئایینەکانەوە، لە پێکەوەژیان و کاریگەرییانەوە لەسەر یەکتر، تا فرەمیزاجیی باوەڕدارانیان و ئەو کوشتوبڕەی لێی دەکەوێتەوە، عەرد و ئاسمان لەنێواندایە. ئەمڕۆ ئایینەکانیش بوونەتە قوربانیی بڕوادارەکانیان و جیهانبینیی خودایی بۆ ژیان و بوون، لەسەر پرانسیپی یەکخستن و ڕێکخستن، کە سرووشتی مێژوویی ئایینەکانە، شوێنی خۆی بۆ میزاجیی مرۆیی چۆڵکردووە، کە لە غیابی کولتووردا ئاراستەی شەڕانییانە بەخۆیەوە دەگرێت و وێرانە بەرپا دەکات. ئایینەکان هەموویان هاتونەتە ناو مێژووە و جڵەویان کەوتۆتە دەستی مرۆیەکان..

خاڵێکی تر ئەوەیە، کە ئەمڕۆ مسوڵمانانی بێگوناهی میانمار، وێڕای هەوڵدانە مرۆڤدۆستیەکان و چالاکوانانی مافی مرۆڤ، بەتەنیان. بە تەنیا ئازار و جەوری ئەو شمشێر و چەقۆ و سووتان و گوللانە دەچێژن کە لەلایەن بوودایییە توندڕەوەکان و پشتیوانەکانیان لە حکومەتی بۆرما، بە زۆر ئاراستەی جەستەی مرۆیی پڕ هەستیان دەکرێت. بەڵام لەبیریشمان نەچێت، دوێنێش بوودایییەکانی

**گلۆباڵیزم چەندە دیدی ئێمەی لەسەر جیهان کردۆتەوە، ئەوەندەش ئەو بەشەی جیهانی لێشاردوینەتەوە کە هێشتا دەستی گلۆباڵیزمی نەگەیشتۆتێ**

**فرۆید لەمەدا ڕاستیی گوتووە، کە شارستانییەت لە ڕووپۆشێک، یان ماسکێک زیاتر نییە کە مرۆڤ بەهۆیەوە دڕندەیی غەریزەیی و زگماکیانەی خۆی دەشارێتەوە**

**ئەگەر ئەم قەسابخانەیە لەسەر ئایینی بوودایی و گشت بوودایییەکانی جیهان حساب بکەین، ئەوە دەبێت هەمان لۆژیک بۆ ئەو توندوتیژی و خوێنڕێژییەش قایل بین، کە مسوڵمانان بەناوی ئیسلامەوە دەیکەن**

**هەڵوێستی کوردیانە و مرۆییانەی ئێمە لەمەشدا جیاوازە لە هەڵوێستی مرۆڤایەتی و مسوڵمانی دیکەی جیهان، چونکە ئێمە خۆمان پێشتر ئەمجۆرە ئەزموونەمان بینیوە و تەجرەبە کردووە**



خۆرهەڵاتی دوور بەتەنیابوون کە بەدەستی مسوڵمانە توندڕەوەکان، پەیکەری بوداکەیان شکێنرا و هەر ڕۆژەش بڕوادارانی دیکەی سەر بەئایینەکانیتر، بەتەنیان، کە باجی بڕواداربیەکەیان بە ڕۆح و جەستەی مرۆیی خۆیان دەبەخشن بەبێ ئەوەی لەدژی، یان بەناوی هیچ ئایینێکیترەوە، گوناهێکیان کردبێت. لێرەدا بۆمان ئاشکرا دەبێت، کە پرانسیپی تۆڵەکردنەوە، یان دووژمنایەتیکردنی ئایینی، تەنیا یەك ئەنجامی لێدەکەوێتەوە، ئەویش ڕاستکردنەوەی هەڵە بە هەڵە، تاوان بە تاوان. خۆزگە لە هیچ ئایینێکدا ئەم یاسایەش نەدەبوو، کە دیسانەوە تیایدا ئەقڵی گەردوونی بە پەراوێز دەخرێ و ئەقڵی مرۆیی بەرتەسك جێگەی دەگرێتەوە.

خاڵێکی تر کە لەسەری دەوەستم، ئەمەیە: ئایینەکان ئەو دەمەی جەماوەریان زۆر دەبێت، ڕەنگیی جەماوەرەکەیان دەگرن. میزاجیی جەماوەرەکەیان و حەماسەی نائەقڵانیی جەماوەرەکەیان، بەسەر تەقییە و شەرم و مەنعی ئایینیدا زاڵ دەبێت و کورتبینیی میزاجیانە جێگەی جیهانبینیی ئاسمانیانە دەگرێتەوە. ئەوەندەی ئاگادار بم، چ لە ئایینی مەسیحی و چ لە ئایینی ئیسلامیشدا، بڕواداری تێگەیشتوو، زانا و ئاقڵ باڵادەستکراوە بەسەر بڕواداری نەزان و ناهووشیار و نا حاڵی. ئاگۆستینی قەدیس مەسیحییەکی ئاوەزمەندی (هووشیار) بەلاوە گرنگتر بوو لە مەسیحییەکی نەزان، هەروەك چۆن پەیامبەری مسوڵمانانیش دانایی بۆ مسوڵمان کردۆتە مەرجی ئیمان. جەماوەرزۆری بۆ ئایینەکان بەڵایە، نەك شیفا. بزووتنەوە مەعنەویە مەزنەکان، عاریف و متەسەووفە ناودارەکان، شاعیرانی عاشق بە جوانی و کەماڵی خودا، هەموویان مرۆڤی سەردەمی هووشیاریی ئایینی و خەڵوەتی ئایینین، کە هێشتا ئایینەکانیان، ئەوەندە نیشانەی بیماری جەماوەر زۆرییان پێوە نەبوو. ئەوانەی بانگەوازیی ئایینی دەکەن، نابێت ئەوەیان بیر بچێت، کە بڕواداران بە دانایی و ئەقڵ ئاشنا بکەنەوە. گەردوون و جیهان بۆخۆیان بەرەنجامێکی (ئەقڵی گشتی)ی و کاملن، هەروەکچۆن ئایین بۆخۆیشی بەرەنجامێکی تری هەمان ئەقڵی دانا بە هەموو شت و توانا بە هەموو شتە کە لە پشت ڕێکخستنی گەردوون و جیهانەوەیە. بەمجۆرە جەماوەر زۆری بۆ ئایینەکان دەکرێ ئەو ناکۆکەی لێبکەوێتەوە، کە میزاجیی زۆریی ژمارەیی بەسەر نەوعییەتی ئەقڵیدا باڵادەست بێت و سەرلەبەر ئایین لە لۆگۆس جیا بکاتەوە..

بۆیە بەدیلی ئەم قەیرانە ئایینیەی جیهانی گرتۆتەوە، زۆرکردنی ژمارە و تەنینەوەی بەهەر هۆکارێکی ئایینەکان نییە، بەڵکو هووشیارکردنەوەیە بە ئاشتیی و گفتوگۆ و لێبووردەیی، کە هەموویان پێکهاتەی ئایینە مەزنەکان و ئەو کولتوورەن ئەو ئایینانەی لەسەرەوە بینابوون. ئایینەکان لە جیهانی گلۆباڵدا پێویستیان بەوە نییە، لەهەر شوێنێ جەماوەریان هەبوو، تەسلیمیان ببن، ئەگەر نەزانن ئەو جەماوەرە جەماوەری باوەڕدارن، یان تەنیا ئاپۆرەیەکن لە ئاژەڵە دووپێکان، کە غەریزەکانی خۆیان لەژێر پەردەی ئایینەکاندا بەتاڵ و خاڵییدەکەنەوە.

دوایین خاڵ کە لەبیرمدا بێت و قسەی لەبارەوە بکەم، ئەوەیە کە سیاسەتی جیهانی لە دنیای ئەمڕۆکەدا بەتاڵبۆتەوە لە ئەخلاقی مرۆیی و هاودەردیی نێوانمرۆیی. ئەگەر میانمار و کۆمەڵگای مسوڵمان لەو وڵاتەدا، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە بەرژەوەندیە ئابووری و سیاسیەکانی سیستەمی سەرمایەداریەتی جیهانیی و ئۆرگانەکانیەوە دەبوو، ئەمێستا لە مێژبوو مسوڵمانانی ئەو وڵاتە لەو قەسابخانەیە ڕزگار و پارێزراو دەبوون. هەستی ئەخلاقیانەی مرۆڤ، جێگەی خۆی بۆ بەرژەوەندیی ئابووریی و ئەخلاقی چەتەکانی بازاڕ چۆڵکردووە. بۆیە دەبێت لەناو ئەم سیستەمە جیهانگرەوە بێمانایەدا، کەسانێك لەوپەڕی جیهاندا بەبێ تاوان بکوژرێن، لەبەر ئەوەی شوناسیی ئایینی و باوەڕدارییان یەکسانکراوە بە شوناسی مرۆییان. ئەوان ناکوژرێن لەبەر ئەوەی مرۆڤن، بەڵکو لەبەر ئەوەی مسوڵمانن..

**کۆتایی:**

مرۆڤ بەدەستی خۆی نییە، هەستی مسوڵمانانەی دەجوڵێ و ویژدانی مرۆییت بریندار دەبێت، نەك لەبەر ئەوەی دیمەنەکان ترسناکن، لەبەر ئەوەی لە جەستەی من و یادەوەریی ئێمەدا، جۆرێکیتری کوشتن و جینۆساید هەیە، بەرامبەر بە گەلێك، نەك لەبەر ئەوەی مسوڵمانن، بەڵکو لەبەر ئەوەی کوردین. بۆیە بەلای منەوە، کاتێ تەماشای ئەو دیمەنە ترسناك و دڕندانەیەی میانمار دەکەم، هەم مرۆڤبوون و هەم مسوڵمانبوون و هەم کوردبوونیشم ئازاریان پێدەگات. ئەو دیمەنانە، تەنیا لە جوگرافیا و ڕێکەوتی ڕوودانیاندا لە ئێمەوە دوورن، دەنا جەستە و بیرەوەریی و ویژدانیی ئێمە پڕن لەو دیمەنانە. هەڵوێستی کوردیانە و مرۆییانەی ئێمە لەمەشدا جیاوازە لە هەڵوێستی مرۆڤایەتی و مسوڵمانی دیکەی جیهان، چونکە ئێمە خۆمان پێشتر ئەمجۆرە ئەزموونەمان بینیوە و تەجرەبە کردووە. هەر بۆیەشە لە ئاستی جیهانی ئیسلامیی و دەوڵەتانی مسوڵماندا، بە هەموو بانگەشەو پڕوپاگەندە ئایدیۆلۆژیەکانیشیانەوە، هێندەی ئازاریی ویژدانیی مرۆڤی کورد و مسوڵمانانی ئەم وڵاتە، هەڵوێستی ئەخلاقیی و مرۆیی و ئایینیان نییە.

خودایە سوپاس، کە لەناو میللەتێکدا چاوت کردینەوە، کە ناتوانێ مرۆڤبوون و کوردبوون و ئاییندارییەکەی لێکتر جیا بکاتەوە، بەبێ ئەوەی بیانکاتە خاڵی ڕق و تۆڵەکردنەوە و هەدادان و بەرگەگرتنی ئەو ئازارانەی کە سەرچاوەکەیان لە هەزاران کیلۆمەتر دووریەوە سەرچاوە دەگرن و کەچی ئەم لە یادوەریی خۆیدا دەیانناسێتەوە.

*** سەرۆکی بەشی فەلسەفە کۆلیژی ئەدیبات زانکۆی سەلاحەدین**